مۆئمین زەڵمی

# جۆماڵ

کۆمەڵە وتار

2020

- ناوی کتێب: جۆماڵ
- ناساندن: کۆمەڵە وتار
- نوسەر: موئمین زەڵمی
- جۆر: رۆشنبیری-سیاسی
- ساڵی بڵاوکردنەوە: 2020

# له جیاتی پێشەکی

**خوێنەری بەڕێز ..**

**ئەم کتێبەی بەردەستت کۆکراوەی چەند وتارڕێکی سیاسی و رۆشنبیری گشتییە کە لە ماوەی ساڵی رابردوودا لە رۆژنامەو دەزگا میدیاییەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، بە تایبەت رۆژنامەی ژیان، ناوەندی چاوی کورد و رۆژنامەی وشە.**

**وتارەکان باسی واقیعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و لەو ماوەیەدا کە بڵاوکراونەتەوە فۆکەسیان لەسەر رووداوەکانی رۆژ بووە.**

**لە پێناو ئەرشیفکردنی کۆمەڵە وتارەکەدا لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێز دەکرێن.**

**لەگەڵ ڕێزدا ...**

**نوسەر**

# تێگەشتن لە ململانێ ناوخۆییەکان!

لێرەو لەوێ ناوبەناو دان لە یەکتر جیڕکردنەوە و هەڕەشەی سۆشیاڵ میدیا دێتە ئاراوە، هەندێ جار توند و هەندێ جاریش هێواشتر، ئەمانە ڕەنگە بکرێ لە دیوە سیاسییەکەوە خوێندنەوەی شەڕی بۆبکرێت، بەڵام دەکرێ لە دیوی جیاوازتریشەوە لێی بڕوانین، بەتایبەت کاتێک باس لە تاکی کوردی دەکەین وەک جەمسەرە سەرەکییەکەی ژیانە کۆمەڵایەتییەکە.

لەم وتارەدا هەوڵ ئەدەم بە کورتی وەڵامی سێ پرسیار لە سەر ئاشتی و شەڕ و ململانێ بدەمەوە، کەلە ماوەی ڕابردوودا بۆ باڵکێش، وەڵامەکانم خستوونەتەڕوو؛ شەڕ بوونی هەیە و ڕاگیراوە، یان جاروبار کەسانێک دروستی دەکەن؟ لە پشتی ململانێکانەوە بەرژەوەندی دەستە و تاقمەکان دەبینیت، یاخود نەخێر شەڕ لەم وڵاتە جۆرێکە لە سیاسەت؟خەڵکی ئێمە پاڵنەرن بۆ پێکدادانی حیزبەکان، یاخود حیزبەکان سوود لەو ململانێیانە دەبینن بۆیە بەردەوام هەیانە؟

شەڕ، بەیەکداچوون و گرێوگۆڵبوون و لەنگبوونی پێکەوە هەڵکردنەکانە، من وایدەبینم لە هەر کاتێکدا پێکەوەبوون یان پێکەوەهەڵکردن لارەی تێکەوت ئیتر شەڕیش نەبێت مانەوە خۆی سەرئێشەیە.

بەهەموو پێوەرەکان لەهەرێمی کوردستان ئێمە ئەم قۆناغانەمان تێپەڕاندووە، بۆیەش چ ئەوانەی لە پێکەوەبوون و پێکەوەهەڵکردن

وەڕس بوون و چ ئەوانەشی هەر تای دەهۆڵکوتانیان بەرزە، نائومێدی زیاتریان بۆ نامێنێتەوە، ئێمە میللەتێکین پێکەوەبوونی زۆرمان پێویستە، لە مزگەوت و زانکۆ و قوتابخانە و چاخانە و کافێ کانیشدا پێکەوە نەبین هیچ چێژێک لە ژیان نابینین، بۆیەش بە بڕوای من ئەو کەسانەشی جاروبار باسی شەڕ دەکەن هەر وێڵییەتیەکە دەیانگرێتەوە لە سەر ڕێڕەوی پێکەوەژیان.

کۆمەڵگەی کوردی زۆر دەمێکە دابەشبووە و تا دێت ئەم دابەشبوونەش وردتر دەبێتەوە، جاران لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئێمە دابەشبوونەکە لەسەر ئاستی ڕەنگەکان بوو ئیتر هەر گردێک ڕەنگێکی دەگرت، بەڵام ئێستا لە پشت ململانێکانەوە یەک ڕەنگ نابینیت، یانی کاتێکیش بەسەر دوو گرد و تەپۆڵکەوە رووبەرووی یەکتر دەبینەوە، دابەشبوونی ڕەنگەکان نیە، یانی دەستە و تاقم و زۆرجاریش شەخسن رووبەرووی یەک دەبنەوە، بۆیەش بەرژەوەندی حزبی و بەرژەوەندی ڕەنگەکانیش ئێستا لە شەڕدا نیە، بەڵکو ئەوە بەرژەوەندی خزمییە هەندێ جار سەری بۆ تۆخکردنەوەی شەڕ دەخورێت.

کۆمەڵگەی ئێمە زۆرینەی ڕەهای حزبییە، بۆیەش زۆر زەحمەتە حزب و خەڵک لە یەکتر جیا بکەیتەوە، دەی هیچکامیشمان بەرژەوەندیمان لە شەڕدا نیە تا دەهۆڵی بۆ بکوتین، ئێمە بە دڵنیاییەوە دەیڵێمەوە قۆناغی پێکدادانمان لەسەر هەموو ئاستەکان تێپەڕاندووە، یانی ئەندامانی حزبەکان کە خەڵکن، جارێکیتر شەڕیان ناوێ و شەڕیش ناکەن، ئەسڵەن لەململانێش وەڕسن، کەواتە ئەی کێن ئەوانەی شەڕیان دەوێ؟

**بێگومان ئەوانەن کە بەرگەی پێکەوەبوون و پێکەوەهەڵکردن ناگرن، دەی ئەم هێلکەیەش تەنها لەسەر گوریسی پێکەوەژیان دەوەستێت، هەر کاتێ لەنگی لە پێکەوەبووندا دروست بوو، هێلکەی ئەو شەخسانەش پیس دەبێت و ناچار دەبن سەری خۆیان توند ببەستن.**

# چۆن لە مافی مرۆڤ تێبگەین؟

ئەگەرچی چەمکی مافی مرۆڤ پاش جەنگی دووەمی جیهانیو دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی 1945 ەوە هاتە ناو باسوخواسە ئەکادیمیو زانستییەکان، بەڵام ئێستادا بەگشتیو لەهەرێمی کوردستانیش نزیکتر جیاکردنەوەی سەخت بووە لەنێوان کردارو گوفتاردا، بۆیەش لەم پارچەیەدا تیشکێکی دەخەمەسەر.

مافی مرۆڤ کورتو پوخت باوەڕبوونە بەو مافانەی پێویستە لەسەر مرۆڤ هەبن، لەئایینو ڕەنگو ڕەگەزو نەژادو نەتەوەو جوگرافیاو بارودۆخو ئازادییەکانو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو باشو خراپییەکانو تەنانەت ئەو هەڵانەی مرۆڤ لەبوارە جیاوازەکانو کایەکانی ژیانیدا ئەنجامیان دەدات، چونکە خودا ئازادی بەخشیوەتە مرۆڤەکان.

ئایینە جیاوازەکانیش تیشکێکی فراوانیان خستۆتە سەر مافی مرۆڤو ئیسلامی پیرۆزیش لەچەندین دەقدا جەختی لەسەر مافی مرۆڤو ئازادی مرۆڤو کۆتاییهینان بەجیاکارییەکان کردۆتەوە، ئایەتی «إِنَّ أَكرَمَكُم عِندَ اللَّهِ أَتقىٰكُم» (حجرات: 13)،و فەرمایشتی پێغەمبەر (د.خ) لەمەراسیمی فراوانی حەجی ماڵئاواییدا وردترئەو بابەتەی تۆخکردۆتەوە « ىٰا أَىُّهَا النَّاسُ، أَلْا إِنَّ رَبَّكُمْ ۆاحِدٌ، ۆإِنَّ أَبَاكُمْ ۆاحِدٌ، أَلْا لْا فَضْلَ لِعَرَبِىِ عَلْى أَعْجَمِى، ۆلْا لِعَجَمِىّ عَلْى عَرَبِ، ۆلْا لِأَحْمَرَ عَلْى أَسْۆدَ، ۆلْا أَسْۆدَ عَلْى أَحْمَرَ إِلَّا بِالتَّقْۆى»، قسە بەناوبانگەکەی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابیش وەك سەنەدێکی ئایینی لەچاوخستنەسەر

تەوژمی ئایینی بۆ مافی مرۆڤ بۆ هەمیشە دەدرەوشێتەوە "چۆن مرۆڤەکان دەچەوسێننەوە لەکاتێکدا ئەوان بەئازادی لەدایکبوون."

لە لایەکیتریشەوە یەکێك لەبنەماکانی مافی مرۆڤ پاراستنی کەرامەتو شکۆی مرۆڤە، عیزەەتو کەسایەتیو پێگەی بەرزو تەنانەت شەرەفیش دەگرێتەوەو مرۆڤ بەهەموو بوونیەوە پێویستە لەسەنتەری رێزو گەورەییەکاندا بمێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ باوەڕبوونە زارەکییەکان، لەگەڵ بوونی مادە دەستورییەکانو یاساو پرۆژە یاساکانی مافەکانی مرۆڤو بوونی هەزاران سەنتەرو رێکخراوی نێودەوڵەتیو جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئێستا دەبینین رۆژبەرژ توندوتیژیو تیرۆرو جەنگو تاوان لەزیادبووندایە، بەشێوەیەك مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پێشێلو پایەماڵ دەکرێن وجارێکیتر پێناسەکردنەوەو پێداچوونەوە بەمافی مرۆڤو تێگەشتنو کارپێکردنەکانی بووەتە ئەمری واقیع.

لێرەشەوەیە پرسیارە گرنگەکان دێنە پێشەوە، ئایا بۆچی بەم هەموو تێگەشتنەوە پرسی مافی مرۆڤ هەر قسەیەو ناچێتە جێبەجێکردنەوە؟ بۆچی هەمووان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو ناوخۆییو تەنانەت ناوخۆی حزبەکانیشدا مافی مرۆڤو ئازدییەکان پێشێل دەکەن، بۆچی سەخترین جۆری خەمخواردن ئێستا پێشێلکردنی مافی تاکە لەناو حزبەکەیو لەشوێنی کارەکەیدا؟

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەبینین پرسی مافی مرۆڤ بەنەتەوەکان ڕەوا نابینرێت، حکومەتی شەرعییەت لەمیسر لەپەلوپۆ دەخرێت، شۆڕشی لیبیاو یەمەنو سوریا تەفروتونا دەکرێت، مافی ریفراندۆمی

گەلی کورد لەهەرێمی کوردستان پێشێل دەکرێتو پشتیوانانی نێودەوڵەتی کورد لەسوریا ناچاری باجدان دەکەن، لەولاشەوە رۆژئاواییەکان لەفەلەستینو بەحرەینو سوریاو عێراقو ئەفغانستان خراپترین جۆری مامەڵە لەگەڵ مرۆڤە رۆژهەڵاتییەکان دەکەن، بۆیەش زۆرجار تێگەشتنەکان پێچەوانە دەبنەوە، وەك بڵێی مافی مرۆڤ چەکی زلهێزەکانە بۆ دامرکاندنەوەی میللەتانی ژێردەستەو لاواز.

ڕەنگە خاڵی گرنگ لەپرسی مافی مرۆڤدا ئەوە بێت بێدەنگییەکان، یان ناپابەندیو ناکردارییەکان دەردەخات، ئەوەتا زۆرێك لەو وڵاتانی سەرزەوی مافی مرۆڤ پێشێل دەکەنو لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیاندا دایدەتاشنو تەنانەت ئەو وڵاتانەش خۆیان بەپارێزەری مافی مرۆڤ دەزانن دنەی ناپابەندییەکان دەدەن.

من چاوم لەسەر مافی مرۆڤە لەبازنە بچوکەکاندا، بۆ نمونە لەناو حزبە سیاسییەکاندا، بۆچی مافی مرۆڤو مرۆڤسەنتەری هێندە کزۆڵن، بۆچی بەو شێوە بەرفراوانە پێشێل دەکرێنو مامەڵەیان پێوە دەکرێت، ئاخر بانگەشەکارانی مافی مرۆڤ نەتوانن لەناو ڕێکخراوەکانو حزبەکانیان مافی ئەندامانیان بدەن چۆن دەتوانن بانگەشەکارێکی راستگۆیی جێبەجێکاری مافی مرۆڤ بن لەسەرزەویدا، بەداخەوە مافی مرۆڤیش بووەتە قوربانی سیاسەت.

ئێتر ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پێویستمان بەتێگەشتنو کارپێکردنو خستنەگەڕی بەندەکانی مافی مرۆڤە، لەژیانێکی ماندووی وەڕسدا، لەرۆژگارێکدا مرۆڤ بەرەو مەکینەبوون دەگەڕێتەوە، کاتی ئەوەیە قۆناغی گواستنەوەی باوڕبوون بەمافەکانی مرۆڤ لەقسەو بەیاننامەوە بگوازرێتەوە بۆ هەڵوێستو کردار بۆ ئەوەی پشوویەك بداتە مرۆڤە ماندووەکانی سەرزەوی.

# نان و پەروەردە!

لەڕابردووی خەباتی شۆڕشگێڕیدا هەمیشه به دروشمی سەرەکی نان و ئازادی بووە، به شێوەیەک لەزۆرینەی شۆڕشەکاندا ئەم دوو بەها گرنگەی ژیان به نیشانەی بەردەوامی ژیانێکی شکۆمەندی دادەنران، بەڵام ئازادی بەدەست هات و نانیش بەخشرا، کەچی بۆشاییەکی گەورە به پڕ نەکراوەیی مایەوە و وای کرد که هەم ئازادییەکه گرفتی تێ بکەوێت وهەم نانەکەش کەم بکات. بۆ تێگەشتنی زیاتر لەو بۆشاییه که پاش خوێندنەوەی واقیعەکه من به پەروەردە پڕ دەکەمەوە، لەم وتارەشدا ئەو پرسه زیاتر روون دەکەمەوە.

گرنگه بڵێم که خەڵک ئێستا ماندووی سیاسەتی ناتەندروست و شەکەتی فتوای دووفاقی ئایینیو پەیوەندی سەقەتی کۆمەڵایەتیو هەرچیو پەرچیبوونی رۆشنبیرییو نامەعریفی ئەکادیماو زانستو ناعەدالەتی تا سەرئێسقانی کەسابەتو بازارەو رۆژبەرۆژیش ئەم شەکەتبوونه پەرەدەسێنێتو ماندووترو وەڕەسترمان دەکات، ئێستا به تەنیشت خەمه گەورەکانو موئامەره دەرەکییەکانەوە خەمی گەورە خەمی ناوخۆییه، خەمێکی قووڵو درێژبووەوە تا سەر ئێسقانو پشتی میللەت.

سەرنج بدەن سیاسەتی ناتەندروست مانایەکی بۆ ئازادی تاك نەهێشتوەتەوە، ئەم ناتەندروستییه بووته مۆتەکەی گیانی ئازادی، هەمووانی کردووته قوتابی ئەودیوی تەلبەندەکەو به ستایلێکی تەواو کۆنەوە خەریکه مۆدێرنترین جۆری کۆیلاتی بەرهەم دەهێنێت که

نەك هەر پێویستی بە کۆتو زنجیر نیە بەڵکو بە پشتێنی کراوەشەوە خەریکی داڵدەدانی دەوروبەرەکەیەتی، ئایینیش دابەشکراوە بەسەر ناوچەو تاقمو دەستەجیاوازەکاندا، فەتوا وەك تەرزە بەسەر کوردستاندا دائەبارێ، فتوای دوورو نزیك، ئاسانو رەق، توندڕەوو شلڕەو، قورسترین شتەکان حەڵاڵ دەکرێنو ئاسانترین شتەکان حەرام، مانای ئایین لە بنچینەکەی خۆی شێواوەو راست نابێتەوە، ئایینداری ئێستا لە جیاتی ئازادکردنی بەندەکانی خوا بۆتە قۆرخکارو پێچەوانەی وتە ناسراوەکەی خەلیفە عومەر "بۆچی دەتانەوێ خەڵك بکەنە بەندە لە کاتێکدا بە ئازادی لەدایکبوون" مامەڵە بە دەقەکانی ئایینو ئایینزاکانەوە دەکرێت، چالاکییە رۆشنبیرییەکان سەراوژوور بوونەتەوەو میدیا بووەتە ئاراستەکراوی بێ ئامانجو میدیای زەرد لە کوردستاندا کاڵ بووەتەوە، زانستو ئەکادیمیا لە فۆڕمێکی قۆرخکراودا چەقیوە، بازاڕگەریو کەسابەت بەتەواوەتی خەریکی گوشینی قوڕگی خەڵکە.

ئەمە وەزعی نان و ئازادی بێت، ئیتر ئێمە چاوڕێی چی بین، ئەرکی دڵسۆزان لە ئێستادا راستکردنەوەی ئەو چاوەڕانییەیە بە گێڕانەوە مانای راستەقینە بۆ چەمکەکانو رواندنەوەی گیاکان لەسەر بنجی خۆیان.

شەڕمان بۆ نان کرد، بەڵام هێشتان هەر دەبێ بپرسین، ئێمە کەی فێر دەبین، چیمان پێویستە، دەتوانین چی بکەین، چۆن تێدەگەین کە ڕۆڵمان چیە لەم ژیانەدا .. ئەم هەموو هەژاری و برسییەتی و قەرزارییە دەبینین و وەک بڵێی نە بامان دیوە نەباران، خەریکی خۆمان و خێزان و سفرەکانی ئێوارەمانین، خەریکین تامێکیتر و

ڕەنگێیتر و بۆنێکیتر بۆ خوانی ئێوارە زیاد ئەکەین وهەست بە بێ ڕەنگی و بێ تامی و بێ بۆنی ئەو هەموو سفرە سارد و سڕە ناکەین .. ئێمە چ کائینێکین کە خۆمان لە بینینی هەژارەکان ئەدزینەوە و چاو لە ئاستی فەقیرییەکاندا دادەخەین، ئەزانی زۆربەمان نامانەوێ هاوار و بانگەوازی قەرزارێک و نەخۆشێک و بێنەوایەکیش ببیستین، کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکەش دەگۆڕین کاتێک دەچێتە سەر لێدوانی هەژارێک کە زبڵدانێکی ئاوەدانیشی دەست ناکەوێ بەشی ئەمڕۆ خواردنی بەرماوەی ماڵە زەنگینێکی تیا کۆبکاتەوە !

کە باسی ئازادیش دەکەین، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ئازادی دەبێت تەفسیرێکی جیددیو تەوزیفێکی واقیعی وەربگرێتەوە، هاوکێشەکان پێچەوانە بکرێنەوەو سیاسەتو ئایدۆلۆجیاو مەعریفەو رۆشنبیریو بازاڕ بخرێنەوە خزمەتی تاکو تاکە پیرۆزی هەر دەبێ مرۆڤ خۆی بێتو هەموو ئازادییەکان بە رووی خودی تاکدا بکرێنەوە. ئێمە پێویستمان بە ئازادییەکە خودی ئازادی بێت، ئاخر مرۆڤ کائینە گەورەکەیەو مێشکیشی لە هەموو قۆرتەکانو رێگرییەکان گەورەترە، لە حزبو سیاسەتیش گەورەترە.

پاش سەرنجدان لە ڕابردوو، جارێکیتر دەگەڕێمەوە سەر بۆشاییە گەورەکە، ئەو بۆشاییەی رۆژ دوای رۆژ زیاتر ماندوویەتی و وەڕسی و نائومێدی بڵاو دەکاتەوە، بۆشاییەکەش پەروەردەیە، ئێمە پێویستە دروشمی (نان و ئازادی) بگوازینەوە بۆ (نان و پەروەردە.(

چونکە هەر ئەو ئازادییەی شەڕمان بۆ کرد، ئێستا بە ناحاڵیبوون بووەتە مۆتەکەی گیانی پەروەردەکەش، بۆیەش کاتێک باس لە

سەقەتی، ناتەواوی، ناتەندروستی و ناڕێکییەکانی سیستەم و سیاسەتی پەرروەردە دەکەین و ئیش و پرۆژە و خەممان بۆ گێڕانەوەی شکۆی پەروەردەیە، دروست مەبەستمان ئەو شۆڕشە پەروەردەییەیە کە دەبێ بەسەر ئەم هەڵە گەورانەدا بکرێ، شۆڕشێ بێ لە بناغەوە بونیادی تاکەکان قوتابی، مامۆستا، بەخێوکەران، سیاسییەکان ... تاد بنێتەوە، لە ڕەگەوە سیستەم بنوسێتەوە، لە ئەلفەوە پرۆگرام دابڕێژێتەوە و لە عەقڵەوە سیاسەتی پەروەردە بگۆڕێ، ئەمانە مشتێکن لە پرەنسیپەکانی شۆڕش، لێ هەرگیز نە لە بیرمانکردووە و نە ئیهمالمانکردووە کە خاڵیبوون، بەتاڵیی، دڕودۆنگی و نوقسانی ڕۆحی پەروەردە لای تاکی مامۆستا کێشە گەورەکەی ڕابردوو و ئێستای بارودۆخی پەروەدەی هەرێم بووە .

لە کۆتاییشدا، تاکێک دەتوانێت کۆمەڵگە بونیاد بنێتەوە کە هەم نانی هەبێت و هەم پەروەردە، بۆیەش بە دڵنیاییەوە پەروەردەکردنی تەندروست لەخێزان و گەڕەک و گوند و شارەوە کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان پێشکەش دەکات، من لە قورسایی وسەنگی ئازادی کەم ناکەمەوە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێم ئازادی زۆر شتی لێ کردینەوە، زۆر نەگبەتی ونەهامەتی لە ژێر دروشمی ئازادیدا بوونە بەشمان، ئێستا ئێمە پێویستمان بە پەروەدەیەکە چیتر نەهێڵێت ئازادی قیەم و شکۆمەندیی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیمان پایەماڵ بکات.

# ڕاپۆرتی قوتابیان وەک دەرفەتێکی ناوازە!

قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە کۆتایی ساڵی خوێندنی ئەکادیمی 2019-2020 نزیکدەبنەوە، ئەوەی ماوەتەوە هەڵسەنگاندنێکی ئەکادیمییە کە مامۆستایان و ستافی ئەکادیمی زانکۆ و پەیمانگاکان پێی هەڵدەستن و ئەوانیش دەرفەتی ئەوەیان هەیە بە خۆماندووکردن و هەوڵدان ئەم قۆناغەش تێپەڕێنن.

چەند سەرنجێکی کورت لەسەر ئەم دەرفەتە دەخەمەڕوو:

١ .یەکەمینجارە بۆ هەڵسەنگاندنی کۆتایی پشت نەبەستنە سەر دەرخیات و بابەت لەبەرکردن کە بە داخەوە دەیان ساڵە قوتابیان و خوێندکارانی ئێمە قوربانی ئەم فۆڕمەی کۆششکردنن.

٢ .یەکەمینجارە کە ئاستی یەکەمی و دووەمی بەش و کۆلێجەکان نابێتە بەشی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی تەنها لەبەرکردن دەزانن وهەرگیز نەیانتوانیوە مێشکیان بەکاربهێنن بۆ نمرەکۆکردنەوە و بیرکردنەوەی تەندروست.

٣ .ئەم هەڵسەنگاندنە دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان هەیە و ناچار نابن هەموو پرسیارێکی ناساز وەڵام بدەنەوە، بەڵکو توانا و لێهاتووی خۆیان دەخەنەکار بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی باش.

٤ .دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانەی خوێنەرێکی باش و جیددین، سامانەکەی خوێندنەوەیان ئێستا دەتوانن بە باشی سود لێوەربگرن بۆ پێشکەشکردنی راپۆرت و هەڵسەنگاندنی ئەمساڵی خوێندنیان.

٥ .تاقیکردنەوەی تەقلیدی و پرسیاری وشک ورەقی مامۆستایان کە تەنها بە وەڵامی ناو کتێب و مەلزەمە و سڵایدەکانیان رازین، ئەمساڵ بازاڕی نیە، بۆیەش دەرفەتێکی ناوازەیە بۆ بیرکردنەوەی باش و نوێگەری لە هەڵسەنگاندندا.

٦ .دەرفەتی ئەوەیە کە ئەو راپۆرت و پەیپەرەی ئامادەی دەکەن بە شێوازێک بێت نەک هەر نمرەی بەرزی پێ وەربگرن بەڵکو دواتریش پەیپەرەکانتان لە جۆرناڵە جیاوازەکاندا بڵاوبکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە بە داخەوە پەروەردەی ناتەندروست لەم وڵاتەدا، لە جیاتی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و پەروەردەکردنی نەوەیەکی هوشیار و مێشککراوە و نوێگەر و؟داهێنەر، قوتابی تەوەزلیان پێشکەش کردووە، ئێستا زۆرینە لە هەوڵی ئەوەدان بە کۆپی پەیست و تەنانەت پارەدانیش راپۆرتەکانیان ئامادە بکەن، بەڵام بە ئەزموونی چوار ساڵی رابردووی وانەبێژیم لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا، دڵخۆشم هێشتا تاکی کوردی و قوتابی خوێندکاری وامان زۆرن کە ئەم سیستەمە نەیپلیچاندوون و نەگەنیون، بۆیەش دڵخۆشم کە دەرفەتی وا ڕەخساوە لێهاتووی قوتابی و حوێندکارە بەهرەمەندەکان زیاتر بدرەوشێتەوە.

هیوادارم، کە زۆرێک لە مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان وەک چۆن بە پاساوی ناواقیعی نەیانتوانی سود لە خوێندنی ئۆنلاین وەربگرن، ئێستاش نەبنە هۆکارێکیتری نائومێدی و سود لەم دەرفەتە وەربگرن بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی شیاو ئەنجامبدەن و سودی باش بگەیەننە قوتابیان و خوێندکاران.

# بۆچی حزبە کوردستانییەکان تەقەییان تێکەوتووە؟

بە پێچەوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان ئەوەی پێی دەڵێین حکومەتی کوردی، حزبە کوردستانییەکان مێژوویەکی دوو هێندە یان زیاتریان هەیە، دەیان حزبی کوردستانی لە باشوری کوردستان لە کاردان و زۆرینەشیان موڵەتی فەرمیان هەیە، و بە بانگەشەی چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادی سیاسی پەسنی ئەکەین، زۆری و بۆری حزبەکان و ئەوەشی کە زۆرینەیان دوکانی سیاسین یان کۆمپانیای بازرگانین تەوەرێکترە و باسێکترە، فۆکەسی ئێستا وەڵامگۆییە بۆ ئەوەی کە بۆچی حزبە کوردستانییەکان شپرەزە بوون و تەقەیان تێکەوتووە؟

لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا کە جۆرێک لە ئۆپۆزسیۆنی ڕێکخراو هاتە ئاراوە و هەوڵی گۆڕینی باڵانسی سیاسی و هەژموون و هەیمەنەی سیاسی لە کوردستاندا خستەگۆڕێ، زۆرترین چەمک و کەلیماتی تازەش هاتنە ناو سیاسەتەوە و سیاسەت بوویە بەشەفراوانەکەی ژیان و پێم وایە زیادەڕەوی نیە ئەگەر بڵێین کە ئەو شەپۆلەی ئۆپۆزسیۆن جارێکیتر کۆمەڵگەی دابەشکردەوە و ئاشتی کۆمەڵایەتی خستە بەر نەشتەر و قیەمە کۆمەڵایەتییەکانی کاڵ کردەوە، و قۆناغی ڕەخنەی لە زمانی گوڵەوە گواستەوە بۆ زرمەی چەکوش و ناڵەی پیک و هەڵتەکاندنی عەرشە خێزانیی و کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانیش پێش کایە سیاسییەکە.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین "جنێۆ" بوویە مارکە، "تەشهیر" بوویە براند، "تەخوین" سەرتاپایی بوو، نازناوەکانی "دەبەنگ وترسنۆک و خائین و خۆفرۆش و قەڵەمفرۆش و کەری ناو جۆگە و دەستەمۆ و ئەملایی و ئەولایی و پیاوی فڵان و خوشکەزای فیسار" بە تەواوەتی فەرهەنگی سیاسی هەرێمی کوردستانیان تەنی، ئیتر رەخنەکان سنووری حزبەکانیان تێپەڕاند، بگرە عەشرەت و گوند و لادێ و شارەکانیشی گرتەوە و سۆشیاڵ میدیا و بە تایبەت "فەیس بووک" بوویە مینبەری ئازادی؟-خوازان و بڵندگۆی دەنگە ناڕازییەکان، کە خۆنەویستانە زاراوەی "سیاسەتی فەیسبووک" جێگای بە سیاسەتی نیشتمانی و سیاسەتی کوردی و سیاسەتی تەندروست لێژ کرد و بڕیارە سیاسییەکانیش ئافتەر ئۆڵێکیان بۆ دانرا و مەکتەب سیاسیەکانی ناچار کرد پێش کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکانیان بەدوای وەڵامی ئەوەوە بن کە ئایا بڕیاری کۆبوونەکانیان هەر ئەو شەوە نایانکاتە بنێشتەخۆشە و ئامانجی قەرەوڵەکانی هێرشبەرانی فەیس بووک؟.

مۆدێلی سیاسەت و بەڕێوەبردنی حزبەکان لەم قۆناغەدا لەم ئاستەدا وەستاوە، بۆیە رەخنەی جیدیش تێکەڵ بەو بەزمە بووە و مامەڵەی ناتەندروستی سیاسییەکان براکانی خۆشیانی گرتۆتەوەوە و هەموو پێکەوە خەریکی تەشقەڵەپێکردن و پاشقوڵگرتن و یەکترشکاندن و یەکترخستنن، رەنگە نەگونجاو نەبێت بوترێت ئەو چاڵانەی هەڵکەنران بوونەوە تەڵەی نەتەقیو بۆ زۆرێک لە چاڵهەڵکەنەکان.

ئەوەتا لە مانگێدا دەنگی ناڕەزایی و شپرزەبوون و بەجێهێشتن و دەستلەکارکێشانەوە لە زۆرێک لە حزبەکاندا بەرزبووەتەوە و کەناڵ

و میدیاکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، ڕاگەیەنراو و بەیاننامەکانی دەستلەکارێشانەوە گەرمترینی هەواڵەکانن، بۆیەش گەڕان بە دوای هۆکارگەلی ئەم تەقەتێکەوتن و شپرزەبوونە بە دوولایەن سەیر دەکەین.

بە بڕوای ئێمە، پابەندنەبوون بە دەستوری حزبی و قۆرخکاری دەسەڵات و و بێمنەتی لە ئەندامان و غروری سیاسی و لەسەرو هەمووشیانەوە ناشەفافی پەیوندییەکان و ناسەقامیگیری ستراتیجی سیاسی ئەو هۆکارانەن هەر حزبێک گیرۆدەی بێت خۆی پێ ناگیرێت و حاڵەتی ئاسایی ئەوەیە کە ئەندامانی حزبەکان قبوڵی نەکەن، هەروەک جێگۆڕکێی "سیاسەتکردن" بە "بازرگانیکردن"، بەڵایەکە هەر حزبێک توخنی بکەوێ هەڵدەتەقێ، هەر ڕەوتێکیشی بیەوێ ئاوا هەڵبتۆقێتە ناو سیاسەتەوە سەرکەوتوو نابێت، تەنها دروستبوون و مانەوە بۆ خزمەتی خەڵک و بەرژەوندی گشتی گەرەنتی بەردەوامیی و سەرکەوتنە.

لە لایەکتریشەوە پابەندبوونی سەرۆک و ئەندامانی تێکڕای حزبەکان بە پارێزگاری لە قیەمە سیاسییەکان و مامەڵە نێوخۆییەکانی حزبەکان، هۆکارێکیتری شپرزەبوون و تەقەتێکەوتنەیە، بە دەستێکەوە ڕەخنەگرتن حاڵەتی ئاسایی و پشتگوێخستنی دیسپلین و ڕێککارەکانی تێپەڕاندووە و بە دەستێکیتریشەوە ڕۆژانە دەبینین سەرۆکێکی دیکتاتۆر ئەکەوێ، سەرکردەیەکی بەد لار ئەبێتەوە، و ڕابەڕێکی ترسنۆک کۆچ ئەکا، شتێکی نامۆتر، شتێکی وردتر، شتێکی تیژتر هەیە و کەمتر درکی پێدەکرێ، ئەویش ئەوە کە سەرڕایەک دروست ئەبێ، بۆ ئەوەی سەرکردە و سەرۆک و ڕابەرەکانیتریش

بکەون! کەچی ئەوەی دەبێتە سەرۆک سەرڕاکە تێناگا و هەر خەریکی نەهجە کلاسییەکەی سەرۆکایەتیەکەی خۆیەتی.

لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە ئازادی بیروڕا بۆ هەمووان لە سەرکردە و بنکردەوە دەبێ هەبێت و ئەو تۆقە سیاسییەی لە ئێستای مۆدێلی حزبیدا هەیە بشکێنرێت، تەبەقەکانی ناو حزب کاڵ بکرێنەوە و حزبایەتی سادە بکرێتەوە، ئازادی هەموو لایەک بگرێتەوە، ئیتر نە حزب خەمی گشتی بێت و نە هەمووان حزبایەتی خەمباریان بکات، ئازادی ژیان و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و جموجوڵەکان و ئازادی بڕیاردان مافی هەمووانە و دەبێ ڕێز لە بڕیارە تایبەتییەکان بنرێت!

# پۆست داعش؛
# کوزەماڵ و پاکلەمەی ناو ماڵی کوردی

" هەمووتان شوانن و هەمووشتان بەرپرسیارییتان هەیە"
پێغەمبەری ئیسلام (د.خ(

ئەگەر سەرنجێکی واقیعی هەرێمی کوردستان بدەین و لە چنگ چنگی ژیانی ڕۆژانەی ورد ببینەوە، تێفکرینێکمان پێویستە، کە نە هیچ خۆلادانێک دەیگرێتەوە و نە هیچ دەرچەیەکیش هەیە بۆ خۆدزینەوە، بەرپرسیارییەتی گواستنەوەی گوفتارە بۆ کردار و گواستنەوەی تێزە بۆ پراکتیک، وەک چۆن شەو بۆ پشووە و ڕۆژ بۆ کارە، ئاوا دەبێ بڵێین بارودۆخەکانیش کاریان پێویستە.

لەم سۆنگەیەوە و لە گەرمەی شڵەقانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بێ هیوایی گشتی و بڵاوبوونەوەی بێومێدی تەنانەت ئومێدەوارەکانیش، جیاکرنەوەی ئەرک و بەرپرسیارییەتییەکان وکارکردن و بۆ ڕۆشنکردنەوەی تێزەکان و خستنەکاریانەوە ئەرکی لەپێشینەی زۆرینەیەکە لە تەندروست بیر دەکاتەوە .

بەرلە هەرشتێک، بە دڵنیاییەوە یەکێک لە گەورەترین گرفتەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، بیرکردنەوەی ناتەندروست و خوێندنەوەی ناتەندرست و نوسینی ناتەندروست و تەنانەت بوونە-ڕۆشنبیری ناتەندروستە، ئاخر واقیعی نیە، ئەم هەموو بیرکەرەوانە هەبن و

**بارودۆخەکەش هەروا نالەبار بێت. بۆیەش راستکردنەوە یان راستاندنی جۆری بیرکردنەوەکان گرنگە، ئەوەش بەوە دەکرێت، بیرکردنەوەکان واقیعبینانە بن، ناکرێ بیرکردنەوەی واقیعبینانە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەمری واقیع جیانەکەینەوە، هەر خەریکیشبین سیاسیەتی ئەمری واقیع جێبەجێ بکەین نەک سیاسەتی واقیعبینانە. کە هاتینە واقیعەکەوە ئیتر هەموو درک بە بەرپرسیارییەتی خۆی دەکات و دەربازبوونەکە ئاسانتر دەبێت.**

**ئێمە رۆشنبیرمان زۆرە، رۆشنبیری ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری و ... تاد، بەڵام رۆشنبیری کونجی هۆڵەکانی زانکۆ و ژێر سەقفی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند و دیوارێکی ئاخنراو بە بڕوانامە هێزێکی پێویستە بیگوازێتەوە بۆ سەرشەقام، قاتەکەی چڵکن بکات و بۆینباخەکەی هەڵتەقێنێ و ملیوانی کراسەکەی ڕەش داگیرسێنێ، هێزێکی پێویستە وشەکانی بۆ تەختەی ڕەق و بۆ ناولەپی دەفتەرەکان نەبن، پێویستە ئەم هێزە تەریب بێت بە خواست، خواستی تاک و خواستی گشتی، "شۆڕش" بە -ش- دەستپێدەکات و بە -ش- کۆتایی دێت، کەواتە -شیاوی و شایستەیی- دەبێ تێدا بێت.**

**کاتێک -رۆشنبیران و زانایان دەبنە میراتگری پەیامبەران-، کەواتە ڕۆشنبیر پێناسەیەکیتر وەردەگرێ، پێناسەیەکی واقیعیانەتر، ڕۆشنبیر پەیامی بۆ نایەت تا پێویست بێ بچێتە ئەشکەوتەکانەوە، بۆیەش شوێنی گەشە و نەشونمای ڕۆشنبیر سەرشەقامەکانە، گواستنەوەی گوتاری ڕۆشنبیریش لە تەنها یەک قسە و یەک وتاری هەینی و یەک پرێزێنتەیشن و یەک سیمپۆزیەمەوە ناگاتە شوێنی خۆی،**

**ڕۆشنبیر یانی سادەیی و یانی دڵفراوانی و یانی توڕەیی و یانی بوونە هی خەڵک.**

**ئێستا کە دوژمنی گەورەی ئێستایی و ئانی کورد کە داعشە کۆتایی هاتووە و خاکی کوردستان لێیان پاک کراوەتەوە، ئێمە پێویستمان بە گسکدان و کوزەماڵ و پاکلەمەی ناوماڵی کوردستان هەیە، پێویستمان بە راستکردنەوە هەیە، و پێویستمان بە تەوزیفکردنی کێشەکان و بە تۆخکردنەوەی ناسازییەکان هەیە تا بیانسازێنین، دەبێ کۆتایی داعش سەرەتای گەرمبوونەوە و ورەبەرزی و قوڵهەڵماڵین بێت بە ئاڕاستەی کۆتاییهێنان بە جیاکارییە ئایدولۆجی و ڕەگەزیی و بنەماڵەیی و و جیۆگرافییەکان، ئابڵوقەدانی توندڕەوی و تۆخکردنەوەی ئینسان-شکۆیی، ئەمەش ئەرکی یەکەمی رۆشنبیرانە.**

**شۆڕشەکانی سەرزەوی ڕۆشنبیریان هەبووە و ئەوانیش داینەمۆبوون بۆ حزبەکان تا شۆڕش سەریگرتووە، کەواتە تا وەک کانی لە شاخەکانی کوردستانەوە، ڕۆشنبیرەکان لە زانکۆکانەوە نەتەقن، نە شۆڕش دەبێتە خاوەنی ڕۆشنبیر و نە کوردیش دەبێتە خاوەنی قەوارەی خۆی!**

# کام جۆری ئازادییەمان پێویستە؟

لەو رۆژەوەی دستی درێژی داگیرکاری و ستەمی بەعس بەسەر هەرێمی کوردستانەوە بڕێنراوە، خەم و ژیان و نەهامەتییەکانیش فۆڕمێکیتریان وەرگرتووە و بوونەتە خەمی خۆماڵی و ژیانی خۆماڵی و نەهامەتی خۆماڵی، ئاخر دەسەڵاتەکە بووەتە خۆماڵی.

ئێستا و پاش نزیکەی سی ساڵ، ئازادی مانای رزگاربوون لە ژێر دەستەیی بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەو موزەیفییەی رابردوو نادات و ماناکە وردتر دەکرێتەوە، لەم سۆنگەیەشەوە تیشک دەخەمە سەر ئەوەی کە ئایا لە ئێستادا ئێمەی کورد کام جۆری ئازادیمان پیویستە؟ لە چ کایەیەکدا ئازادین و لە کوێدا تینوویەتیمان نەشکاوە؟، لە چ بوارێکدا کاری بۆکراوە و لە چ ئاستێکدا هێشتا تەپمان لێ نەپێکاوە؟

بوارەکانی ژیان، سیاسەت و ئاینداری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ، زانستی و ئەکادیمی، کەسابەت و بازارن، سەرنجی هەر یەک لە بوارانە بدەین چمکێکی ئازادی و پشکێکی ئازادیمان پێویستە تا ئەوەی تۆزێ زیاتر لەو بوارانەدا قووڵبینەوە، چێژێک وەرگرین و سودێک ببەخشین .

خەڵکی هەرێمی کوردستان ئێستا ماندووی سیاسەت و شەکەتی فەتوای دووفاقی ئایینی و پەیوەندی سەقەتی کۆمەڵایەتی و هەرچی و پەرچیبوونی رۆشنبیریی و نامەعریفی ئەکادیما و زانست و

ناعەدالەتی تا سەرئێسقانی کەسابەت و بازارە و ڕۆژبەرۆژیش ئەم شەکەتبوونە پەرەدەسێنێت و ماندووتر و وەڕەسترمان دەکات، ئێستا بە تەنیشت خەمە گەورەکان و موئامەرە دەرەکییەکانەوە خەمی گەورەی هەرێمی کوردستان خەمی ناوخۆییە، خەمێکی قووڵ و درێژبووەوە تا سەر ئێسقان و پشتی میللەت.

بێگومان هەتا زیاتر گوێبیستی بانگەشەکانی ئازادی بین زیاتر لە کەمبودی ئازادی راستەقینە تێدەگەین، ئاخر ئەوەتا سیاسەت مانایەکی بۆ ئازادی تاک نەهێشتوەتەوە، حزب بووتە مۆتەکەی گیانی ئازادی، هەمووانی کردووتە قوتابی ئەودیوی تەلبەندە حزبییەکە و بە ستایلێکی تەواو کۆنی حزبایەتی خەریکە مۆدێرنترین جۆری کۆیلاتی بەرهەم دەهێنێت کە نەک هەر پێویستی بە کۆت و زنجیر نیە بەڵکو بە پشتێنی کراوەشەوە خەریکی داڵدەدانی دەوروبەرەکەیەتی، ئایینیش دابەشکراوە بەسەر ناوچە و تاقم و دەستەجیاوازەکاندا، فەتوا وەک تەرزە بەسەر کوردستاندا دائەبارێ، فەتوای دوور و نزیک، ئاسان و رەق، توندڕەو و شلڕەو، قورسترین شتەکان حەڵاڵ دەکرێن و ئاسانترین شتەکان حەرام، مانای ئایین لە بنچینەکەی خۆی شێواوە و راست نابێتەوە، ئاییندارى ئێستا لە جیاتی ئازادکردنی بەندەکانی خوا بۆتە قۆرخکار و پێچەوانەی وتە ناسراوەکەی خەلیفە عومەر (بۆچی دەتانەوێ خەڵک بکەنە بەندە لە کاتێکدا بە ئازادی لەدایکبوون) مامەڵە بە دەقەکانی ئایین و ئایینزاکانەوە دەکرێت .

ئازادییە ڕۆشنبیرییەکان سەراوژوور بوونەتەوە و میدیا بووەتە ئاراستەکراوی بێ ئامانج و میدیای زەرد لە کوردستاندا کاڵ بووەتەوە، زانست و ئەکادیمیا لە فۆڕمێکی قۆرخکراوی حزبیدا

چەقیوە، بازاڕگەری و کەسابەت بەتەواوەتی خەریکی گوشینی قوڕگی خەڵکە و سەرنجی بازاڕ لە پیرۆزترین مانگی ساڵدا کە ڕەمەزانە بە روونی ئەو ئازادییە ڕەشداگیراسەوەت لا روونتر دەکاتەوە کە سەرتاپاییە .

ئەمە وەزعی ئازادیی بێت، ئیتر ئێمە چاوڕێی چی بین، ئەرکی دڵسۆزان لە ئێستادا راستکردنەوەی ئە و چاوەڕانییەیە بە گێڕانەوە مانای راستەقینە بۆ چەمکەکان و ڕواندنەوەی گیاکان لەسەر بنجی خۆیان.

ئازادی دەبێت تەفسیرێکی جیددی و تەوزیفێکی واقیعی وەربگرێتەوە، هاوکێشەکان پێچەوانە بکرێنەوە و سیاسەت و ئایدۆلۆجیا و مەعریفە و ڕۆشنبیری و بازاڕ بخرێنەوە خزمەتی تاک و تاکە پیرۆزی هەر دەبێ مرۆڤ خۆی بێت و هەموو ئازادییەکان بە ڕووی خودی تاکدا بکرێنەوە.

ئێمە پێویستمان بە ئازادییەکە خودی ئازادی بێت، ئاخر مرۆڤ کائینە گەورەکەیە و مێشکیشی لە هەموو قۆرتەکان و ڕێگرییەکان گەورەترە، لە حزب و سیاسەتیش گەورەترە، ئیمێڵی دێکنسن واتەنی لە ئاسمانیش گەورەترە، ئێمە ئازادی ئاسمانیمان دەوێ، هێزی فڕین تۆخ بکاتەوە و هەمووان بگەنە تامی شیرینی ئازادی.

# کەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پارێزراوە؟

ئایا هەرێمی کوردستان ئارامە؟ ئاسایشی تێدایە؟ سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانە تامی ژیانێکی ئەمینی بۆ هاوڵاتیان هێشتۆتەوە، فیکری توندی هاوردە و کلتوری سەقەتی گوازراوە و میدیا و سۆشیاڵ میدیای نابەرپرس دەهێڵن تاکێکی کورد دەستی ئیسراحەت بەسەر سنگیدا بێنێت؟ بە وردکردنەوەیەکەوە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێین.

کاتێک باسی ئاسایش و ئارامی دەکرێت و بیر لە ژیانێکی ئیسراحەت دەکرێتەوە، پێویستمان بەوەیە وردتر لە هۆکارەکانی ناتەندروستی کەشەکانی ژیان لە رابردوودا بگەڕێین، ئەوانیش دەکرێت سیاسەت، ئاینداری، و قوتابخانەی فیکری و میدیا بن، ئاخر چەندە بڕیارێکی سیاسی ئاسایشی خەڵک دەخاتە مەترسییەوە هێندەش فەتوای ئایینی مەترسیدارە، چەندە قوتابخانەیەکی فیکری لە ژێر هەر ناونیشانێکدا ژیانی خەڵک هەڵدەتەقێنێ، هێندەش میدیایەک و پەیجێکی فەیکی نابەرپرسیار لە نیوەشەودا بە هەواڵێک دڵخورپە و مەترسی دەخاتە ناو ژیانی ئاساییەوە.

کێن ئەوانەی یاری بە ئاگرو گەمە بە ئەمنییەتی ژیانی خەڵکەوە دەکەن؟ لە پەنجاکانەوە سیاسەتی نەتەوەیی - سکۆلاری و لە هەشتاکانەوە بزووتنەوەی جیهادی و لە نەوەدەکانەوە بزووتنەوەی فیکری و لە دووهەزارەکانیشەوە جوڵانەوەی میدیایی و دواتریش

سۆشیاڵ میدیایی لە هەرێمی کوردستانەوە دەرکەوتوون هەر یەکەشیان بە ئەندازەی خۆی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیان و ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵک هەبووە.

حزبە سیاسییەکان بە تەنیشت هەوڵی ڕزگارکردنی کوردستان و وەدەرنانی ڕژێمی بەعس لە ناوچە کوردییەکان بە شەڕی ناوخۆو بەرژەوەندییەکانیان جۆرێکیتری ناسەقامگیریان کردۆتە بەشی خەڵک، بزووتنەوە جیهادییەکان لەگەڵ ئیعلانکردنی جیهاد و تێکۆشان دژی ڕژێمی بەعس، بوونە دەرەچەیەک بۆ هاوردەی فەتوای ڕەق و توندئاژۆ و چەکەرەی هێزی توندڕەوی، کە ئەوەش سەدان گەنجی پاکدامەن و ڕەوشت بەرزی کۆمەڵگەیان بەرەو ڕەوتە تیرۆریستییەکان برد و فرمێسک و خەم و نەهامەتی و ناسەقامیگیریان کردە بەشی خانەوادەکانی کوردستان، بزووتنەوەی فیکریش هەمان مەزەندە کە ڕێگەیان بۆ گەشەسەندنی ڕەوتی فیکری ناوخۆیی کردەوە، ئاواش بە گواستنەوەی فیکری توندڕەوی چەپ بوونە هۆکارێکیتری ناسازی ئەمنییەت، دواجار جوڵانەوەی میدیایی و سۆشیال میدیایی بووەتە سەرباری نەهامەتییەکان و فیلم و زنجیرەی ناتەندروست و هەواڵی ناراست و بێ بنەما، پوستی سەقەت و درۆدەلەسە و ڤیدیۆی نامۆ و وێنەی نەشیاو بە تەنیشت هەمووشیانەوە پەیجی فەیک و ئەکاونتی ساختە و تەداخولی ژیانی تایبەتی تاکەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانی خەڵکیان وەڕستر و ماندووتر کردووە.

کاتێک بیر لە چارەسەر دەکەینەوە، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە پێویستمان بە پێداچوونەوە و موراجەعە و گۆڕانکاری ناوخۆیی و

**بابەتی هەیە، ئەمەش تەنها کاتێک بمانەوێ وڵاتمان بگۆڕین و مانای راستەقینەی ئارامی و ئاسایشی بۆ بگێڕینەوە. موراجەعەیەک پێویستە کە فیکری توند و بیرکردنەوەی ناتەندروست و گومانی خراپ و بێ متمانەیی و ناڕاستگۆیی و فێڵبازی و پاشقولگرتن و چاوچنۆکی لە تاک بە تاکی کۆمەڵگە و سەرۆک و ئەندامانی حزبەکان دابتەکێنێتەوە، موراجەعە و گۆڕان کاتێک تەندروستە کە بیرکردنەوە، فیکر، هەڵوێست و ئاڕاستەکان بەرەو باشبوون ببات نەک لە ڕابردوو خراپترمان بکات، ئەمە بۆ دین و سیاسەت و ئایدۆلۆجیا و پرۆگرامەکانی ژیان هەمووی راستە، " إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ [الرعد:11]" دروست گۆڕانکاری و چاکسازییەکە بەرەو چاکە و باشبوونە خودییەکەیە پێش گشتییەکەش نەک لە پێناو خودی پرۆسەکەدا، شکستی گەورە ئەوەیە پرۆژە باشەکانیش شکست پێبهێنرێن.**

**سیاسەت تا ئەوکاتەی دەبێتە رزگارکەر پێویستە، کە بوویە بەڵا و مۆتەکە بۆ گیانی خەڵک و ژیانی ئاسایی تێکدا ئیتر مانایەکی بۆ بوونی نامێنێتەوە، دەکرێ بزووتنەوە ئاینییەکان تەنها بە رۆشنکردنەوەی بنەماکانی ئایین وەک خۆی بە داکۆکی لە ئازادی راستەقینە و ژیانی شکۆمەندانە، دەتوانن رۆڵی زۆر باش بۆ ئارامی و ئاسایش بگێڕن، بزووتنەوە فیکرییەکان ئەگەر تەنها هەوڵی راستاندنی پەروەردەیەکی تەندروست بۆ کۆمەڵگەی کوردی بدەن گەورەترین خزمەتیان بە ئاسایشی هەرێمی کوردستان کردووە، گواستنەوەی میدیا و سۆشیاڵ میدیاش لە دەزگایەکی بێ ئامانجەوە بۆ راگەیاندنێکی ئامانجدار تاکە رێگەیە میدیاکاران و رۆژنامەنوسان**

**دەتوانن لە ڕێگەیەوە خزمەت بە سەقامگیری ئاسایش و ئارامی بکەن.**

**لە کۆتاییشدا بوونی ژمارەیەک دەزگای نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە چۆنیەتی بەرپاکردنی ئاسایش و ئەمنییەتی کوردستان هەوڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی بە تەنیشت هەوڵە سەربازییەکانی دەزگا ئەمنییەکان کە شەورۆژیان خستۆتە سەر یەک و ماندوونەناسانە کاری خۆیان دەکەن، هەوڵە فیکری و میدیایی و پەروەردەییەکانیش چڕ بکرێنەوە، ئاخر چەندە گرنگە ئاسایشی سنورەکانمان بە هێزی چەکداری پارێزراو بێت لەوە گرنگتریشە ئاسایشی خێزان و خانەوادەکانمان بە هێزی پەروەردەیی و فیکری پارێزراوتر بێت.**

# هەرێمی کوردستان

# پێویستی بە سەرۆکێکە دایپۆشێت!

**تا دێت باسوخواسی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان و پرۆژە یاساکەی و شێوازی هەڵبژاردنەکەی و مەرجەکانی و کاندیدەکانی گەرمتر دەبێت و تەنها شتێک کە هیچ حزبێک نەیکردۆتە مەرج و هیچ کاندیدێک بانگەشەی پێوە ناکات و لە هیچ یاسا و پرۆژەیاسایەکدا جێی نەکراوەتەوە ئەوەیە ئایا سەرۆکی نوێ دەتوانێ هەرێمی کوردستان داپۆشێت؟**

**نزیکەی پانزە ساڵە سیستەمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێدەکرێت و بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی گشتیدا بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا و تا دوو ساڵی ڕابردوو ئەو ئەرکەی لە ئەستۆدا بووە و دواتریش پۆستەکە بە بەتاڵی ماوەتەوە و بڕیارە بەم نزیکانە سەرۆکی نوێ لە پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرێت .**

**ئەگەر رابردوو گەوەترین کەموکورتی پۆستی سەرۆکی هەرێم ئەوە بووبێت کە نەیتوانیوە سەرۆکی هەموو ناوچەکان کوردستان و هەمووچین و توێژەکانی کوردستان بێت ئەوە بەم حاڵەوە هێشتا لە ڕابردودا ماوینەتەوە و سەرۆکی ئەم خولەش هەمان کەموکورتی بۆ دەمێنیتەوە.**

ئاخر هەرێمێکی شەش ملیۆنی و چوار پارێزگایی خۆی چەندە تا سەرۆکی هەرێمەکەی تەنها هی دوو پارێزگای بێت؟ هی کەمتر لە نیوەی دانیشتوانەکەی بێت؟ پۆستێک -ئەگەر فەخری و تەشریفاتیش بێت- دەرفەتی مومارەسەکردنی مەعنەوی نەداتە خاوەنەکەی کە هیچ نا بە ئازادی سەردانی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمەکەی بکات بە دڵنیاییەوە تەوقێک زیاتر نیە، سەرنج بدەن، زیاتر لە نیوەی منداڵان و گەنجانی ئەم هەرێمە سەرۆکەکەیان نەبینیوە، چ جای لەگەڵی کۆببنەوە و خەم و ئاریشە و خواستەکانی لەگەڵ بەیان بکەن.

کاتێک دەڵێین هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی پێویستە دایبۆشێت، بە مانای ئەوەیە سەرۆکێکی سەرتاسەری بێت، دانیشتوانی هەموو کوردستان بە هی خۆیانی بزانن، دڵسۆزییان بۆی هەبێت، خەمی ئەو هی ئەوان و دڵسۆزی ئەو هی ئەوانیش بێت. پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرزترین پۆستی سیادییە کەچی بڕناکاتە تەواوی ناوچەکان، ئەمە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش راستە، ئەمانە کەموکورتی یاسایی و عورفی و سیاسیی و کۆمەڵایەتین، درک کردن بەم کەموکورتییانە تێگەشتنە لە خەمی قووڵی متبوونی تەوژمی گۆرانکاری لەم هەرێمە و بێ هیوابوونە لە هەر جۆرە ئومێدێک بە ژیانێکی باشتری هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە.

ئەگەر تەنها نوقسانی و سەقەتی و کەموکورتییەکانی ڕێگاوبانەکانی نێوان شارو و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بە نمونە وەربگرین کە ژمارەی قوربانییەکانی هاتوچۆ مەترسیدارن و زۆر زیاترن لە قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و شەڕی ناوخۆ و تەنانەت شەڕی داعشیش، ئەم راستییە تاڵانە زیاتر ڕووندەبنەوە، ئاخر کاتێک

سەرۆکی ئەم هەرێمە بۆی نەکراوە لە دە ساڵدا سەردانی شارێکی وەک -ڕانیە-ی دەروازەی ڕاپەڕین بکات، ڕێگاوبانەکەی ببینێت، هەواڵی شەل و قەم و کەلەپاچەبوون و گیانلەدەستدانی بیست کەس تەنها لە مانگێدا، هەشت کەس تەنها لە خێزانێکدا، تەنها وەک هەواڵێکی ڕۆژنامەوانی ئەگەر بگاتە سەرۆکیش! هیچ لە بەرپرسیاییەتیەکەی پۆستی سەرۆکی هەرێم ناگۆڕدرێت.

هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی دەوێت، هەمووانیی بیت، رێگاوبانەکان بناسێت، هەست بە ژیان و خەم و ناسۆرییەکانی گەلەکەی بکات، ئەمەش تەنها کاتێک دەبێت کۆتایی بە دابەشبوونەکان بهێنرێت، کۆتایی بە بەرژەوەندییە حزبی و شەخسی و خزمییەکان بهێنرێت، ئەملاویی و ئەولای وشک بکرێت، و سەرۆکێک هەڵبژێردرێت کوردستانی بێت، ئەمە کاری ئەوەڵ و ئاخری سیاستی هەرێمە، تا کۆتایی بە دابەشبوونی جوگرافیایی و حزبی و ئایدۆلۆجی وعەشرەتی لە هەرێمی کوردستاندا نەهێنرێت سیاسەتی کوردی عێراقیی هیچ بەدەستەوەیە.

# لەم بەینەیا چی بکەین؟

زیادەڕەوی نیە ئەگەر بڵێین ژمارەی حزبە سیاسییەکان لەهەرێمی کوردستاندا دوو هێندەی ئەزموونی حوکمڕانی کوردییە لەم هەرێمەدا، پۆلێنکاری حزبەکان لەسەر مێژوو و دیدگا و فیکر و ستراتیج کاری زیاتری دەوێ و چەند هەوڵێکیش دراون و ژمارەیەک توێژینەوە و کتێب لەو رووەوە بڵاوکراونەتەوە، بۆیەش ئێستا ئەوەی پشتی پێ دەبەستین، پۆلێنی حزبەکانە لەسەر بنەمای دەنگەکانیان کە ئێستا بە نزیکەی دە حزبی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا ناو و بوون و کاریگەرییان هەیە. ژمارەی حزب هەر زیاد دەبێت و لە بەرامبەریشدا حزبایەتی لە کوردستان تا دێت کاڵتر دەبێتەوە، ئێمەی هاوڵاتیانی کورد لە بەینی حزب و حزبایەتی و هەڵوێستەکاندا چی بکەین؟

سەرەتا دەمەوێ بڵێم، حزبە سیاسییەکانی کوردستان بایی ئەوەندەی خەبات و تێکۆشانیان کردووە و شەهیدیان بەخشیوە و ڕۆڵیان لە بونیادی ئەم کۆمەڵگەیە و پەروەردەی ڕۆڵەکانیدا هەبوو ڕێزلێگیراون و ئاستی پێکەوەهەڵکردن و لێکدوورکەوتنەوەشیان بڕیاری سیاسی خۆیانە، بۆیەش سەرنجەکەم زیاتر لەسەر ڕۆڵی هاوڵاتی لە بوونی حزبەکان و مومارەسەی حزبایەتییەکەیاندا زیاتر تۆخ دەکەمەوە.

لەم ستونەدا هەوڵ ئەدەم وەڵامی سێ پرسیار بدەمەوە، ئایا حزبە کوردستانییەکان چییان پێشکەشی هاوڵاتیانی کوردستان کردووە؟ ئەگەر ئەم هەموو حزبە لە کوردستاندا نەبوونایە بارودۆخ چۆن بوو؟ ئەی لە داهاتوودا چۆن لە فۆڕمی حزبی سیاسی بڕوانین؟

پارتی و یەکێتی، گۆڕان و نەوەی نوێ، کۆمەڵ و یەکگرتوو و بزوتنەوە، شیوعی و زەحمەتکێشان و سۆسیالیست ئەو حزبانەن کە دەنگیان هەیە و بە لایەنی کەمەوە بەشداری پەرلەمان و کابینە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردوە، کە لە مێژوو و خەباتی هەر حزبەیان ورد دەبینەوە، ناسازییە ئاماژە بە کاریگەرییان نەکەین، پارتی و یەکێتی لە سەرهەڵدانی شۆڕشەوە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە ڕزگاری کوردستان و هەزاران شەهیدیان بەخشیوە، تا ڕادەیەکی زۆر کارتێکەری ئازادی کوردستان بوون تا شەڕی داعش و پەلامارەکانی حکومەتی ناوەندیش، ئیسلامییەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە هەم لە جیهاد دژی بەعس و هەم پەروەردەی گەنجانی وڵات و هەم ئاوەدانکردنەوە و دەستبارگیری هەژاران و لێقەوماوان و کەمدەرامەتان لە قۆناغە جیاوازەکاندا، گۆڕان و نەوی نوێ دەنگێکی نارازی بەرز بوون دژی ناعەدالەتی و دە ساڵی ڕابردووی گۆڕان نمونەی زۆری تیا بووە و ئێستاش نەوەی نوێ بەو ئاراستەیەوە خۆی ڕاگەیاندوە، سوسیالیست و شیوعی و زەحمەتکێشان ئارەقە و ماندووبونی سەرکردەکانیان لە شاخ گەواهیدەری ڕابردوویانن .

ئەی ئەگەر ئەم هەموو حزبە سیاسیە نەبوونایە، کۆمەڵگە بەم شێوەیە دابەش دەبوو، ژیانمان ئاوا سیاساوی دەبوو، منداڵ و گەنج و پیر دەبوونە قوربانی شەڕەپەڕۆ، ناهاوسەنگی هێز بەم شێوەی روویدەدا کە زۆرینەی پەرلەمانی کوردستان نوێنەری دوو پارێزگای کوردستانن، ئەی شەڕە دەنوک و شار چییەتی و ئەملای و ئەولایی و بەرژەوەندییە شەخسی و حزبی و خزمییەکان ئاوا ماڵوێرانییان دەهێنا، کەرکوک هەر وا بێناز دەبوو، خزمەتگوزارییەکانمان ئاوا

**دەکرانە قوربانی ململانێی سیاسی، گێلگەرایی سیاسی و تیرۆری کەسایەتی و فیکری و دەستەمۆکردنی میدیا ئاوا دەبوو، ئایین و خودا دەکرانە کەرەستەی ململانێی سیاسی، جادەی سەدو بیست مەتری پایتەخت بە چاڵ و قۆرتی پایتەختی رۆشنبیری بەراورد دەکرا، سەرۆکی هەرێم هی هەموو پارێزگاکان و هەموو هاونیشتمانیان نەدەبوو، ئەمانە و دەیان پرسیاریتر کە هەمووشمان خەتابارین و هەمووشمان قوربانی.**

**ئێستا ئەمە بارودۆخی سیاسیە و شانمان داوەتە بەری، تا کوێ و تاکەی دەخایەنێت نادیارە، بەڵام هێشتا فەراغێکی گەورە هەیە، فۆرمی حزبایەتی لە ئێستادا ماندووکردن زیاتر نیە، هەرچی پرۆژەیەک بۆنی دڵسۆزی لێهاتبێت کراوەتە قوربانی، بە ناوی هەرچی پیرۆزییەوە، بە ناوی پرۆژەی جیاواز و دیدگای جیاوازەوە، بە ناوی بەرژەوەندی شتی و پرۆژەی خۆبەخشییەوە، پرۆژی جوان تاقیکرانەوە و دواجار سەریان لە کەسابەت زیاتر دەرنەچوو.**

**هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەختی ململانێکاندا دەکوڵێ و دابەشبوونەکان زیاتر تۆخبوونەتەوە، بۆیەش باشترین دوو بژاردە بۆ ئێستا و لە پێناو هەمووماندا یەکەم، پێکەوەبوونی حزبەکان و نزیکخستنەوەی بەرەی حزبەکانە کە بەلایەنی کەمەوە حزبەکانی هەرێمی کوردستان لە دوو بەرەدا کۆبکرێنەوە، دووەمیش بوونی ئەلتەرناتیڤێکی گشتیی نیشتمانییە کە خەمخۆرانی ئەم وڵاتە کۆبکاتەوە، و گەنجان سەرمەشق بن و ئەزموونداران پشتیوان بن، بە شێوەیەک بەرژەوەندی گشتی بخرێتە پێش بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و هەوڵی کاری جدیتر بدرێت بەرەو ئایندەیەکی باشتر.**

# کۆمەڵ و یەکگرتوو و ئۆپۆزسیۆنی پرۆژەیی!

لە سەرەتای نەوەتەکانەوە یەکگرتووی ئیسلامیی و لە سەرەتای دووهەزارەکانیشەوە کۆمەڵی ئیسلامیی لە کاردان و ئێستا دوانزە کورسی پەرلەمانی کوردستان و چوار کورسی پەرلەمانی عێراقییان هەیە، چاوی جەماوەر و ورەی ئەندامەکانیان، دوو فاکتن کە دەخوازن قسەیەکیتریان لەسەر بکەین.

چەند قوتابخانەیەکی پەروەردەیی و بانگخوازی بە تەنیشت چەند یانەیەکی هونەری و وەرزشی و ژمارەیەک ڕێکخراوی رۆشنبیری و دەزگایی میدیایی ناوخۆیی بەردی بناغەی حزبێکی ئیسلامیی مەدەنییان پێدانرا کە لە شەشی شوباتی 1994 دا بوویە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، هاتنی یەکگرتوو لە ساتەوەختی ماندوویەتی و شەڕی ناوخۆ و ئابلوقە ئابوورییەکاندا بوو، بۆیە تەنها ڕێگایەک کە یەکگرتوو دەبوو خۆی پێبناسێنی بەدەمەوەبوونی برسییەکان و هەتیوەکان بوو و بە باشیش لەو رووەوە دەرکەوت و بە چەند پرۆژەیەکی ئاوادانکردنەوە و خێرخوازی یەکگرتوو بوویە براندی ئەو رۆژانە و لە هەموو گوند و شارۆچکە و شارێکدا حزبێکی بەخێرهێنراو هاتە ناو کایە سیاسییە ماندوەکەوە. یەکگرتوو بە پەروەردە و بانگەواز هات، چوویە مزگەوت و زانکۆکانەوە، لە دوو دەڤەرەکەدا یەکگرتوو بوویە حزبی دووەم و لە هەڵبژادنەکاندا بوویە دەنگی بوێری، یەکگرتوو دروشمی گەندەڵی بەرزکردەوە و سەرکردە و ئەندامەکانی بوونە قوربانی، پانزەساڵی یەکەمی کارکردنی یەکگرتوو حزبێکی

پەسەندکراو بوو، دە کورسی پەرلەمانیی ژمارەیەکی کەم نەبوو بۆ حزبێکی ئیسلامیی، بەڵام نوشستێکی قورس لە هەڵبژادنی رابردوودا یەکگرتووی وەپاشخست و خەم و خەفەتی کردە بەشی ئەندامەکانی.

پاش حەوت و ساڵ و لە گەرمەی ناکۆکی باڵەکانی بزووتنەوەی یەکبوونی یسلامی و سەرنەکەوتنی کۆنگرەی تەویڵە، ژمارەیەک لە دەنگە جیاوازەکانی بزووتنەوە بە هەردوو بەشی چەکدار و مەدەنیەوە یەکیان گرت و سی ویەکی ئایاری 2001 بوونە پێکهێنەری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵ لە راگەیاندنییەوە شەڕ و نارەحەتی و گرتن و کوشتنی زۆری رووبەروو کرایەوە، پێنج ساڵی یەکەمی کۆمەڵ چارەکی ئازار بوو لە ئەمیر و سەکردایەتی حزبەکەوە تا ئەندامەکانی خوارەوەیان، چارەکی دووەمیش ماوەی گەشە و نەش و نما کاری مەدەنی و بەشداری هەڵبژاردنەکان بوو، کەچی لە چارەکی سێیەمدا کۆمەڵ رووبەرووی شەپۆلی وازهێنانی سەرکردە و ئەندامەکانی لە ئاستە جیاوازەکاندا دەبێتەوە و هێشتاش بەردەوامە .

ئێستا ساڵی دووهەزارو نۆزدەیە، کۆمەڵیش و یەکگرتووش باسوخواسی کۆنگرەی دواکەوتوویانە کە دەبوو پێشتر سازکرابووایە، ئایا کۆمەڵ و یەکگرتوو دەیانەوێ گۆڕانکاری بکەن؟ خۆیان بگۆڕن؟ ئایا چۆن وەڵامی چاوی جەماوەر و ورەی ئەندامەکانیان ئەدەنەوە؟ چی بکەن؟

قسەی پێویست بۆ ئێستا و ئایندەی کۆمەڵ و یەکگرتوو لە زۆر بۆنەدا دەکرێ و هەریەک لە ئەمیری کۆمەڵ و ئەمینداری یەکگرتوو

باسوخواسی گۆڕانکارییان هێناوەتە ئاراوە، ئەوەتا ئەمیری کۆمەڵ تێپەڕاندنی هێڵەکانی ناو حزبەکەی تا لێکردنەوەی پاشگری ئیسلامیی بە ناوەکەیانەوە بە پێویست دەزانێت و ئەمینداری یەکگرتووش جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر پەروردە وەک هەنگاوی یەکەم بۆ هەستانەوەی ئەو حزبە بە گرنگ دەزانێت و بەو ئاراستەداچوونەش بە چالاکی مەکتەب و دەزگاکانی یەکگرتووەوە دیارە.

ئەگەر لە بۆشایی سیاسی و غیابی ۆپۆزسیۆنێکی فیعلییەوە سەیری بارودۆخی سیاسی کوردستان بکەین، دەبینین مۆدێلی ئۆپۆزسیۆنی حزبیی کە کۆمەڵ و یەکگرتوو بەشێکی سەرەکی بوون لێی بە تەواوەتی بەسەرچووە و ئۆپۆزسیۆنی کەسیی و پڕۆژەیی جێگرەوەی بەهێزە، بۆیەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵ و یەکگرتوو حزبن، تاکە بژاردە بۆیان بوونیانە بە ئۆپۆزسیۆنی پڕۆژە.

ئۆپۆزسیۆنی پڕۆژەیی، بە تێپەڕاندن لە بەرژەوندی ژمارەیی دەبێت، نابێت چاویان لەوە بێت دوو کەسی زیاتر بنێرنە پەرلەمان و دوو سەرکردەیتر بکەنە وەزیر، یەکگرتوو و کۆمەڵ پێی بزانن یان نا، دانی پیا بنێن یان نا، لە بەشداری حکومەتە جیاوازەکان و لە ئۆپۆزسیۆنی حزبیشدا زەرەرمەندبوون، ئێستاش وا ئەنجامەکەی دیارە، بۆیەش ئەوەی پێویستە بیکەن بوونیانە بە ئۆپۆزسیۆنی پڕۆژە.

خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا کەمبودی دوو پڕۆژەی زۆر گرنگی هەیە، بۆیەش کۆمەڵ و یەکگرتوو بە بوونیان بە ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لەو بوارانەدا هەم جەماوەر سودمەند دەبێت هەم ئەندامانی حزبەکانیش ئاهێک دێتەوە بە دڵیانا. ئەو دوو پڕۆژەیەش پەروەدە و

**خزمەتگوزارییین، با کۆمەڵ و یەکگرتوو دوو پڕۆژەی هاوبەشیان هەبێت و ببنە ئۆپۆزسیۆنی جیددی بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵگە لەسەر لادانەکان و گێڕانەوەی شیرازە بۆ خێزانەکان، با شەڕیان بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە بێت بۆ تاک بە تاکی کۆمەڵگە، و ئۆپۆزسیۆنی فیعلی بن بۆ خزمەتگوزاریی و کێشە و قەیران و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، ئۆپۆزسیۆنی پڕۆژەیی بۆ پەروەردە و خزمەتگوزاری بژاردەیەکی بەهێزە کە هەم حزب و هەم فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو دەتوانن کاری جیددی بۆ بکەن و گوژمێک بە کاری خۆیان بدەن و هەستنەوە سەر پێ!**

# ڕۆژی قودس؛

# بەرەو بەرگری لە قوربانییانی ستەمکاری

"رۆژی قودس ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی چەوساوەکانە بەرامبەر بە ستەمکاران".

جیهان لە ستەم و زوڵم و چەوساندنەوەی هەمەلایەن و فرەبازنەدا دەکوڵێت و تا دێت ژماری قوربانییان زیاتر دەبێت، خەمخۆرانی و دڵسۆزانی مافی مرۆڤیش دەستەوەستانن لە ڕێگریکردن لەم ستەمە فراوانە و بەرگری لە قوربانییان، ئەم وتارە تیشکێکی خێرایە بۆ سەر رەوشی مافی مرۆڤ لە جیهان و خستنەرووی نمونەیەکی گرنگ و کاریگەرە و پێشنیاری رێگاچارەی دەربازییە.

مافی مرۆڤ لە جیهاندا

چەمکی مافی مرۆڤ پاش جەنگی دووەمی جیهانیو دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی 1945 ەوە هاتە ناو باسوخواسە ئەکادیمیو زانستییەکان، مافی مرۆڤ کورتو پوخت باوەڕبوونە بەو مافانەی پێویستە لەسەر مرۆڤ هەبن، لەئایینو ڕەنگو ڕەگەزو نەژادو نەتەوەو جوگرافیاو بارودۆخو ئازادییەکانو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو باشو خراپییەکانو تەنانەت ئەو هەڵانەی مرۆڤ لەبوارە جیاوازەکانو کایەکانی ژیانیدا ئەنجامیان دەدات، چونکە خودا ئازادی بەخشیوەتە مرۆڤەکان.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەچەندین دەقدا جەختی لەسەر مافی مرۆڤو ئازادی مرۆڤو کۆتاییهینان بەجیاکارییەکان کردۆتەوە، ئایەتی «**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ» (حجرات: 13)**،**و فەرمایشتی** پێغەمبەر **(د.خ) لەمەراسیمی فراوانی حەجی ماڵئاوایی‌دا وردتر ئەو بابەتەی تۆخکردۆتەوە** « **يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَلَا إِنَّ رَبَّكُمْ وَاحِدٌ وَإِنَّ أَبَاكُمْ وَاحِدٌ ، أَلَا لَا فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى أَعْجَمِيٍّ وَلَا لِعَجَمِيٍّ عَلَى عَرَبِيٍّ وَلَا لِأَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ وَلَا أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ إِلَّا** بِالتَّقْوَى»، هەروەها ئەو سەنەدە ئایینیەش بۆ هەمیشە دەدرەوشێتەوە کە دەفەرموێ "چۆن مرۆڤەکان دەچەوسێننەوە لەکاتێکدا ئەوان بەئازادی لەدایکبوون".

لە لایەکیتریشەوە یەکێك لەبنەماکانی مافی مرۆڤ پاراستنی کەرامەتو شکۆی مرۆڤە، عیزەتو کەسایەتیو پێگەی بەرزو تەنانەت شەرەفیش دەگرێتەوەو مرۆڤ بەهەموو بوونیەوە پێویستە لەسەنتەری ڕێزو گەورەییەکاندا بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ باوەڕبوونە زارەکییەکان، لەگەڵ بوونی مادە دەستورییەکانو یاساو پرۆژە یاساکانی مافەکانی مرۆڤو بوونی هەزاران سەنتەرو ڕێکخراوی نێودەوڵەتیو جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئێستا دەبینین ڕۆژبەرژ توندوتیژیو تیرۆرو جەنگو تاوان لەزیادبووندایە، بەشێوەیەك مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پێشێلو پایەماڵ دەکرێن وجارێکیتر پێناسەکردنەوەو پێداچوونەوە بەمافی مرۆڤو تێگەشتنو کارپێکردنەکانی بووەتە ئەمری واقیع.

## بۆچی مرۆڤ هەر قوربانییە؟

لێرەوە پرسیارە گرنگەکان دێنە پێشەوە، ئایا بۆچی بەم هەموو تێگەشتنەوە پرسی مافی مرۆڤ هەر قسەیەو ناچێتە جێبەجێکردنەوە؟

بۆچی هەمووان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و ناوخۆیی وهەرێمی و ناوچەیی مافی مرۆڤ‌و ئازدییەکان پێشێل دەکەن، بۆچی سەخترین جۆری خەمخواردن ئێستا پێشێلکردنی مافی تاکە لەسەرزەویدا، لەشوێنی کارەکەی، لەسەر بیروباوەڕەکەی، لە زێد و شوێنی نیشتەجێبوونی؟

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەبینین پرسی مافی مرۆڤ بەنەتەوەکان ڕەوا نابینرێت، مێژوویترین نمونەش ئەو زوڵمە گەورە دەیان ساڵەیەیە کە لە میللەتی ستەمدید و مەزڵومی (فەلەستین) دەکرێت، زلهێزانی جیهان رۆژ دوای رۆژ فەلەستینییەکان لە زێد و وەتەن و نشینگەی خۆیان دەچەوسێننەوە، مافی ژیانیان پێ ڕەوا نابینن، رژێمی زایۆنی بە هاوکاری زلهێزان تا دێت ئەم وڵاتە زیاتر دەگوشن و کەرامەتی مسوڵمانان و خاوەنە رەسەنەکانی ئەم زێد و ئاوەی تیا دەکوژن و ئاوارە و دەربەدەریان دەکەن و لە تازەترین پیلانیشیاندا جارێکیتر فەلەستین یەکەم رووگەی موسوڵمانان داگیر و دابەش دەکەن، ئەوەی رۆژئاواییەکان دەیکەن خراپترین جۆری مامەڵە لەگەڵ مرۆڤە رۆژهەڵاتییەکاندا، بۆیەش زۆرجار تێگەشتنەکان پێچەوانە دەبنەوە، وەك بڵێی مافی مرۆڤ چەکی زلهێزەکانە بۆ دامرکاندنەوەی میللەتانی ژێردەستەو لاواز، ڕەنگە خاڵی گرنگ لەپرسی مافی مرۆڤدا ئەوە بێت بێدەنگییەکان، یان ناپابەندی‌و ناکردارییەکان دەردەخات، ئەوەتا زۆرێك لەو وڵاتانی سەرزەوی مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن‌و لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیاندا دایدەتاشن‌و تەنانەت ئەو وڵاتانەش خۆیان بەپارێزەری مافی مرۆڤ دەزانن دنەی ناپابەندییەکان دەدەن.

ئەگەر وردتر سەرنجی بارودۆخی مافی مرۆڤ لەسایەی سیاسەت و رامیاری جیهانیدا بدەین دەبینین، ستەمکارییەکان بەرامبەر بە

موسوڵمانانی جیهان نەک تەنها کوشتن و بڕین و قەتلوعام و کاولکاری و ئاوارەیی بەڵکو فیکر و فەلسەفە و پەروەردە و زمان و کلتور و ڕەسەنایەتییەکانیشی گرتۆتەوە و ئێستا لە هەموو کات زیاتر مرۆڤ بە تەنها لە بەرەئەوەی پڕۆ-ڕۆژئاوایی نیە دەچەوسێنرێتەوە.

## داگیرکاری جیهان لە کوێوە بۆ کوێ؟

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین کە پرۆسەی ئەمریکانیزەیشن یان ماکدۆناڵیزەیشن، نەک هەر سەپاندنی زمان و فەرهەنگ و خواردن و بیرکردنەوەی رۆژئاواییە بەسەر جیهاندا بەڵکو داگیرکردنی شوناس و ناسنامە و بیرکردنەوە و پەروەردە و تەنانەت ئایینداری مرۆڤیشە، ئەوان هاتن و لە ڕێگەی ڕێکخراوە تەبشیری و پەروەردەییەکانەوە کتێب و پڕۆگرامە پەروەردەییەکانیان گۆڕی، لە ڕیگای بازرگانی وبزنسەوە ستایڵی ژیانیان گۆڕی، لە ڕێگای گەشتوگوزارەوە شوێنە مێژووییەکان و لە ڕێگای سیاسەتی نێودەوڵەتیشەوە کەلەپور و سەروەت و سامان و شوێنەوار و ژیانی ئێمەشیان دزی، بە شێوەیەک ئێستا نەک تەنها فەلەستین زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی داگیرکراون، بۆیەش تاکە ڕێگاچارەی ئەم دەربازبوونە وەستانەوەیەکی جیهانییە کە بە پاڵنەری فیکری و ئایینی و پەروەردەیی بتوانێت ئەم زوڵم و ستەمە جهانییە ڕابگرێت.

## لە فەلەستینەوە دەرگایەک دژی ستەمکاری

بەلای زلهێزانی جیهانەوە، داگیرکاری فەلەستین و قودس و هەوڵەکانییان بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ئەم وڵاتە، تەنها پرسێکی

سیاسی و بازرگانی نیە، بۆیەش کاتێک لە بارودۆخەکە ورد دەبینەوە، دەردەکەوێت کە داگیرکردنی قودس دەرگایەکە کە لێیەوە ستەمکاری و سەپاندنی هەژموونی قورخکاری بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاراستە دەکرێت و میللەتانی جیهانی سێیەم زیاتر و زیاتر لە رەسەنایەنی و شارستانیەتی خۆیان تەرە دەکرێن.

وەستانەوە دژی ئەم داگیرکارییەش لە جیهاندا رەوتی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوەو قۆناغی جیاوازی تێپەڕاندووە، بەلای سەرکردەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە وەستانەوە دژی داگیرکاری فەلەستین و قودس بە تەنها داگیرکاری وڵاتێک وشارێک نەبووە، بەڵکو بێدارییەکی جیهانییە دژی ستەمی جیهانی.

د. بەرهەم ساڵح، سەرۆك کۆماری عیراق لە یەکێک لەدیدارەکانیدا ڕایدەگەیەنێت، "پێویستە شاری قودس و تەواوی شوێنە پیرۆزەکان لە پێشێلکارییەکان بەدووربگرێن، جەختیشی لەسەر پێویستی خستنەگەڕی هەوڵەکان کردەوە بۆ بەدیهێنانی خواست و هیوای گەلی فەلەستین بۆ چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری و دەستبەرکردنی مافە ڕەواکانی، وڵاتی ئێمە لە پێشەنگی بەرگریکاران بووە لە فەلەستین و پرسی فەلەستین-یشی لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا بە یەکەم پرس داناوە"

بەبڕوای م. سەلاحەدین محەمەد بەهادین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، "هەر کەمتەرخەمییەك بەرامبەر مزگەوتی ئەقسا کەمتەرخەمییە

بەرامبەر کەعبە"دەشڵێت، "قودس و مزگەوتی ئەقسا بۆ موسڵمانان و ئومەتی ئیسلامی بە گشتی یەکێکە لە موقەدەساتەکان، موقەدەساتیش شتێك نییە موساوەمەی لەسەر بکرێت یان چاوپۆشی لێبکرێت، ئەم بڕیارەش بڕیارێکی هەڵە و خەتایە بەرامبەر بە ئومەتی ئیسلام و موقەدەساتی موسڵمانان، جگە لەوەش موقەدەساتی مەسیحییەکانیشە، پرسی قودس پرسێکی مێژوویی و موقەدەساتی و مەعنەوییە و تەنازولی لەسەر ناکرێت و کارێکی هەڵەیە"

ئەم داگیرکراییە تا سەر نابێت و ئەمەریکاو جوولەکەش، درەنگ یان زوو لە داگیرکردنی قودس پاشگەز دەبنەوەو، ئەگەر واش نەکەن، ڕۆژ بۆ ڕۆژ هەرچی زیاتر زیانو سەرئێشەو پەشیمانیی دەچننەوە، ئەوەش بە بڕوای م. عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی.
" ئەمریکاو هەنگاوەکانی بۆ داگیرکاری قودس، هۆکاری وروژاندنی هەست و نەستی زۆربەی خەڵکی دنیایە لەدژی ئەمەریکا، کە ئاوا تاکڕەوانەو بەبێ گوێدانە دامەزراوەو نێوەندە نێودەوڵەتییەکان، بڕیاری هێندە مەترسیدار دەدات". ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە یەکێک لە پەیامەکانیدا لەسەر داگیرکاری ئەمریکا و ئیسرائیل لە قودس وفەلەستین وا دەڵێت.

## ڕۆژی قودس؛ بەرخودان و بەرگری

بەرگری لە ستەمدیدەکانی جیهان و وەستانەوە دژی ستەمکارانی جیهانی و بەکرێگیراوەکانیان لە ناوچەکە و جیهان دەبێت ئەرکی هەر

مرۆڤێکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ له جیهان  بێت لەسەر هەر بیروڕا و مەزهەبێک بێت.

قودس قیبلەی یەکەم و حەرەمی دووەمی موسڵمانەکانی جیهان، نیشتمانی ملیۆنان ئاوارەی موسڵمانی فەڵەستینییە کە ڕەوتی ستەمکاری جیهانی لە لایەن ڕژێمی زایۆنیەوە لە ساڵی ١٩٨٤ لە ژێر دەستی دانیشتووانەکەیەوە دەریهێناوە و لە ئێستادا لە لایەن داگیرکەرانەوە بەڕێوە دەبرێت.

بۆ بەرگری لەو ستەمە گەورەیەش، رۆژی جیهانی قودس کە وا نزیکەی چوار دەیەیە لە ئێرانەوە ڕاگەیانراوە، ئۆپشنێکی کاریگەرە دژی ئەو جیهانگەرییە ستەمکارانەیەی، سەرزەوی داگیرکردووە و ماڵ و موڵکی ڕۆژهەڵاتییەکانی تاڵان کردووە، فیکر و بیرکردنەوە و پەروەردەو زمان و فەرهەنگ و کەلەپوورەکەیانی دزیوە.

"ڕۆژی قودس ڕۆژێک نییە کە بە تەنیا پەیوەندی بە قودسەوە هەبێت. رۆژی قودس ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی چەوساوەکانە بەرامبەر بە ستەمکاران، ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی زلهێزەکانە. ڕۆژی قودس ئەو ڕۆژەیە کە دەبێت هۆشداری ئەوە بە زلهێزەکان بدەین کە چیدی ئیسلام لە ژێر دەسەڵاتی ئێوە و کردەوە نەشیاوەکانی ئێوەدا نییە. رۆژی قودس ڕۆژی ژیانەوەی ئیسلامە. ڕۆژێکە کە دەبێت ئیسلام زیندوو بکرێتەوە ". ئیمام خومەینی دامەزرێنەری رۆژی جیهانی قودس لە یەکەمین ڕاگەیەنراوی ئە ڕۆژەدا ئاوا پێناسەی کرد.

گەلانی جیهان لەم ڕۆژەدا، داوای لەناوچوونی زوڵم و بەرەی ستەمکاران دەکەن، لەم ڕۆژەدا تیرۆر و داگیرکاری و ئەشکەنجەی کەسانی بێتاوان لە فەڵەستین ئیدانە دەکەن، و چاوکانیش هەموو لەسەر ئەوەن کە کەی ئەم هەوڵانە ئەنجامێکی دڵخۆشکەرییان لێدەکەوێتەوە و مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەناسەیەکی ئارامی دەدات و لە داگیرکاری رزگاری دەبێت.

هەروەک ڕابەڕی شۆرشی ئیسلامی ئێران پێی وایە: "ڕۆژی قودس، رۆژێکە بۆ وتنی راستی بە دەنگی بەرز دژی داگیرکارییەکان، بزوووتنەوەیەکی بێداری و وهۆشداری و وەستانەوە بوو دژی ستەمکارییەکان".

ڕۆژی ٢٨ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمرکا و بنیامین ناتانیاهو سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، رێککەوتننامەی سەدە راگەیەنرا، کە بانگەشەی کۆتایی هێنانی ململانێکانی جیهانی ئیسلامی و جولەکەکانە، بەڵام ئەم ریککوننامەیە کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە بەیاننامەیەکیدا، رێکەوتنی سەدەی بە "خیانەتی سەدە" ناوبرد، د. محەمەد جواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران رایگەیاند: "رێکەوتننامەی سەدە پرۆژەیەکی خەیاڵییە کە کارکردن لە سەری مایەپوچت دەکات، ئەوە تەنها خەونێکی ناخۆشە بۆ ناوچەکە و جیهان"

هەروەک لە عێراق دا زۆرینەی سەرکردە باڵاکانی وڵات رێککەتننامەکەیان ڕەتکردەوە، عادل عەبدولمەهدی سەرۆك

وەزیرانی ئەوکاتی عیراق لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی هاوبەش لەگەڵ محەمەد ئەشتیە سەرۆك وەزیرانی فەلەستین، رێکەوتنی سەدەیان ڕەتکردەوە و رایگەیاند: "دۆسێی فەلەستین دۆسێی ئێمەشە و پشتیوانی لێدەکەین"، لای خۆشییەوە سەید عەمار حەکیم سەرۆکی رەوتی حیکمە رایگەیاند: "قودس هەموو کات دۆسێیەکی مرۆیی و ئیسلامی و عەرەبی دەمێنێتەوە و بابەتێك نییە لە بازاڕدا مامەڵەی پێوە بکرێت". هەروەها یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی عیراقیش جەختیکردۆتەوە لەوەی "قودس هەمیشە پایتەختی فەلەستین دەمێنێتەوە".

چارەنووسی گەلانی زوڵملێکراو پێویستە دیاری بکرێت، دەبێت گەلانی زوڵملێکراو خۆیان لە بەرامبەر ڕەوتی ستەمکاری پیشان بدەن، ڕۆژی قودس وێستگەیەکی جیهانییە بۆ وەستانەوا دژی داکیرکاری و ستەمکاری و قرتاندنی هەموو هەوڵێکی گۆڕینی شوناس و ناسنامە و فەرهەنگ و کلتور و کەلەپوری وڵاتانی ڕۆژهەڵات.

لە کۆتاییدا، ڕۆژی قودس جگە لە کلیلێک بۆ کردنەوەی دەرگای خۆڕاگری و وەستانەوە دژی داگیرکاری، دەرفەتێکی گونجاوە بۆ یەکگرتوویی ستەملێکراوانی جیهان تا شکۆ و گەورەیی خۆیان بە ڕەوتی ستەمکاری جیهان پیشان بدەن و بەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن، ئاراستەی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و هەوڵە گوماناوییەکان تا دێ زیاتر دەبن بەڵام هێزی بەرخودان و گیانی بەرگریکاری تا دێت سەوزتر دەبێت.

# دابەشبوونەکە تا کوێیە؟

زۆرجار لێرە و لەوێ باسی ئەوە دەکەین کە کۆمەڵگەی کوردی دابەشبوونی بە خۆیەوە بینیوە و بەسەر ئاراستە جیاوازەکاندا دابەشبووە، بەڵام کەمتر سەرنجمان داوە ئایا دابەشبوونەکە تا کوێیە؟

وردتر لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لە باشوور بوەستین و ئاوڕێک لە رابردوو بدەینەوە دەبینین، بەزم و رەزمی ئاو و باخ و رەز و موڵکەکان گیرۆدەی جۆرێک لەدابەشبوونی کۆمەڵگە بوون و ئەو زەوییە رەقە بووەتە قوربانی ئاغا و دەرەبەگ و خان و کوێخاکان و دواتری شێخ و ئەفەنییەکانی قۆناغە جیاوازەکان، ئەوەتا ناکۆکی جەماعەتی شێخەکان و رازیبوونیان بە رێژەی باج وسەرانەکان ئاوارەبوون و دەربەدربوونی کەسایەتییەکی وەک د. موستافا زەڵمی لێدەکەوێتەوە کە لە زێدەکەی خۆی و لە پیشەیی مەلایەتی راودەنرێت و تا کۆچی دواییشی کرد تێر تاسەی مەفتەنەکەی نەشکا و بە یەکجاریش وازی لە پیشەکەی پێشووی هێنا.

ئەو نمونەیەم بۆیە باسکرد تا بزانین کە دەیان ساڵە کۆمەڵگەی کوردی دابەشبووە، بەشە زەقەکانیش مەلایی و جەلالی، ئیسلامیی وعەلمانی، ئەملایی و ئەولایی، سەوز و زەرد، هەولێر و سلێمانی، ریفۆرم و موحافیزکار و پیر و نەوەی نوێ و تا دێت زیاتر وزیاتریش دەبن.

ئەوەی ئەم لێکەوتانەی لێکەوتووەتەوە، یەکتر قبوڵنەکردن و هەوڵدان بووە بۆ یەکتر سرینەوە، کار و کاردانەوەی قۆناغە جیاوازەکان، شەڕ و ناسازییەکان، یەکتر کوشتن و پایەماڵکردنی حەریمی یەکتر، دواجاریش شەڕی ناوخۆ و یەکترپانکردنەوە و لە تازەترین مۆدیلیشدا داشۆرینی ئیعلامی و تاسەرئێسقان گەیاندنی ناکۆکییەکانە.

لە ماوەی رابردوودا ئێمە بەشە سەرەکییەکان یان لاوەکییەکان و یان قوربانییەکانی ئەم ناکۆکی و ململانێیانە بووین، ئەوەتا ئاهەنگ و خۆشی و ناخۆشی و هاوسۆزییەکانیشمان دابەشبوون، بچوکترین رووداو سەرتاپای ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتمان دابەشدەکەن، فەیس بووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانمان دەگەنە بینەقاقا.

دوایین سەفەری د. بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق بۆ هەولێر و گیانلەدستدانی د. محەممەد مورسی سەرۆکی کۆماری لەسەرکارلادراوی میسر بە نمونە وەربگرین، زەق زەق ئەم دابەشبوونانە دەبینین، بەرژەوەندی گشتی و تایبەتی و میزاج تێکەڵی هەموو پەرەگراف و پاکێجەکانی حزبایەتی دەکەین و دێین جارێکیتر و لە دەروازەیەکی تەسکی بیرکردنەوە بچوکەکانەوە لەم ئێڤێنتانە دەروانین.

رەنگە یەکێک لەباشترین سەفەرەکانی سەرۆک کۆماری عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیدا ئەو سەفەرەی هەولێر بووبێت، ئەوەتا تێرمێکیتری گفتوگۆی نێوان هەرێم و بەغدای هێنایە ئاراوە و

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی بردەوە بەغدا، کەچی هەزاران ڕەخنەی لێگیرا و هەرکەسە و بە زەوقی خۆی دیوەکەی لێکدەدایەوە.**

**لەولاشەوە، گیانلەدەستدانی سەرۆک کۆماری لەسەرکارلادراوی میسر نادیموکراسیترین و نائەخلاقیترین ڕووداوی ئەم دەیەیە کەچی تانەنەت ئەو کەسانەش خۆیان بە داکۆکیکاری دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەزانن لە ئاستی ئەم ڕووداوەدا دیموکراسییان لە بیرچۆتەوە و لۆمە و سەرکۆنەی بەرامبەر دەکەن و بە ئیخوانیی وشک وەسفیان دەکەن. ئەمە دەرئەنجامی هەموو دابەشبوونەکانە، گومانی تێدا نامێنیت، ئێمە بە تەواوەتی دابەش بووین و دابەشبوونەکە تا ئەخیر خاڵی دینداری و کوردایەتی و مەدەنییەت و دیموکراسیبوونمان ڕۆشتووە.**

# تاپوولی سیاسیی!

زۆرن ئەو بازرگان و بزنسمانانەی لە لوتکەی ساماندارییەوە دەڕوخێن و وەرشکەستەدەبن و لە کوردەواریشدا پێیان دەوترێ تاپوول کراون، جا ئەی ئەوانەی لە سیاسەتدا ئەدۆڕێن چی؟

ئەگەر چوار دەیە بۆ سیاسەتکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان مەزەندە بکەین دەبینین، کەمترین سیاسی براوەمان هەیە و بە پێچەوانەوە دەیان حزبی دۆڕاو و هەزاران سیاسیی دۆڕاو لە زیهنییەتی زۆرینەدا هەیە و قسەیەکی باویش دەکرێ ببێتە ئارگومێنت -جا سیاسی سەرکەوتوومان هەبووایە وەزعمان ئاوای لێدەهات؟-

کێن ئەو سیاسییانەی تا زۆرتریان هەبێ زیاتر دۆڕاون، کێن ئەو تەبەقە سیاسەتوانانەی تا زیاتر پلەی حزبی ببڕن زیاتر دەکەونە خوارەوە، ئایا تاپوولی سیاسی و موفلیسی سیاسی کێن؟ بۆچی دان بە دۆڕان و تاپوولبونیاندا نانێن و بە دەردی خۆیانەوە دانانیشن؟ ئەوان بەو دۆڕاوییە چییان لێ دەوەشێتەوە؟

ئەگەر سێ ساڵی پێشتر شاردنەوەی دۆڕاویی سیاسی ئاسان بووێت و لە بەرامبەر بەخشینەوەی چەک و پارە و ئۆتۆمبێل و دەعوەتی گەورە و گەورە و دروستکردنی چەند پڕۆژەیەکی خێرخوازی و ناوی قەبە بەس بووبن بۆ ئەوەی تاپوولە سیاسییەکان نەناسرێن، ئەوا ئەم دەیەی خەریکە دەیگەیەنینە کۆتایی هەموو شتێ پێچەوانەیە و

نە دەعوەتیی و نە پارە و دەمانچە بەخشینەوە و نە پڕۆژەی نوێ و زاراوای نوێ بۆ جیهانی سیاسی دادی تاپوولە سیاسییەکان دەدات و وەک رۆژی روون دیارن.

پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەم فۆڕمە حزبییەی کوردستان تاڵ و شیرینە، حزب بۆ بەرژەوەندی خۆی و ژمارەیەک دەستڕۆیشتووی کورسی هەبێ و نەبێ، سەنگی هەبێ و نەبێ، گەورە بێ یا بچوک دەتوانێ لەگەڵ دەسەڵات ڕێک بکەوێ و "شتێ بۆ خۆی بپچڕێنێ" ئەمە شیرینە، بەڵام کاتێک ئەم تاکتیکەی بە ناوی دیبلۆماسییەوە دەبێتە ژەهر بۆ بن داری هیواداری و بەرژەوەندی گشتی و خەمی خەڵک، ئیتر تاڵە، بە راستی ژەهرە.

من هەرگیز بڕوام بە تێکچوونی پەیوەندی نێوان حزبەکان نیە، ئەوەی حزبی سین ئەمڕۆ بۆ وای دەکات، دوێنێ صادیش کردی و دەشتوانێ بەیانیش بیکاتەوە، لەبەر ئەوە پڕۆژە و دیدگا و نیشتیمان و خۆبەخش و گێڕانەوەی شکۆی مرۆڤ و ئەم خەڵکویستیانەی کراونەتە بالۆرە نەک هەر تاڵن بەڵکو بوونەتە تاڵانکاری هیوادارییەکانی شەقام و داخوازییەکانی خۆپیشاندەران و ژەهری مەرگی ناڕازییەکان، ئەوەی دەسکەوتە کێ دەتوانێ لەم تاڵ وشیرینەدا راست بمێنێتەوە، نە خۆی بخەڵەتێنێ و نە میللەت و نەبێتە تاپوولی سیاسی .

ئەگەر نوختە بخەینەسەر پیت، تاپوولی سیاسی ئەوانەن کە ڤێلا و باڵەخانە و باخ و عەرزە و حیمایە و داگیرکارییەکانیان سنووری تێپەڕاندووە کەچی لای خەڵک هەر بە دۆڕاو دەناسرێن، ئەوانەن

چەندین پۆستی جیاوازیان تاقیکردوەتەوە و ڕێگربوون لەوەی کەسێکیتر ئەو پۆستە وەربگرێت و هێشتاش هەر دۆڕاون، ئەوانەی بەرژەوەندی خۆیان و کۆمپانیا و دایرەکەیان دەخەنە پێش هەموو شتێکەوە و هەر نەبوونی دەچێژن، ئەوانەی خەون و خەیاڵ و هیواداری نیوەی خەڵکی کوردستان دەکەنە قوربانی بەرژەوەندی خۆیان و تەپۆڵکەکانیان، ئەوانەن ڕێگا نادەن چوار گەنجی خوێنەوار بێنە پێشەوە و تاپۆی تاپوولیەکانیان شاردۆتەوە، ئەوانەن پرۆژە نوێ و گردبوونەوەی نوێ و بیری نوێ و بیرکردنەوەی نوێ و خوێنی نوێ و هێزی نوێ دەکەنەوە سفر چونکە خەمەکەیان شتێکترە. ئاخر کارەسات ئەوەیە، تا دروستبوونی چوارچێوەکە و قوتاربوونیان لە قۆرتەکانی سیاسەت خۆیان سادە دەکەنەوە و لە ناو جەماوەردا دەبن و لە پڕێکا خۆیان دەگۆڕن و بیریشیان دەچێتەوە کێ بوون و چۆن وایان لێهات.

کوردستان ئەگەر قومارچی دۆڕاوی زۆر بێت، ئەکادیمی و مەلا و زانای کەوتووی زۆر بێت و بازرگانی موفلیسی زۆر بێت، هێشتا ژمارەی تاپولە سیاسییەکان زیاترە، بۆیەش گرنگە لە ئێستاوە هەرکەسێک نیازی پرۆژەی نوێ و دیدگای نوێ و بیرکردنەوەی نوێی بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە خستەڕوو، سەرەتا بزانرێت خۆی و گروپە نزیکەکەی تاپوولی سیاسین نین، چونکە ئەگەر بازرگانی موفلیس ئەگەری هەستانەوەی هەبێت ئەوا تاپوولی سیاسی هەرگیز هەڵناسێتەوە، ئاخر دۆڕان و تاپوولپونەکەی ئەو بە مادە نەبووە تا پاش دەوڵەمەندبوونی بۆی بگەڕێتەوە، کوردستان کوشتەی بەردەوامی و دەمگەرمی تاپوولە سیاسییەکانە!

# د. بەرهەم و هاوپەیمانیی و سەرۆکایەتی کۆمار!

چەند ڕۆژی رابردوو م. جەعفەر یەکێک لە کاندیدەکانی لیستی یەکێتی بۆ هەڵبژادنی ١٢ی ئایاری ٢٠١٨، کە ناوی لە ریزی ئەو کاندیدانەشدا هەبوو هاواری دزرانی دەنگەکانیان لێ هەستا، وتارێکی نوسیوە و ژمارەیەک راستی تێکەڵ کردووە، وەک نزیکێک لە رووداوەکان دەمەوێ بنوسم، چونکە چەوتییەکان بەر لەوەی ببنە لاپەڕەی مێژوو دەبێ راست بکرێنەوە.

مانگی یەکی ساڵی ڕابردوو، خۆم و ژمارەیەک لە هاودیدان بووینە لیژنەیەکی چەند کەسی و چووینە سەر ستەیجی هۆڵی هایکرێست و بە بەشداری ٨٥٠ کەس و بە سەرۆکایەتی د. بەرهەم ساڵح هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریمان ڕاگەیاند، ئەمە یەکێک بوو لە بەربڵاوترین هەواڵەکانی رۆژ لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا، بەشداری هەڵبژاردنی ١٢ی ئایارمان کرد و دەنگەکانیان تاڵان کردین و هەڵبژاردنیان لێ کردینە سکانداڵ و هیوادارییان بە هەر چوار پەلەوە خنکاند. هاوپەیمانی بەو ناو و ریتمەوە درێژەی کێشا تا ئەوکاتەی د. بەرهەم ساڵح بوویە سەرۆکی کۆمار عێراق.

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم چوونەوەی د. بەرهەم بۆناو یەکێتی یەکێک بوو لە ناخۆشترین هەواڵەکان، تاڵییەکەی تا قووڵای دڵ و گیانمان رۆشت، تا نەفەسی چاڵە قووڵەکانی دۆستایەتی و ورەبەرزی و هیواداریيمان قومی کێشا، بەڵام ئێمە زۆر باش لە راستییەکان دەگەشتین و ئەوەشی لە هاوپەیمانییەوە فێربووین رێزگرتن بوو لە

ڕای جیاواز و کۆتاییهێنان بوو بە تەخوین وتەشهیر، بۆیەش نە د. بەرهەممان رەخنەباران کرد و نە ڕێگەمان بەخۆماندا نەریتە سەقەتەکان دووبارە بکەینەوە.

م. جەعفەر و هەموو خەڵکی کوردستان و عێراقیش چاک دەزانن، پڕۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ١٢ی ئایاری ٢٠١٨ کۆمیدیترین هەڵبژاردنی مێژووی عێراق بوو، پڕبوو لە نوکتە و مەهزەلەی پێکەنیناوی، و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقی خستە ژێر پرسیارەوە، چونکە گەوجانەترین پڕۆسەبوو کە پڕبوو لە هەڵە و کەموکوڕی و ساختەکاری، و لە مێژووی عێراقدا و لە سەردەمی دیکتاتۆرەکانیشدا هەڵبژاردنی لەو شێوەیە بەڕێوەنەچووبوو کە پڕ بێت لە مەهزەلە و تاڵانچییەتی و بە ئاشکرا دەنگی هاوڵاتیان بدزرێت و بخرێتە بەرژەوەندی خەڵکیترەوە. ئەمە دەقیقەن ئەو وێنەیە بوو لەو رۆژەدا بینیمان، ئیتر وێنەی فەزاحەت هەرگیز فەرحانەیی بۆ هیچ کەس تیا دەستنەکەوت نە بۆ د. بەرهەم و نە بۆ ئێمەی هاودیدی هاوپەیمانی.

وردەکاری ڕووداوەکانی پاش هەڵبژادنەکە و لۆبی و کامپەینەکانی بایکۆتی هەڵبژاردنی پەلەمانی کوردستان لە ئەیلولی هەمان ساڵدا و دواتریش داخستنی کەناڵی خەندان و دواجار گەڕانەوەی د. بەرهەم بۆ ناو یەکێتی و دەیان قۆرتی جۆراوجۆی ڕێگامان و بەردەوامی هاوپەیمانیی نیشتمانی زنجیرەی ئەو ڕووداوانەن کە تۆمارم کردوون و لە وەختی خۆیدا وەک خۆیان بڵاویان دەکەمەوە .

چەند شەوێک پێش ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار بەڕێوەبچێت، لە حەوشەکەی ماڵی خۆیاندا لە سلێمانی پێکەوە دانیشتین، د. بەرهەم دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی ئەنجومەنی دامەزرێنەران و بەڕێوەبردن کردبوو، پەسەند کرابوو و پرێس کۆنفرانسی بەردەوامی هاوپەیمانیش بەڕێوەچووبوو، یانی د. بەرهەم وەک جێگری سکرتێری یەکێتی ئەو شەوە میوە هاوینییەکانی ماڵەکەی لەگەڵ بەش کردین، ئەمە نە نهێنی گەورەی لە پشتەوە بوو نە رقئەستووری، هەربۆیەش بە لای ئێمەی هاودیدانی ئەوسا و ئێستای پرۆژەی هاوپەیمانییەوە د. بەرهەم مافی خۆی مومارەسە کردبوو، بنەماکانی مرۆڤ سەنتەریش کە ئێمە لە زۆرینەی بەشەکانی دیدگای نیشتیمانی و خیتابەکانماندا تۆخمان کردبوونەوە هاندەری بەردەواممان بوون لەوەی د. بەرهەم و هەموو ئەو کەسانەش پێش ودوای رۆشتنی ئەو بە خۆیان و بڕیارەکانیانەوە لە سەنتەری رێزی مامەڵە و خیتابە مرۆیی و سیاسییەکاندا ببینین .

بە ڕاستی پێم سەیرە م. جەعفەر ئاوا شتەکانی تێکەڵ کردووە و بیری چووەتەوە خۆی یەکێک بوو لە غەدرلێکراوەکانی هەڵبژاردنی ١٢ی ئایار، منیش و مامۆستا جەعفەریش کە هەردووکمان لەو هەڵبژاردنەدا کاندیدی ژمارە ٤ی لیستەکانمان بووین، باش دەزانین چۆن دەنگەکانمان دزران، ئاخر دزی و ساختەچییەتی و تاڵانیی دەنگێکی پاک تاڵترین یادەوەری ژیانی کاندیدە، ئیتر چۆن لە پێناو شتی تردا بتوانین شیرینی لە تامی هەڵوێستیتردا بکەین.

د. بەرهەم و ئێمەی هاودیدانی هاوپەیمانی زۆر بە راستمان بوو، زۆر بیرمان کردبوویەوە، زۆرمان نوسیبوو، زۆرمان وتبوو، یانی ئارەقەمان

ڕشت، خوێنمان کردە ئاو، لە خودی سەرۆکەوە تا دامەزرێنەرانی هاوپەیمانیی، تا ئەنجومەنەکان و تا شەونخونییەکانی دامەزراوەی هەڵبژاردن و ستافەکەی، تا تاک بە تاکی هاودیدانی دەڤەر و بازنەکان، تا کاندیداکان و ستاف و کامپەینەکانیان، بەڵام نا ئومێدی باڵی بەسەر هەرێمی کوردستاندا کێشا و هیوای کوشت کە ئێمە کردبوومانە ماکینەی گەرموگوڕی جەماوەر بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا، دواتریش ئەنجامەکەی بینرا، کە تەنها لە ماوەی چوار مانگدا ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ هەڵبژادنێکتیر لە سەدا هەفتاوە دابەزی بۆ سەدا بیستی ئەسڵی و سەدا پەنجای تەزویر .

هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری جوانترین هێزێک بوو، هەمووانی لەسەر بنەمای یەک بەرژەوەندی کۆکردوە، ئەویش مرۆڤسەنتەری بوو، پەیامێک بوو کە هیچ تاک و خێزانێک ڕەتی نەدەکردەوە، دیندار و بێ دین، ئیسلامی و عەلمانی، مەسیحی و یەزیدی و موسوڵمان، بێکار و فەرمانبەر، مامۆستای ئایینی و دکتۆر، ئەندازیار و مامۆستا، ژن و پیاو و گەنج و پیر، تەنانەت تا ئێستا یەک کەس نەبووە بڵێ دیدگا و پرۆژە و پەیامی هاوپەیمانی ناپەسەند و قبوڵنەکراوە، بۆیەش هاوپەیمانی جیاواز بوو، بە جیاوازی مایەوە و ئێستاش تێزەکانی لە دەماری هەموو هاودیداندا بوونەتە تاف و قەڵبەزەیانە، چ ئەوانەی گەڕانەوە ناو یەکێتی و چ ئەوانەی پشووی سیاسییان هەڵبژارد و چ ئەوانەشی بوونە درێژەپێدەری هاوپەیمانیی.

# کابینەیەک بۆ یەکەمینجار!

هەفتەی ڕابردوو کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور مەسعود بارزانی لە پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێبەخشرا، لە چەند ڕەهەندێکەوە ئەم کابینەیە تەواو جیاوازە، چونکە بۆ یەکەمینجارە بەم فۆڕمە پێکبهێنرێت.

پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش زیاتر لە نۆ مانگ دانوستان و کۆبوونەوەی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی ئەیلولی ساڵی رابردووی پەرلەمانی کوردستان بوو.

مەسرور مەسعود مستەفا بارزانی کوڕی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، یەکەمینجارە پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت وەردەگرێت، راستییەکان لەوەدا روونن کە ئاڵەنگاری ئەم کابینەیە زۆر زۆرن؛ قەرزی رابردوو، بێمتمانەیی خەڵک بە حکومەتداری، بارودۆخی هەرێمی، ناکۆکی ناوخۆیی و دەرەکی، رێگرییەکان، دابەشبوونی کاستەکانی ژیان لە زۆر دەوڵەمەندەوە بۆ زۆر هەژار، قۆرخکارییەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی رابردوو ... تاد، کەڵەکەبووی ئەو گرفتە سەرەکییانەن کە خراونەتە سەر مێزێک بۆ سەرۆک وەزیرانی نوێ، جا چوار ساڵی ئایندە تاقیکردنەوەیەکی سەخت دەبێت لە پێش هەمووانەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی کابینەی نۆیەم.

ئەم کابینەی لە مێژووی حکومەتداری کوردیدا یەکەمینجارە بێ بەشداری حزبە ئیسلامییەکان پێکبهێنرێت، ئەگەرچی ئیسلامییەکان رێژەی لەسەدا دوانزەی پەرلەمانی کوردستانیان هەیە، بەڵام وروژاندنی عاتیفەی جەماوەر بە لایەنە ئاینداریيەکان بۆیان سەخت نیە و پێویستە کابینەی نوێ وردتر مامەڵە لەگەڵ ئەم عاتیفەیەدا بکات، ئەویش بە کاڵکردنەوەی ئایدۆلۆجیا لە حکومەتداری و بنەبڕکردنی هەرجۆرە نیەتێکی تۆڵەسەندنەوەو پەراوێزخستن و لەبەرامبەردا پشتیوانی پرۆژە نیشتمانییەکان و ئاسانکاری و رێخۆشکاری بۆ گەشەی بیرۆکەی نوێ و فۆڕمی نوێی پێکەوژیانی ئاشتیانە.

ئم کابینەیە بۆ یەکەمینجارە لەبەردەم پەرلەمانێکدا بێت کە سەرۆکەکی ئافرەتێکی باڵاپۆش بێت، و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش تا ئاستی هاوڕێیەتی نزیک بێت لە سەرۆک وەزیرانی کابینەی نوێوە، پەرلەمانی ئەم جارەش ئەرکی قورسی لەسەرشانە، لەلایەک نەبوونی دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان بووەتە عەیبە و پێویستە هەرچی زووترە پرۆژەیاسای هەموارکراوی دەستووری هەرێمی کوردستان بخاتە ئەجێندای کۆبوونەوەکان و دەبێت یەکێک بێت لە کارەکانی ئەم خولەی پەرلەمان، لە لایەکیتریشەوە چاودێربوونی بەسەر کابینەی نوێوە، بۆیەش کابینەی نوێ بەهەر بارێکدا مامەڵەیەکی ئاسانی رووبەروو نابێتەوە.

حکوومەتداری کابینەی نۆیەم لە حاڵێکدایە زیاتر لە سێ هێز ئۆپۆزسیۆنی کابینەکەن کە لەرابردوودا فۆڕمی ئۆپۆزسیۆنبوون بە

قبوڵنەکراوی تاقیکراوتەوە و متمانەی پێویست لە نێوان حکومەت و پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆندا کەمتر ڕەنگی داوەتەوە.

ئەگەرچی پێویستە یەکێک لە قورسترین کارەکانی کابینەی نوێ کۆتاییهێنان بێت بە سەرمایەگوزارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەر ئەرزو بومی هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ عەرەب و بیانییەکان زیاتر خاکی کوردستان بەرەو ئاسمان دەکەنە کۆشک و وا بڕوات چەند ساڵی داهاتوو بەشی پێنج ملیۆن دانیشتووەکەی هەرێم خاک نامێنێتەوە و هەرێمی کوردستان دەبێتەوە فەلەستینی عەرەبەکان.

چاوەڕوانییەکان لە سەرۆکی نوێی ئەنجومەنی وەزیران و کابینەی نوێ زۆرن و تەنها کات وڵامی هەمووان دەداتەوە.

# بەرەو بەغدا!

"دوارۆژی ئێمە پەیوەستە بە عێراقێکی سەقامگیر و دیموکرات".
مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرترین بەرزو نزمی پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ دەوروبەرو بە تایبەت حکومەتی ناوەندی بەخۆیەوە بینیوە، هەر لە بڕینی بەشە بودجەی کوردستانەوە تا گەڕانەوە بۆ هێڵی سی و شەش و درێژەی ئەم بەرزو نزمیانەش بە شێوەیەکی گشتی بە زیانی هەرێمی کوردستان شکاوەتەوە.

کورد چۆن بەرەو بەغدا بچێتەوە، کامانەن کی-فاکتەرەکانی سیاسەت و مامەڵە و بەرژەوەندی خەڵک و حکومەتی هەرێمی کوردستان، چۆن کورد بتوانێت قۆناغەکە بەرەو پێش بگوازێتەوە؟

مەراسیمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەروازەیەکی نوێ بوو بە ئاراستەی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ ڕەسمییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بەشداری سەرۆک کۆماری عێراق و بەرپرسانیتری حکومەتی ناوەندی و پێشوازییکردنیان لەلایەن مەسعود بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەرخستنی نیەتپاکی هەرێم بوو بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان.

**دوایین پێشڤەچوون، سەردانی هەفتەی ڕابردووی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ بەغدا کە لە کۆشکی سەلام لە لایەن سەرۆک کۆماری عێراقەوە پێشوازی لێکرا و لە گەڵ هەریەک لە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش کۆبوویەوە .**

**لەگەڵ ئەوەی باس لە پرۆژەی چوار ساڵەی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی نێوان بەغدا و هەولێر دەکرێت، ئەوەش هاتووەکە د. بەرهەم ساڵح بۆئەو مەبەستە بە تایبەت لەگەڵ سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کۆبووەتەوە و چاوەڕێ دەکرێت گفتوگۆی جیددی دەستپێبکاتەوە.**

**پاش سەردانەکەی بۆ بەغدا، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمریکی وتارێکی بڵاوکردەوە و رایدەگەیەنێت: " سەردانی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆك وەزیرانی عێراقم کرد و بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانمان لە پەیوەست بە نەوت، ناوچە جێناکۆکەکان، بودجە و ڕۆڵی هێزە چەکدارەکانمان، کۆمەڵێك پێشنیازم خستنە روو. دەمەوێ لە رێگای دابەشکردنی هاوسەنگ و دادپەروەرانەی بودجەوە، رێز لە ڕێککەوتنەکانمان بگیرێت. ئەم بڕیارەش دەتوانێت بناغەیەکی پتەوی هاوکاریی نێوانمان بێت بۆ ئایندە".**

**یەکێک لە هۆکارەکانی قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی هەرێم و بەغدا ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بوو، بەڵام**

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەنگدانەکە بە " پابەندنەبوو" وەسفدەکات، باسلەوشدەکات کە دەیەوێت ئەو "شێواز"ە بگۆڕێت کە کارەکانی پێ ئەنجام دەدەن، راشیدەگەیەنێت کە ڕێگایەکی جیاواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان دەخاتەروو.

نیەتپاکی بە تەنها دادی ئەو ناسازییە نادات کە چەندین ساڵە لە دیبلۆماسییەتی کوردیدا هاتووەتە ئاراوە، بۆیەش گۆڕینی بونیادی پەیوەندییەکان لە تاکتیکەوە بۆ ستراتیجی نیشتیمانی و کۆتاییهێنان بە بەرژەوەندی شەخسی و حزبی لەو پەیوەندییانەدا، زامنی داهاتوویەکی باشتر و مامەڵەیەکی سەرکەوتووی سیاسییە لەگەڵ بەغدا.

# کابینەی نوێ و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان!

**حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی ناوەتە نۆیەمین کابینە و هێشتاش پرسیارێکی جەوهەری بێ وەڵامە، ئایا حکومەت هی خەڵکە یا حزب؟**
**ئەم پرسیارە هێندەی گەڕانە بە دوای وەڵامی بەرهەم و کار و پرۆژە هێندە خۆسەرقاڵکردن نیە بە پێکهاتەی کابینەی حکومەت لە سەر تا خوار.**

**پێش ئەوەی پێشینەکانی وەڵامگۆیی بخەمەڕوو، بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم خەڵک و ڕای گشتی و ئەو تێرمە تازەیەش کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ تەعبیرکردنی نارەزاییەکان - شەقام- هاتە ناو باسوخواسی میدیای کوردییەوە، مافی خۆیانە حکومەتێکی تەکنۆکراتی خزمەتگوزارییان هەبێت و بەشێک بن لە پێکهاتەی حکومەتەکە، بۆیەش لەگەڵ ڕەزامەندبوون و هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە خەڵکی کوردستان ئەندامی حزب یان هەواداری حزب و یانیش دەنگدەری حزب بوون، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە حکومەتێک پێویستە بۆ خەڵک بێت.**

**خەڵک و هەموو پێداویستییەکانی ژیانیان دەبێت ئەولەوییەتی خەم و پرۆژەکانی حکومەت و کابینەی نوێ بن.**

**ئێمە لە هەرێمێکداین کە حکومەتەکەی بە ژمارە لە بیستوهەشت ساڵی تەمەنیدایە و بە کابینەش نۆیەمینە، سەرنج بدەین دەبینین**

هیچ پاساوێک بۆ نەبوونی کارەبا و ئاوی خواردنەوە و غازی ماڵان و قوتێکی هەرزان نیە، هەر دەوڵەتێک بە نمونە وەربگری لە خراپترین کاتی حوکمڕانی و لەوپەڕی گەندەڵی وناشەفافی و ناعەدالەتیشدا هێشتا خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دەستەبەرن.

خەڵک تەنها لەسەر بنەمای خزمەتگوزاری سەرەتایی و ژیانێکی باش کابینەکان هەڵدەسەنگێنێت، ئەمەش بنەمای سەرەکییە، بۆیەش زەحمەتە کابینەیەکی حکومەتی هەرێم هەبووبێت و بەر هەموو رەخنەکان نەکەوێت، کابینەکان جیاواز بوون، هەیانە لە رووی زیادکردنی موچە و دەرماڵە و قەرز و پێشینەکانەوە، هەشیانبووە بە پاساوی بەرگری لە ژیان و ئەمنییەت خۆی بە سەرکەوتوو زانیوە.

بەڵام هەموومان، خەڵک و بە دەوڵەتمەدارەکانیشەوە هاوڕاین لەسەر ئەوەی گەندەڵی تا بینەقاقایە، بەرژەوەندی تایبەتی حوتە و گشتییەکانی هەڵلوشیوە، کابینەی حکومەت بەشێکی پڕ کردووە و زۆرینەشی قڕ، دەی بەم حاڵەوە کاتی ئەوە نەهاتووە ئەولەوییەت بۆ خەڵک بێت؟

باشترین و خێراترین پرۆژەیەک کابینەی نوێ بیخاتە جێبەجێکردنەوە، (پرۆژەی ئاوادەنکردنەوەی گوندەکان)ە، با حکومەت لەمەوە دەست پێبکات لەبەر بەرژەوەندی حزبەکانی حاکم و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان و لەبەر خاتری هەمووان، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان زۆرترین سودی گشتی لێ دەکەوێتەوە، کەرتەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و باخداری و گەشتیاری دەبوژێنەوە، بەرهەم و بەروبومی ناوخۆیی زیاد دەکات و

هەڵئاوسانی شارەکان کەم دەبێتەوە هەر لە کرێ خانووەوە تا بەکاربردنی گشتی، ژینگەی کوردستان ئاستێکی بەرزی تەندروست تۆماردەکات و ژمارەی موچەخۆر رادەگیرێت و بە پشتیوانی پرۆژە تاکی و گروپییەکان داهاتی کوردستان بەرزتر دەبێتەوە.

کابینەی نوێ دەکرێ سود لە ئەزموونە جیاوازەکان ببینێت و پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بکاتە ئەولەوییەتی کارەکانی و بە دڵنیاییەوە بە کۆتاییهێنان بەو پشک پشکێنانەی لە وەبەرهێنانی بەرژەوەندیخوازانەی چەند کەس و گروپێک بەشێوەیەکی ئاسایی دەتوانێت ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بکات.

بە دڵنیاییەوە هەر یەک لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان پرۆژەیان هەیە و حزبەکانیشیان چاویان لە سەرکەوتنیانە، بەڵام ئەوەی سەرکەوتن دەکاتە کاڵای باڵایان رازیکردنی خەڵک و کارکردنە بۆ خزمەتی هاوڵاتیان و پاراستنی شکۆ و سەروەرییەکانی نەوەی داهاتوو.!

# نوقته ... سەری دێڕ:

# تاکی کوردی بە تەنافی فەیس بووکەوە

**بۆچی پۆستێکی فەیس بووک سەرواژێرمان دەکات و بۆچی میزاجمان هەڵسوڕێنەری هەڵوێستەکانە و بۆچی سیاسییەکان ئەدەین بە تەنافی فەیس بووکا و ڕۆژێ وشکیان ئەکەینەوە و ڕۆژێ تەڕ، چیمان دەستدەکەوێت لەم هەموو تەڕو و وشکییە؟**

**فەیس بووکی کوردی ئەو حزبە گەورە و خاوەن نفوزەی زۆرترین ئەندام و لایەنگری هەیە و چۆنی بوێت ئاوا ئاڕاستەیان دەکات، بە بێ ئەوەی کەمترین کاریگەری لەسەر ژیانی واقیعی هەبێت، بە بێ ئەوەی تۆزقاڵێک خەم و نەهامەتی و ناسۆرییەکانی ژیانی ڕۆژانە کەم بکاتەوە.**

**ئەوانەی لایک و فۆڵۆوەرسی زۆرترینیان هەیە زۆرترین دەنگەدەنگ و غەڵبەغەڵب و کاریگەری ناواقیعی دەخەنەوە، لە فەیس بووک بە پیچەوانەی دانیشتوانی خۆشگوزەرانی جیهانەوە ئێمەی کورد ناخۆشترین ژیان و گوزەرانمان هەیە، ئاخر بۆ خۆمان ناژین.**

**ئەکاونتی فەیس بووک پێنج هەزار! هاوڕێی هەیە، کەچی زۆرینەی کورد بۆڵەبۆڵیەتی کە بەشناکات، هەیە سێ ئەکاونتی کردۆتەوە و پانزە هەزار کەسی کۆکردۆتەوە زۆرینەشیان لەسەر شەقامەکان سەلامێکیان پێکەوە نیە، لە فەیس بووک کوردی جیاوازی نێوان**

کەسەکان نابینێرێت، هەمووی سیاسی و بەرگی سیاسی پۆشیوە، هەموو لە خەون و خەیاڵی بوونە فیگەریدان، لە کوردستان و لە فەیس بووکی کوردییەوە کەس بۆ خۆی ناژیت، هەموو چاویان لە زۆرترین فرەیم و زۆرترین فلتەر و زۆرترین لایک و زۆرترین کۆمێنت و زۆرترین جموجوڵە بە بێ ئەوەی تەکانێکی بە خۆیان بدەن.

جیهانی ناواقیعی و خەیاڵی فەیس بووک ئەگەر بۆ گەلانیتر جیهانی چێژ و گەشت و لۆکەیشنی نوێ و شەیرکردنی یادەوەری و فۆتۆستۆری و خۆشەویستی بێت، ئەوا بۆ ئێمەی کورد بڵندگۆیەکی بێتامی سیاسی و هاتوهاوارە، نە کەس دەتوانێ بەدڵی خۆی شتێکی بە سود بنوسێت، نە دەتوانێ وێنەیەکی خێزانی و هاوڕێیەتی بە دڵخۆشی بڵاوبکاتەوە.

فەیس بووک بەڵای ژیان و گوزەرانی تاکی کوردییە، تازەترین جنێو و نامۆراڵترین کلیپی گۆرانی و بێتامترین نوکتە و توندڕەوترین فەتوا و نا ئەخلاقیترین ریکلامی بازرگانی و تەشهیری سیاسی و تەخوینی کۆمەڵایەتی لە فەیس بووکەوە بڵاودەکرێنەوە، لە ریکلامی فەیس بووکەوە بۆ هەرچی نەشێ و بشێ تا پۆستی عەجایبات تاکی کوردی ماندووی رۆژ و وەڕسی شەوانە.

سەرنج بدەن، لە فەیس بووکەوە زۆر بە ئاسانی رەش و سپی دابەش دەکرێن، نازناوەکانی رەحمان و شەیتان دەبەخشرێنەوە، نە کەس خەمێکی لێ دەخوا و نە کەسیش خۆی بە دڵسۆز دەزانێ.

**هەمیشە بڕوام وابووە و پێداگریش دەکەم باشبوون کەسابەت نیە و دەبێ هەمیشە باش بین، بەڵام ئەوەی تۆ دوێنێ کردت بەرامبەر بەوان، ئەمڕۆش ئەوان بەرامبەر تۆ دەیکەنەوەو سبەینێ کەسێکیتریش بەرامبەر ئەوان دەیکاتەوە ... واز لە تەشهیر و تەخوین و زەلیلکردنی بەرامبەرەکانتان بهێنن، ئێمە پێویستە لە شوێنێک نوقتەیەک دابنێین و بچینەوە سەری دێڕ .. تا زووتر بێت هێشتا هەر درەنگە!**

# ئەودیوی حزبایەتی!

هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی ئەزمونێکی فیدارڵییە لە ناوخۆی عێراقەوە بەڵام ئەزمونێکی دیموکراسیشی لە فرە حزبی تاقیکردۆتەوە و بە هەردوو لایەنی ئیجابی و سیلبی تێپەڕاندووە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەودیوی حزبایەتیش تاقی بکرێتەوە؟

حزب و حزبایەتی لە سادەترین تێگەشتندا کۆبوونەوەی گرۆی هاوڕێیانە و خێزانییە لەسەر کۆمەڵێک چەمک و دونیابینی، و حزبایەتیش دەبێتە سیلەی رەحم بۆ ئەندامەکانی و لەمسەری وڵاتەوە بۆ ئەوسەری وڵات دەیانکاتە دۆست و نزیک و خەمخۆری یەکتر، ئاسایی ئەندامی حزبێک لە زاخۆوە کە دێتە هەورامان، دڵی بە ئەندامێکیتری حزبەکەی دەکرێتەوە، ئەم مامەڵە خێزانییە تا رادەیەکی زۆر رەنگیداوەتەوە لە قۆناغە جیاوازەکانی حزبیشدا زیاتر و زیاتر تۆخ بووەتەوە.

بەتەنیشتی ئەمەوە، کۆپی پەیستی بیرورا و قەناعەت و هەڵسوکەوت و جیهانبینی و تەنانەت بیرکردنەوەکانیشی گرتۆتەوە و دەرفەتی بیرکردنەوەی تاکەکانی تەسک کردۆتەوە، یانی ئەندامی حزب بیرکردنەوەی زیاتر بە ئەرکی خۆی نازانێت، تەنانەت زۆرجار خوێندنەوەی زیاتر وتێفکرینی زیاتر و ... تاد دراوەتە پاڵی کەسی یەکەم یان گروپێکی باڵادەستی حزبەکە و ئیتر ئەندامانی خوارەوە بیرکردنەوەیان بە کاری خۆیان نەزانیوە و کەسی یەکەم چی وتبێت کۆپی کراوە.

ئەودیوی حزبایەتی چیە؟ چۆن تاقی بکرێتەوە؟ ئەگەر لە چوارچێوەیەکی حزبی و بیرکردنەوەی حزبی و پابەندبوونی حزبی کەمێک دوورتر بروانین، دەردەکەوێت کە بەڵێ دەکرێت هەموو پێوانەکان پێوانەی حزبی نەبن، هەموو پاڵنەرەکان حزب نەیانجوڵێنێت، هەموو جامەکان حزب پڕیان نەکات، هەموو کێکەکان حزب دابەشیان نەکات و تەنانەت هەموو بەرژوەندییەکان و داهاتووەکانیش حزب قۆرخیان نەکات.

هارمۆنیبوون لە هەموو کات زیاتر بۆ تاکی کوردی پێویستە، بە مانای ئەوەی ئیتر لە قاوغە حزبییەکە بێتە دەرەوە، ئاسایی بێت و ئەسڵیش ئەمەیە راستییەکان وەک خۆیان ببینێت، چاویلکەی حزب وەلا بنرێت و دونیابینی فراوانتر لەبەرچاو بگیردرێت، تاکێک بێت بۆ خۆی بخوێنێتەوە و بیر بکاتەوە و دەرفەتی گەورە بخولقێنێت و پارچە بچوکەکان کۆکاتەوە و هەر خۆشی وێنە گەورەکە دروست بکات.

کە وامان کرد، ئیتر بیر لە بەرژەوەندی گشتی دەکەینەوە، ئاساییە ئەندامی چەند حزبێکی جیاواز پێکەوە لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکدا خزمەت بکەن، سنور و کۆتە حزبییەکان تێپەڕێنرێن، تەنانەت لە کاتی هەڵبژاردندا ئاسایی ببێتەوە پڕۆژەکان یەک بخرێن، کاندیدەکان بازنەی سوریان لەسەر لاچێت، نوخبەیەکی باش و بەتوانا و سەرکەوتوو پێش بخرێن، و خرمەتی گشتی ببێتە ئامانج، ئیتر رێگای جیاوازتر تاقی بکرێتەوە و لەو دیوی حزبایەتییەوە هەنگاوی گەورەتر بۆ ئامانجی گەورەتر بگیردرێتەبەر.

**ئەودیوی حزبایەتی، تاکە حزبییەکان دەگوزاێتەوە، و ئەندامانی حزبەکان رادەهێنێتەوە و بەرژەوەندییە حزبییەکان دەداتە قاڵب، ڕەنگەکان دەبنە هی هەمووان نەک هەر پارچەیەک هەڵسێت و رەنگێک بۆ خۆی بەرێت، کەشێکی نویێ دێتە کایەوە، و لە نەبوونی خزمەتگوزاری گەڕەک و گوند و شارەکاندا، کامپەینە ڕەنگاورەنگەکان چالاک دەکرێن، ئاساییە هەموو پێکەوە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون خەمی یەکتر دەخۆن و هەوڵی پاراستنی شکۆی یەکتر دەدەن، کاتێ ستەم لە کەسێک دەکرێت هەمو پێکەوە پشتیوانی دەبن، و هەموانیش پێکەوە دژی ستەمکار دەوستنەوە، هەموو پێکەوە پەسنی وەزیری باش و پەرلەمانتاری باش و نوێنەری باش دەکەن و پێکەوەش ناچالاک و خۆپەرست و ناباشەکان دەدەنە بەر نەشتەر، لە کۆی گشتیشدا هەمووان سودمەند دەبن نەک تەنها گروپێک یان ئەندامانی حزبێک.**

# بۆچی پارەی حەجەکانتان نابەخشنە نەخۆشەکان؟

ئەمساڵ هەزاران کەس لەعێراق و هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە سعودیە بۆ بەجێهێنانی مەراسیمی حەج وەک یەکێک لە روکنەکانی دینی ئیسلام و تێچوویەکی زۆریشیان هەبووە.

ئەم هەفتەیە لە میدیا و سۆشیال میدیای کوردیدا ئەو پرسیارە زۆر وروژێنرا کە بۆچی حاجییانی کورد سوورن لەسەر سەفەرەکەیان و ئامادە نین پارەکەیان ببەخشنە نەخۆشخانەی هیوا و توشبوانی نەخۆشییە درێژخایەکان؟ ئایا بۆچی ئەو هەموو پارەیەی کوردستان بڕواتە سعودیە؟

ئەگەرچی بە پێی ئامارە نافەرمییەکان ئەمساڵ لە ریزبەندی ئەو ساڵانەدایە کە زۆرترین حاجی لەعێراق و هەرێمی کوردستانەوە بە هەردوو رێگەی موعامەلات و تیجاری چوونەتە سعودیە و بۆ رێگای مامەڵەی ئیداری چوار ملیۆن دینار و بۆ رێگای بازرگانیش لە ٦ تا ١٢ ملیۆن دیناری عێراقییان داوە، بەڵام قسەوباسەکانیش ئەمساڵ گەرمتر بوون.

بە بڕوای من ئەوەی ئەم سەفەرەی نەکردووە جا حەج یان عومرە، با هیچی لەسەر نەڵێ، نەک لەبەر ئەوەی مافی نیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نازانێ چی ئەڵێ و چی بڵێ .

**سەفەری ماڵی خوا ، سەفەرێکی تەواو جیاوازە، جیاوازی و ناوازەییەکانیش ئەوانە زیاتر هەستیان پێکردووە، کۆڵانەکانی مەککەیان پێواوە، شاخەڕەشەکانیان بینیوە، لە شکۆ و گەورەیی و تاجداری ماڵەکەی خوا نزیکبوونەتەوە، دڵیان پڕ بووە، قوڵپی گریان هاتووە بە چاویاند**

**تۆ تا نەچیتە حەرەم خۆت ناناسی -ئەمە ڕەنگە بۆسەردانی شوێنی پیرۆزی دینەکانیتریش راست بووبێت-، تۆ تا لە نوری خوا نزیکتر نەکەویتەوە لە خۆناسین پێش خواناسین تێناگەیت، ئەم گەشتە سەفەرێکی دەروونیە بۆ خولێکی ڕۆحی، ئیتر باوەڕت هەرچەن بێت تۆ "ئارامییەکی سەیر"ت بۆ دێ، دڵت فراوانتر دەکرێتەوە، نۆشینی پەرداخێک ئاوی زمزم، ئیحرام و خولێکی تەوافی پیرۆز، دوورکات نوێژی حەرەم، خولێکی سەفا و مەروە، و دەست هەڵبڕین بۆ داواکاری قوتاری ئەو ئازارانەی لە دڵتان، نزا بۆ دایک و باوک و خۆشەویستان تا زیاتر بن زیاتر ئارامشت پێدەبەخشن.**

**مرۆڤەکان بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانیان وەرگرن ئامادەن ملیۆنان دۆلار وەربگرن، سەدان پزیشک بگۆرن، دەیان سەفەر ئەنجام بدەن و کەسیش مافی ئەوەی نیە پێیان بڵێ بۆچی پارە لە نەخۆشەکەتدا سەرف دەکەیت، یان بۆچی پارەی سەفەری نەخۆشەکەت نابەخشیت، سەفەری ماڵی خوا تەنها ئەو کەسانە دەزانن پێویستییان بە ئارامشی رۆحە و لەوێ رۆحیان پاراو دەبێت، هەموو ئەوانەی سەفەری ماڵی خوا دەکەن و دەگەڕێنەوە دەزانن چی شیفایەکیان ورگرتووە. دەی لێگەڕێن، با هەموو ئەوانەی بۆیان دەکرێت کۆرسێکی ڕۆحی وەربگرن، تا ڕۆحیان باڵاتر بێت!**

**لەلایەکیتریشەوە ئازادی با بۆ هەمووان وەک یەک بێت، تۆ ئازاد بە پارەی گیرفانی خۆت چۆن سەرف دەکەی؟ سەفەری چی وڵاتێک دەکەی؟ چی بۆ خۆت و خانەوادەکەت بە شیاو دەزانی؟ کە نەخۆشیت سەردانی چ پزیشکێک دەکەی؟ چ ئۆتۆمبێلێک دەکڕی؟**

**ئازادی لەمسەری لەدایکبوونمانەوە تا ئەوسەری مردنمان دەبێ بۆهەمووان بێت، لە موسوڵمانێکەوە تا کریستیانێک و تا ئێزدییەک، ئازادی کلیلی ژیانێکی شەرەفمەندانەیە بۆ هەمووان.**

# سلێمانی و کۆنگرەی حزبەکان!

زۆرینەی حزبە کوردستانییەکان پابەندی مادەکانی پەیڕەوەی ناوخۆی حزبەکانیان نابن بۆ گرێدانی کۆنگرەکانیان، بەڵام لەسەر هۆشداری کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەشێکی زۆر لە حزبەکان پێویستە ئەمساڵ کۆنگرەی خۆیان ساز بکەن، شەقامی کوردی چۆن لە کۆنگرەی حزبەکان دەڕوانێت؟ و حزبەکان دەیانەوێ چی بگوازنەوە بۆ شەقام؟

بە گوێرەی زانیارییە رۆژنامەوانییەکان وا پێدەچێت ئەمساڵ ئەو حزبانەی کە سەرکردایەتی و کاریگەرییان زیاترە لە پارێزگای سلێمانییە، کە هەریەک لە یەکێتی نیشتیمانی و بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیین، کۆنگرەی دواکەوتووی خۆیان ببەستن و لە ئێستاشەوە گفتوگۆ و پرسە جیاوازەکان لەسەر شێوازی کۆنگرەکان و گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراواکان دەستیان پێکردووە.

یەکێتی نیشتیمانی تا ئێستا تەنها سێ کۆنگرەی بەستووە و ئەگەرچی دوایین راگەیەنراوی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە باسلەوە دەکات بەم نزیکانە وادەی بەستنی کۆنگرەی دیاری دەکرێت، رەنگە گرنگترین پرسی کۆنگرەی یەکێتی پرسی یەکلاکردنەوەی شێوازی ئیدارەدانی حزبەکە بێت، چونکە پاش کوچی دوایی مام جەلال تاڵەبانی تا ئێستا ئاراستەکانی ناو یەکێتی نەیانتوانیوە جێگرەوەیەک یان بەلایەنی کەمەوە شێوازێکی بۆ دانانی جێگرەوە دیاری بکەن،

ئێستاش باسوخواسەکان هەر گەرمن و روون نیە کە ئایا کۆدەنگی لەسەردانانی سکرتێری گشتی دروست دەبێت یان سیستەمی هاوسەرۆکی و دەستەی بەڕێوەبردن پیادە دەکرێت.

بزووتنەوەی گۆڕان لە پاش کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفاوە دەکرێ بوترێت هەمووشتێکی گۆڕاوە ناوەکەی نەبێت، چونکە فۆڕمی سیاسەتکردنی حزبەکە و شێوازی ئیدارەدان و فیکر و تەنانەت ئایدۆلۆجیاکەشی کەوتونەتە بەر رەخنەی توندی بەشێکی زۆری ئەو ئەکادیمی و رۆشنبیر و گەنجانەی رۆژانێک پایەی گۆڕان بوون، بۆیەش لە دوای دوو شکستی یەکلەدوایەک لە هەڵبژردنەکاندا چاوەڕوانی زۆر لەو هێزە و گۆڕانکارییەکانی ناکرێت، چونکە نزیکەی نیوەی ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن بڕیاریانداوە خۆیان کاندید ناکەنەوە بەڵام دیسانیش ئەمە بەشێکی لەبەرپرسیارییەتی ڕاکردنە یان فۆڕمێکیتری ناڕازیبوونە  بە سیاسەتی ئێستای حزبەکە.

هەرچی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیشن ئامادەکارییە سەرەتاییەکانیان بۆ گرێدانی کۆنگرە دەستپێکردووە و گرنگیپێدەرانی سیاسەت چاویان لەسەر دوو بانگەشەی ئەم هێزە ئیسلامیەیە کە ئەوانیش توخکردنەوەی پەروەردەکەی یەکگرتوو و کرانەوەی زیاتر و ناوگۆڕینەکەی کۆمەڵن.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بڕیاری تۆخکردنەوەی کاری بانگخوازی و چالاکیە پەروەردەییەکانی داوە و لە ژێر چاودێری وردی ئەمینداری گشتی حزبەکەدا لە ئێستادا زۆرینەی چالاکییە ئۆرگانییەکانی یەکگرتوو خولی پەروەردەیی و کۆرسی بانگخوازین و

وا دەردەکەوێت کە تەنها کەناڵی سپێدە و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەیان خەریکی سیاسەت بن و حزبەکە خەریکە دەچێتەوە سەر فۆڕمە سەرەتاییەکەی دەیەی نەوەدەکان، بەڵام هێشتاش روون نیە ئایا کۆنگرەی حزبەکە ئەم پێشنیارە پێشوەخت چالاککراوە تەبەنی دەکات یان نا و ئایا سیاسەتوانانی یەکگرتوو چۆن هەنگاوی داهاتوویان هەڵدەگرن؟

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لەدوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سیاسیدا لیژنەی باڵای کۆنگرەی پێکهێنا و وا بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبەکە وادەی کۆنگرە دیاری بکات، ئەگەرچی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە پەیامی ساڵوەگەڕی ڕاگەیاندنی حزبەکەدا باسی لە هەڵگرتنی هەموو سنورەکانی گۆڕانکاری کرد تا دەگاتە لێکردنەوەی پاشگری ئیسلامی لە ناوی حزبەکە، بەڵام چاوەکان زیاتر لەسەر هەوڵەکانی کۆمەڵن بۆ گەڕاندنەوەی سەرکردە و کادیرە دەستلەکارکێشاوەکانی حزبەکە و سەرکردایەتی حزبەکەش بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی داوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە هەڵبژاردنی رابردوو کۆمەڵ کورسییەکی زیاد کرد بەڵام دەستلەکارکێشانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامەکانی و کەنارگیری ژمارەیەکی بەرچاویتر لە سەرکردەکانی، حزبەکەی راگرتووە و هەموو هیواکان لەسەر کۆنگرەی چوار هەڵچنراون.

ئەوەی شەقامی کوردی بە تایبەت سلێمانی دەیخوازێت خزمەتکردنی پارێزگاکەیە و بە دڵنیاییەوە سەرکەوتنی کۆنگرەی حزبەکان کاریگەری لەسەر ئیدارەدانی پارێزگاکە هەیە بۆیەش خواستی گشتی خواستێکی ئاشتیخوازانە بەربڵاوە بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکان.

# کورد و هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک!

**مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەدەچێت و لە ئێستاشەوە کورد چاوی لەسەر ئەنجامی هەڵبژادنەکانی ئەو پارێزگایانەیە کە دەکەونە سنوری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە تایبەت کەرکوک، لەم سەروبەندەدا وەڵامی دوو پرسیار گرنگن، ئایا چ جۆرە مامەڵەیەک بۆ کەرکوکییەکان گرنگە؟ کورد چۆن بتوانێت سەنگ و قورسایی خۆی بپارێزێت؟**

**لە دوای ریفراندۆمەوە ئەمە یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگایە لە کەرکوک بەڕێوەدەچێت، بۆیەش بە خوێندنەوەی واقیعەکە رەنگە ئاسانتر بتوانین وەڵامی پرسیارەکان وەربگرینەوە.**

**لە ماوەی ڕابردوو لەگەڵ نوێنەری بەشێک لە وڵاتانەی کاریگەری سیاسییان لەسەر بارودۆخی عێراق هەیە دیدارمان هەبووە و لەگەڵ زۆرینەی حزبە کوردستانییەکانیش بیروڕامان ئاڵوگۆڕ کردووە، لە ژێر رۆشنایی ئەو کۆبوونەوە و گفتوگۆیانەشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە دیموگرافیای کەرکوک گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بە گوێرەی راپۆرتی گفتوگۆکان نزیکەی 400 هەزار کوردی دانیشتووی کەرکوک ئەو شارەیان جێهێشتووە و لە شارەکانیتری هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، لە بەرامبەریشدا عەرەب بە پلەی یەکەم و تورکمانەکانیش رێژەیەکی بەرچاویان هاتوونەتە ناو شارەکەوە.**

ئەگەر سەرنجێکی کورتی ڕابردووی دیکتاتۆرییەتی عێراق بدەین دەگەینە ئەو بڕوایەی کە تاکە بژاردە بۆکاری سیاسی بەشداری هەڵبژاردنە و بە گرنگییەوە لەو پرۆسەیە دەڕوانین، بەڵام ئەزموونی ناتاندروستی ساختەکاریش دیسان هاندەرە کە بڵێین کە گرنگتر لە هەڵبژاردن، بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی پاکە کە وانە لە ڕابردوو وەربگیردرێت و چیتر سومعەی پرۆسەکە بە هەڵبژاردنی ساختە لەکەدار نەکرێت.

لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە کەرکوک کوردستانە، پێویستە چاومان لەسەر واقیعی کەرکوک بێت، بۆیەش وەک چۆن لەسەروبەندی بریاری دادگای فیدراڵی عێراق بۆ درێژکردنەوەی کارپێکردن بە مادەی 140 باسم کرد، تاکە زامنی پاراستن و خزمەتی کەرکوک جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستوورە، ئێستاش پێم وایە کە باشترین رێگای مامەڵە لەگەڵ کەرکوک مامەڵەی دەستووریە و تۆخکردنەوەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی دانیشتوانی کەرکوکە.

کورد ئەزموونێکی سەرکەوتووی لەگەڵ پێکەوەژیان هەیە و هەرێمی کوردستان باشترین نمونەی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایین و کەمایەتییەکانە بۆیەش بەو چاوەوە و بەو ئەزموونەوە کورد دەتوانێت پێگەیەکی بەهێز بۆ کەرکوک دستەبەر بکات.

دوایی چەندین کۆبوونەوەی هێز و لایەنەکان خەریکە ڕایەکی گشتی لەسەر پێکهێنانی لیستێکی هاوبەش بۆ کەرکوک دێتەئاراوە و ئەمەش یەکێکە لە هەنگاوە پێویستەکان کە کورد گرتویەتیەبەر و ئێمە بە چاوی رێزەوە لەو هەنگاوانە دەڕوانین.

له لایەکیترەوە باسوخواس لەسەر ئەوەی کە کەرکوکییەکان چیان دەوێت و چی باشە بۆ ئەوان هاتۆتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەی تێبینی زۆر لەسەر حوکمڕانی پانزە ساڵی رابردووی کەرکوک هەیە بەڵام هێشتاش ئەو پرسیارانە بێ وەڵامن کە بۆچی نەتوانراوە خزمەتێکی باشتری کەرکوکییەکان بکرێت بە شێوەیەک کورد و پێکهاتەکانیتری کەرکوکیش ئەو پانزە ساڵە وەک سەردەمی زێڕین سەیربکەن و دڵەڕاوکێی کەمبونەوەی سەنگ و قورسایی کورد نەبێتە خەمی هێزە سیاسییەکان.

پاش ئەم بەرچاوروونیانە بە دڵنیاییەوە کورد خاوەنی قورسایی خۆیەتی و کۆتاییهێنان یان بەلایەنی کەمەوە کەمکردنەوەی ناکۆکی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکان زامنی پاراستنی دەنگ و سەنگی کوردە لەو شارەدا، بۆیەش بە بڕوای ئێمە کورد بە پێکهێنانی لیستێکی نیشتیمانی کە کورد و نەتەوە و پێکهاتەکانیتریش کۆبکاتەوە دەتوانێت هەم بیسەلمێنیت کە پێکەوەژیانی کەرکوک ستراتیجە و خەمە گەورەکە بۆ چۆنیەتی خزمەتی زیاتری کەرکوکییەکانە و لەولاشەوە پارێزگارییە لە سەنگ و دەنگ و ڕەنگ و قورسایی کورد وەک پێکهاتەی یەکەم و سەرەکی کەرکوک.

# هەولێر و سلێمانی؛

# هەتاکەی دووری و دۆستی؟

چەندبارەبوونەوەی ڕێگری لە کەسایەتییە سیاسییەکانی سلێمانی بۆ چوونە ناو هەولێر، پرسیکی جدییە و پێویستی بە لەسەروەستانی جدیش هەیە، بۆ بارودۆخەکان بە ڕۆژە گەشتوون؟ چارەسەرەکان لە کوێوەن، دەست یەکەمی تەوقەکردن کێ دەبێ رایبکێشێت؟

خوێندنەوەی سۆسیۆپۆلەتیکاڵی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی فراوانتر و هەریەک لە هەولێر و سلێمانی بە تایبەت چەند راستییەکمان بۆ ڕووندەکەنەوە، کە ئەوانیش تێگەشتنە لە فۆڕمە کۆمەڵایەتیەکە و هەوڵدانیشە بۆ تێگەشتنێکی چەندلایەنە لە رووداوە سیاسیەکان.

ڕووداوی ڕێگریکردن لە ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمان و پاشان سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، دواتریش جێگری پێشووی سەرۆکی هەرێم و لە ئێستاشدا ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی بۆ چوونە ناو هەولێر لە بازگەکانی ئەو شارەدا زنجیرە ڕووداوێکی یەکلەدوایەکن کە پێویستە لەسەریان بوەستین.

ئەگەر بمانەوێ وێنەکە وەک خۆی بگوازینەوە ئەوە دەبێت باسلەگواستنەوەی وێنەی دەسەڵاتی هەولێریش لە کۆمەڵگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی سلێمانی بکەین، بۆچی زۆرینەی ئەوانەی دژی

هەولێر قسە دەکەن، لە هەڵبژاردنە حزبی و پەرلەمانییەکاندا زۆرترین دەنگ دەهێنن، بۆچی هەولێر پێی وایە لە سلێمانی "ئیرهابی فیکری" بەرامبەر دەکرێت و ئایا کێن ئەوانەی سودمەندی تۆخکردنەوەی جیاوازییەکانن.

گومان لەوەدا نیە کە تا ئێستاش چ وەک حزب و چ وەک حکومەت نەتوانراوە زۆنەکان و سنورەکان و دابەشبوونەکان تێپەڕێنرێن، سلێمانیچێتی و هەولێریچێتی تا دێت زەقتر دەبنەوە، تا دێت دەمارگیری ڕەنگەکان زیاتر پشکۆ دەسێنێ و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئاستی یەکترقبوڵنکردن و تیرۆرکردنی مەعنەوی کەسایەتییەکان زیاتر پەرەدەسەنێت.

بە بڕوای من ئەوەی وایکردووە بەم ڕۆژە بگەین، گواستنەوەی وێنەیەکی پێشکەوتوو و گەشەندووی ئابوری و سیاسی و گەشتیاری و ئاوەدانکردنەوەی هەولێرە کە میدیا حزبی و سێبەرەکان زۆرترین کاریگەرییان هەبووە و بە پێچەوانەشەوە سلێمانی بە شاری چاڵوچۆڵی و بێ خزمەتگوزاری و ململانێ سیاسییەکان و نشینگەی هەڵتۆقینی کەسایەتی سیاسی و حزبە سیاسییەکان ناوەزدکراوە، کە دیسان کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر پارێزگاکە و بیرکردنەوەکانی دانیشتوانەکەی بەجێهێشتووە.

پاش گواستنەوەی ئەم تێگەشتنانە، باشترین چارەسەر بۆ کۆتاییهێنان بەم دووریە، بۆ بنەبڕکردنی ئەم بیرکردنەوانە و بۆ وەستانەوە دژی تۆخکردنەوەی سنورەکان و زۆنەکان و ڕەنگەکان دوو گۆشەنیگا دەخەمەڕوو، ئەوانیش هەوڵی ئاشتیخوازانە و

بیرکردنەوەی مەنتیقی سیاسیەکانە پێش خەڵک و هەنگاوی گۆڕینی فۆڕمی بیرکردنەوەی خەڵکە پێش سیاسییەکان.

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە تێکرا و هەولێر و سلێمانی بە تایبەت پێویستە گەڕانەوەی ئەو بەرپرسانەی رێگرییان لێکراوە بۆ چوونە ناو شاری هەولێر بە دەستپێکی ئاشتی بچوێنن و رێز لە بڕیارەکانیان بگرن، چونکە یان دەبوو بگەڕێنەوە یان دەبوو خوێنی گەنجانی کورد لە بازگەکاندا بڕژێت کە پێشمەرگەی ئەم وڵاتە و بگرە بەشێکیشیان ڕۆڵەی شەهیدانی سەربەرزی ئەم وڵاتەن، پێمە پێویستمان بە نرخانی ئەم هەڵوێستانەیە، لەسەر ئاستی تاک و گرۆکان، پێویستە شکاندنی شکۆی ئاشتی هێڵی سوور و رژانی خوێنی رۆڵەکانی ئەم وڵاتە لەسەر هەمووان حەرام بێت.

لە لایەکیتریشەوە گرنگە، هەمووان پێکەوە هەوڵی زەقکردنەوەی گرنگییە نەتەوەیی ونیشتیمانییەکانی هەولێر و سلێمانی بدەین، چونکە ئەوە بیرکردنەوەی حزبییە ئەم دوو شارەی لەیەک دوورخستۆتەوە، ئەگینا هەولێری قەڵا و منارە پایتەختی هەرێمی کوردستانە و هەر ئاوەدانییەکی ئەو شارە، هەر درەوشانەوەیەکی ئەو شارە شانازییە بۆ هەمووان، هەروەک سلێمانی پایتەختی رۆشنبیری ئەم هەرێمەیە، سلێمانییە بیرکردنەوە مۆدێرنەکان و شاعیرە هەست ناسکەکان و رۆشنبیرە بەناوبانگەکان و تەنانەت سیاسییە گورجوگۆڵەکان پێشکەشی ئەم هەرێمە دەکات، جا ئەو سیاسییانە ئەوەتا بەشێکی زۆریشیان لەپۆستی باڵای حکومی و پەرلەمانیدان و مومارەسەی ئەرکی خۆیان دەکەن .

**هەولێر و سلێمانی دەبێ وەک خۆیان بمێننەوە، نەهێڵرێت سنورەکانی نێوان تۆخ بکرێنەوە، رێگە نەدرێت پەندی "دووری و دۆستی"یان بەسەردا بسەپێنرێت، بگرە نزیکی و دۆستی ئەسڵە و هەمووانیش ئەرکی گەورەیان لەسەر شانە بەرامبەر بە پێشخستنی زیاتری هەولێر و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە دواکەوتووەکانی سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە وناوچەکانیتری هەرێمی کوردستان.**

# بۆچی پرۆژە باشەکان زوو کۆتاییان دێت؟

لە کافێ، قاوەخانە، کتێبخانە و زانکۆ و تەنانەت مزگەوتیش، ورتەیەک هەبێت، دەنگێک هەبێت، دیبەیت و گفتوگۆیەکیش هەبێت، هەمووان لە کوتاییدا دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی پرۆژەی باش، کەسی باش، ئەزموونی باش، قوتابخانەی باش، کەناڵی باش و تەنانەت کەسی باشیش لەم وڵاتەدا زوو کۆتاییان دێت، ئەمە بۆ؟ راستە یان دونیابینییەکە وا دەیخوێنێتەوە؟

ژیان کۆی ئەو ئەزموونانەیە دەیانبینن و تێدەپەڕن، جا لە ئەزموونی حوکمڕانییەوە تا ئەزموونی سیاسی و تا ئەزموونی کۆمەڵایەتی، ئەزموونی ئیعلامی و تەنانەت ئەزموونی ئایینی، ئێمەی کورد ئیتر لەوەتێپەڕیوین باسی ساوایی ئەزموونە جیاوازەکانمان بکەین، هیچیان ساوا نین، کەواتە بەرلەوەی لە دەستیان بدەین با لە بێژنگیان بدەین و باشەکانیان بپارێزین!

سەرنجی ژیانی ئێستامان بدەین دەبینین، مۆدێرنە نهێنی نەهێشتووە و هەرچی هەیە و نیە لەسەر شاشەکانە، متمانەی لە عەقڵ و دڵی هەمووان‌دا سریوەتەوە، گومانی لە هەموو شتەکاندا چاندووە، تەلەفزیۆنەکانی کردۆتە گەورەترین درۆزن، نەک مێشکیان پڕ کردووین، تا سەر ئێسقان چۆتە گیانمانەوە، بۆیەش کاتێک کەناڵێک یان دەزگایەکی میدیایی باش دادەخرێت، خەڵکی دەڵێن نەمانوت لەم وڵاتەدا شتی باش بەردەوام نابێت، ئاخر رواڵەتبازی و

روخسارسازی و فاشن و دووفاقی و دووڕوویی و ناوبۆشی هەمووانی گرتۆتەوە.

سەرنج بدەن خواردنەکان پێش ئەوەی بخورێن بە وێنەکانیان بوونەتە ژەهری دەروونی هەژاران، هەزاران چاو لەسەر ژیانی یەکتر دانراون، بۆ سێلفییەک هەرچی نەشێ و بشێ دەکێشرێت و دەخورێت، هەموو شێوازەکانی پەروەردە لە ئایینییەوە تا دەروونناسی و زمانەوانی بوونەتە کەسابەت، ئامانجەکان تێکەڵ و پێکەڵ و ناروونن، هەر رۆژەی ئامانجێک و تا دوایش بێ ئامانج ماوینەتەوە.

ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و دراوسێیەتی بووەتە بازرگانی، مۆبایل نەک هەر مێشک، هەموو گیان و ژیانی تەنیوە، پارە بووەتە خراپترین هۆکاری بەدرەوشتی و بەرەڵایی، کاتژمێرەکانی دەوام و فەرمانبەریی زۆرترین کۆیلەی بەرهەمهێناوە. ماسک رووە راستەقینەکانی داپۆشیوە، راستییەکان کەمترین پێشوازییان لێدەکرێت، رق زۆرترین بازاری هەیە، یەکتر کوشتن و خوێن ڕشتن ئاسانترین تۆڵەسەندنەوەیە، نەخۆشییە دەروونییەکان ژیانیان تەنیوە، رەشبینی هەزارقاتی گەشبینییە، خزمەتکردنی خۆمان و پاککردنەوەی دەوربەری خۆمان بووەتە چالێنج، کەس ژێر خۆی خاوێن ناکاتەوە، بە کۆنترۆڵێک ژیانی دەیان کەس تێکدەدرێت و خوێنی چەندین کەس دەرێژرێت.

دەی بەم حاڵەوە ئێمە خەریکین شانەخڕێ لەگەڵ ئەزموونە جیاوازەکاندا دەکەین، هەمیشە پرسیارە زەقەکانی ئەم بوارە سەیر هەڵدەتۆقێن، بۆچی شتی باش لەم وڵاتەدا نەماوە؟ بۆچی پرۆژ

**جوانەکان زوو کۆتاییاندێت؟، بۆچی کەناڵەباشەکان زوو دادەخرێن؟، بۆچی کەسە خزمەتگوزارەکان زوو کۆچ دەکەن؟ دەیان پرسیاریتر کە هەمیشە هۆکارێکیتری ناسازگارکردن و بێهیواکردنیان لێدەخوێنرێتەوە.**

**ئێمە پێویستمان بەوەی نەهێڵین شتە باشەکان لە دەست بچن، نەهێڵین پرۆژە باشەکان، رۆژنامە باشەکان و تەنانەت تەلەفزیۆن و کەناڵە باشەکانیش بکوژێنەوە، ئێمە گەرمکردنەوەمان پێویستە، گەرمکردنەوەی هەموو ئەو ساردوسڕیانەی رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبنە ماندویەتی بۆ ژیانمان، گەر وا نەکەین، مانایەک بۆ ژیان و سەنگێک بۆ خۆشەویستی و پێوانەیەک بۆ دۆستایەتی و هاریکاری و پێکەوەژیان و هاوکاری و دەستبارگرتن نامێنێتەوە!**

# تێگەشتنێکی نزیکتر لە پیاوی کورد!

وێناکردنی ژیانی رۆژانەی زۆرینەمان، لە پێکەنینێکی بەیانی و لە ئاخ و خەمێکی ئێوارانەوە، تورەییەکانمان دەشارینەوە و ورێنەکانمان دەکەینە واقیع، کە تورە ئەبین هەموو شتێکی تێک ئەدەین، ئاخر ئەگەر بالۆرەکانی سایکۆلۆجی بۆ تورەبوونەکانی رۆژئاوا فیت بن بەخوا بۆ تورەبوونی ئێمە فلسێ ناژین، ئێمە هۆکاری زۆرمان هەن بۆ مردن چ جای بێتاقەتی و تورەبوون.

پیاوی کورد پڕ پڕە، هەزار هەزارە، پیاوی کورد ئالودەیە ئالودە، ئالودەی خەیاڵێکی زۆر و ئامانجی گەورە و ئالودەی دێڕێکی گەورەتر و قەڵەوتر بۆ مێژوو، ژیان لێرە لە مەرگ ناچێ، ئاخر مەرگ چێژی هەیە ئەوە نیە رۆژئاواییەکان وەسێتی مەرگ ئەنوسن کەچی هێشتا زیندووشن، دەرزی و حەبی مەرگ ئەخەنە ژیانیانەوە و خۆیان چێژی مەرگ ئەنۆشن.

ژیانی ئێمە، لە ڤێلایەکی سیتەکەوە تا باخێکی شەقڵاوە، لە فاستفودێکی سەهۆڵەکەوە تا گرانبەهاترین خواردن لەهوقەبازی هەولێر، ژیانی ئێمە لە دیناوە تا نەڤید و تا هەڵکەوت و تا کێ و کێیتر، ژیانی ئێمە لە ئایفۆن هەزارەوە تا پەبجی و تا هەموو شتانەی ناوەکانیشمان پێ لەبەر ناکرێن، تورەییان تیایە، دە نا هۆکارێکی تورەیین، ئێمە موعتادی ژیانێکی نەگریسین بە هەرچی شت، ئاری "نامەیەک بۆ خوا" ئەنێرێ و سوهەیب " پاساری رووخاوی خانوویەک سەوزئەکاتەوە"، ستونێکی "ژیان" و وتارێکی "کامیار سابیر" و

راپۆرتێکی "ڕووداو" و ڤیدیۆیەکی "مۆر" و شیعرێکی "توانا ئەمین" و ... تاد ئەو شتانەن ژیانی ئێمەیان گرتووە، مامۆستای مزگەوت ئەڵێ "ئاگاتان لە ئەمانەتەکان بێت، منداڵەکانتان ئەمانەتن، هەیانە بووەتە جەردە و بەڵا بۆ گیانی خەڵک"، ئێزدییەکان میرێکی نوێ دائەنێن و تورکمانەکان بە سکرتێرێ بێدەنگ ئەبن و ئەوەی ماوەتەوە پیاوێکی ماندووی کوردە.

لای ئێمە، ژیان پشوویەکیشی نیە بسرەوین، هەنارێک نیە بە توێکڵێشەوە بیخۆین تا تەواو بێ، ژیان لای ئێمە گوریسێک نیە بیپچڕێنین و کتێبێک نیە بیپێچینەوە، ژیان لای ئێمە، لای ئێمە کورد، لای ئێمەی پیاوی کورد، تووڕەبوونێ زیاتر نیە، ئاخر بەرگەی هیچ ناگرین، نە گریانمان لێدێ و نە شیعر و نە هەست و نە ریفراندۆم دادمان ئەدا، ئێمە تەنها شتێک کە هەمانە و هی خۆمانە بیر ئەکەینەوە، بێ ئەوەی بزانین تا کوێ و تا کەی!

لێومان سواق داوە بە پێکەنین، دڵمان ڕەنگ کردووە بە قاقا، ڤژمان بۆیاخ ئەکەین و تەسبیحەکەی دەستمان توندتر با ئەدین، دۆلار ئەکەین بە دەفتەر و بە بلۆکی ئەسپێرین، وەنەوشە بە لێکز و ئۆدی و چی و چیتر ئەگۆڕینەوە، بە تەنیشتمانەوە ساختمانەکان بەرزتر ئەڕۆن بە حەوایا، ژیانمان نغرۆی تووڕەبوونێکی ساردە، شەڕێکی ساردە بۆ خۆمان، پیاوی کورد گریانیشی لە هی ئومەتی محەمەد ناچێ، غەمبار فەرمووی" کاپتن تۆ تێناگەی ئەو دەمەی پیاو ئەگری کەون چ خەلەلێکی تیایە"، کەچی هەزاران پیاو گریان و خەلەلێک نەبوویە دوان و ژیان ڕانەوەستا.

**پیاوی کورد لە هەموو پیاوانی جیهان زیاتر تەنیایە، پیاوی کورد لە سەرزەوی زیاتر ماندووە، پیاوی کورد لە شێخ زیاتر بەدینە، پیاوی کورد لە شکسپیریێک، کورە ئۆسکار وایەڵدێکە بۆ خۆی، کەچی ئەوەی نازی ئەکێشێ کۆنترۆڵێکی تەواوە کە ژیانی داپۆشیوە، کۆنترۆڵی سیاسەت و کۆمەڵگە و کلتور و ئایدۆلۆجیا، ئێمە پیاوانێکین، لە نەسلی رۆبۆت، نە هێز هەیە بۆ لەخشان و نە کات هەیە بۆ هەڵڕشتنی تورەبوونەکان و نە هەناسەیەک هەیە بۆ جگەریەکیتر.**

**پیاوی ئێرە، ئەوەی هەیەتی پێویستی نیە وئەوەی نیەتی وێڵە بە دوایا، پیاوی کورد خۆی لە هەموو کەسیتر باش ئەیناسێ، ئەوە نیە هەرگیز ئاسایی ناژی، ئەوە نیە هەرگیز ئاسایی ناپۆشێ و ئاسایی بیر ناکاتەوە و ئاسایی ناژی.**

# یەکێتیو کۆنگرەی دوای مام!

ئەم ستونە هەوڵدانە بۆ گەشتن بەوەڵامی ئەو پرسیارانەی لەدوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال تاڵەبانیەوە تا کۆچی دواییەکەی دروست بوون، بەخوێندنەوە بۆ ڕووداوە سیاسیەکان و ئاڵۆزییەکانی قۆناغەکەش، بەشیکاریو تێگەشتن لەو سیگناڵانەی تا ئێستا دیارکەوتونو بەرەچاوکردنی بارودۆخی یەکێتی وەڵامگۆی بەشێك لەپرسیارەکان دەبێت.

یەکێتی نیشتمانی تا ئێستا تەنها سێ کۆنگرەی بەستووە، ئەگەرچی دوایین ڕاگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە باسلەوە دەکات حەوتی دیسەمبەر وادەی بەستنی کۆنگرەیە، بەڵام ڕەنگە گرنگترین پرسی کۆنگرەی یەکێتی پرسی یەکلاکردنەوەی شێوازی ئیدارەدانی حزبەکە بێت، چونکە پاش کوچی دوایی مام جەلال تاڵەبانی تا ئێستا ئاراستەکانی ناو یەکێتی نەیانتوانیوە جێگرەوەیەك یان بەلایەنی کەمەوە شێوازێکی بۆ دانانی جێگرەوە دیاری بکەن، ئێستاش باسوخواسەکان هەر گەرمنو ڕوون نیە کەئایا کۆدەنگی لەسەردانانی سەرۆک دروست دەبێت یان سیستەمی هاوسەرۆکیو دەستەی بەڕێوەبردن پیادە دەکرێت.

ئێستا یەکێتی بەرەو کونگرەیەو ئامادەکارییەکان چڕبوونەتەوە، ئەم کۆنگرەیە لەغیابی تاڵەبانی دا یەکەمین کونگرەیە، بۆیەش ڕەنگە لای تۆی خوێنەرو تۆی شرۆڤەکاریش چەند پرسیارێك بێنە پێشەوە، بەبڕوای تۆ یەکێتی لەدوای کۆنگرە بەکام ئاراستە دەڕوات؟ وەك

ئێستای دەمێنێتەوە؟ عاتیفەی خەڵك زیاتر دەبێت بۆ یەکێتی بەهۆی نوێبوونەوەی ئەو حزبەوە؟ بەپێی خوێندنەوەکانی خۆت چی ئایندەیەك بۆ یەکێتی چاوەڕوان دەکەیت ؟ ئایا حزبێکی سۆسیال دیموکراتی وەکو یەکێتی چۆن گرفتەکانی دیاریکردنی کەسێك یان دەستەیەك بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی، تێدەپەڕێنێت؟

ئەگەر سەرنجێکی هێدلاینی رۆژنامەو مێدیاکان بدەین لەم ماوەیەدا، بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی چڕبوونەوەی پرۆسەی بەرەوکۆنگرەچوون تا دێن زیاتر دەبێت، دەستپێکی هەواڵەکان‌و ئەنجامگیری هەوڵەکان کۆمەڵە راستییەك روون دەکەنەوە، کەئەکرێ پێودانگێکی بەهێز بن بۆ قسەکردن لەسەر داهاتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەتایبەت (یەکێتی دوای تاڵەبانی)، کەقۆناغێکی نوێ دەبێت بەنیسبەت یەکێتییەکانەوە بەگشتی.

دەکرێ بەپێی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی تاکەکانی زیاتر تاکێکی عاتیفین، گریمانەیەکی بەهێزمان دەستبەوکێت کەیەکێتی پاش مام زەمەنێکی باش عاتیفەی خەڵك بۆ خۆی ببات بەتایبەت لەدوای کۆنگرەی داهاتووەوە، بەڵام ڕەنگە ئەم بەرەوپێشچوونەوە بەردەوام نەبێت‌و ماوەیەکی کورتخانەیەن بێت، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کەیەکێتی دوای کۆنگرەی ئەمجار چۆن ئایندە بەدەستدەهێنێتەوە؟.

مام لەچل ساڵی رابردوودا هەموو شتێکی یەکێتی بووە، دامەزرێنەر، رێکخەر، کۆکەرەوە، پەیامبەری سیاسی یەکێتی، چونکە هەموو فیکرەو ئایدۆلۆژیاکانی یەکێتیش هەر خۆی خاوەنیان بووە. لەبەر

ئەوە ئەگەری زۆرە لەم کۆنگرەیەدا هەموو هاوکێشە گرێدراوەکان ئەکتیڤ بکرێنەوە، وەك سەرنجێکی تایبەتی پێم وایە یەکێتی قۆناغی گەنجبوونەوەی لەبەردەمدایەو هەم بارودۆخە ناوچەییەکانو هەم خواستی ناوخۆییش هاوکاری یەکێتی دەبن.

دواجار دەکرێ لەماوەی ئەو عاتیفەراکێشانەی خەڵکدا کەپێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەگەر یەکێتی بتوانێت خۆی بگرێتەوە کەدەرفەتێکی باشی بۆ رەخساوە، ئەوا دەتوانێت هێزێك وەبەر خۆی بدات بەتایبەت پاش بێ رۆڵبوونی رێککەوتننامەی ستراتیژی، چونکە زۆرینەی کادیرو ئەندامانی یەکێتی دژی ئەو رێککەوتننامەیە بوونو ئەنجامگیرییەکانیش دەریدەخەن کەئەگەر "یەکرێزی لەپێناو میللەت"دا پاساوی سەرەکی رێککەوتنەکە بوویێت ئەوا ئەمان زیاتر قوربانییان بۆ ئەو یەکرێزییە داوە.

کۆنگرەی یەکێتی دەبێت پێش هەر شتێك هێزی ناوچەیی گورجوگۆڵ بکاتەوە، تین بداتەوە بەر رێکخستنو کادیرانی ئەو حزبەش، لەهەمووشی گرنگتر پێم وایە یەکێتی پێویستە بە پەیوەندییە ستراتیجییەکانیدا بچێتەوە، چونکە هەم چاوەڕوانی زیاتری لێ دەکرێتو هەمیش واقیعەکە وا دەخوازێت.

ئەم کۆنگرەیەی یەکێتی ئەگەر تەنها کۆنگرەی ئاشتەوایی بۆ ناوچەکەو تۆخکردنەوەی بنەماکانی پێکەوەژیانو فراوانکردنی ئازادی دەربڕینو ئاراستەکردن بخاتەوە بۆ ناوخۆی یەکێتیو بۆناوچەکەش ئەوا دەستکەوتی گەورەیە، پێشتریش لەسەر ئەمە وەستاوین کەئەوەی شەقامی کوردی بەتایبەت سلێمانی دەیخوازێت

**خزمەتکردنی پارێزگاکەیەو بەدڵنیاییەوە سەرکەوتنی کۆنگرەی یەکێتی کاریگەری لەسەر ئیدارەدانی پارێزگاکە هەیە بۆیەش خواستی گشتی خواستێکی ئاشتیخوازانەی بەربڵاوی گشتییە بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکە.**

# بۆچی هاوڕێیانمان خۆیان دەکوژن؟

لە ماوەی رابردوودا بینەر و بیسەری ژمارەیەک هەواڵی جیاواز بووین، کە پەنابردن بوون بۆ کۆتایی پێهێنانی ژیان و هەڵبژاردنی مەرگ بوو بەسەر ژیاندا، ژمارەیەک لە هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان کە کەسانی رۆشنبیر و ناسراوبوون کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا، بە دڵنیاییەوە لای زۆربەمان ئەمە بووەتە جێگای پرسیار و پێمان خۆشە جگەلە شێواز و هۆکارە رواڵەتییەکانی ئەم حاڵەتانە، وردتر قووڵ ببینەوە ئایا هۆی چیە کەسانێکی رۆشنبیر و تێگەشتوو پەنادەبنە بەر خۆکوژی؟ بەسادەیی، بۆچی هاوڕێیانمان خۆیان دەکوژن؟

خۆکوشتن لە زۆرینەی سەرچاوەکاندا بەشێوەی نزیک لە یەک پێناسەکراوە کە "هەستانە بەکرداری کۆتاییپێهێنانی ژیانی خود، بە هۆکارێک یان هۆکارگەلێکی جیاوازەوە کە لەوانەیە بریتی بن لە نەخۆشی دەروونی، بێزاری لە هاوبەشیی ژیان، قەیرانەکان، ناتەواوی جەستەیی، ناموڕتاحی شوێنی کار، کێشەی مادیی و دارایی کە مرۆڤ دەگەیەنێننە نا ئومێدی و بێ هیوایی."

بە سەرنجدان لە مێژووی مرۆڤایەتیشدا خۆکوشتن قۆناغ بە قۆناغ بوونی هەبووە و لە نزمترین رێژەوە ئاستی باڵای تۆمارکردووە و رۆژبەرۆژیش زیاتر رووداوەکانی خۆکوژی تۆمارکراون. سەرچاوە مێژوویەکان سەدی هەڤدە و دواتریان لە تۆمارەکاندا گواستۆتەوە و تا ئێستا بەردەوام لەسەرتاسەری جیهاندا حاڵەتەکان تۆمار دەکرێن. بە گوێرەی توێژینەوەیەکی رێکخراوی GBD بۆ لێکۆڵینەوە لە

حاڵەتە تەندروستییەکان لە ساڵی 1990 دا زیاتر لە 700 هەزار کەس خۆیان کوشتووە بەڵام لە ئێستادا ئەم ڕێژەیە بۆ زیاتر لە یەک ملیۆنی ساڵانە بەرزبۆتەوە کە خەڵکی بە چەندین شێوەی جیاوازی (خۆهەڵواسین، خۆژەهراویکردن، خۆخنکاندن، خۆخستنەخوارەوە، خۆبریندار کردن، و دەرزی و حەب و مەوادی کیمیایی و گازی) کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن.

لە کۆی ئەو حاڵەتە خۆکوژییانەدا لە سەرتاسەری جیهان تۆمارکراون، کەسانی بەناوبانگی سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هونەرمەند و یاریزان و بازرگانی جیاواز بەدیدەکرێن کە هەریەکەیان لە قۆناغێکی ژیاندا و بە هۆکاری جیاواز کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، لەو حاڵەتانەشدا هەرێمی کوردستان بەدەرنەبووە و لە مێژووی دوور و نزیکی کورددا حاڵەتی خۆکوژی لە ناو توێژە جیاوازەکاندا بوونی هەبووە، زۆرن ئەو گەنجانەی بە دڵخوازەکانیان نەگەشتن و خۆیان هەڵواسی، زۆرن ئەو خوێندکارانەی نمرەی پێویستیان نەهێنا و خۆیان خنکاند، زۆرن ئەو پێشمەرگە و پیشەوەر و فەرمانبەرانەی بێ ئومێد بوون و خۆیان کوشت، لە مانگی رابردووشدا ڕووداوی گیانلەدەستدانی رۆژنامەنوسانی ناسراو ئامانج بابانی و لانە محەمەد و منداڵەکەیان (ڕووداوی خۆکوژی -بە پێی ڕاگەیانراوی پۆلیسی سلێمانی) و خۆخنکاندنی شاعیری ناسراوی کورد مامۆستا محەمەد عومەر عوسمان (ژەنراڵی پاییز) هەمووانی خەمبار و نیگەران کرد.

دەیەی پەنجاکانی سەدەی رابردوو قۆناغێکی ترش و تاڵی ژیانی تاک بووە و تەشەنوجە فیکرییەکان زیاتربوون، ئەوەتا بوونگەرایی و

پووچگەرایی بەربڵاوتر دەکەونە ناو دونیای فیکری و ئەدەبییەوە و بڕواداری بە خوا و بێبڕوایی تا ڕادەیەکی زۆر جیا دەبێتەوە، هەمووشیان جەخت لەسەر خاڵیبوونەوەی تاک و سوڕانەوەی لە بازنەی "بێهیوایی" دا دەکەنەوە، تا ئە و ڕادەیەی هیچ هیوایەک بۆ ژیان نامێنێت و مەرگ پێش ژیان دەخرێت.

لە ئەنالآیزی مەرگدا هەمیشە بڕوام وایە کاتێک کە دەڵێین مرۆڤ تاکێکی کۆنترۆڵکراوە بە ئایین و کلتور و سیاسەت و کۆمەڵگە، دەبێ بازنەکە وردتر بکەینەوە، ئەویش نەخشەی مرۆڤە لە نێوان دوو پەیوەندییە ئاڵۆزەکاندا، پەیوەندییەکی بەرەوخوار لە نێوان مرۆڤ و هەمووشتەکانیتر (خەڵکیتر و ئاژەڵەکان و سروشت و تەکنەلۆجیا ...تاد) و پەیوەندییەکی بەرەوژوور لە نێوان مرۆڤ و خودا (بارە سازە رۆحانییەکە)دا، بە دروستبوونی بۆشاییش لە نێوان هەر یەکێک لەو پەیوەندییانەدا مرۆڤ خاڵی دەبێتەوە و دەبێتە تەختەی سەرئاو، چونکە لە رواڵەتەوە پێم وایە تەنها شتێک کە دەتوانێ ڕێگای ژیان بەرەو مەرگ دوورتر بخاتەوە بریتییە لە (هیوا)، واتە مرۆڤ بۆیە ژیان هەڵدەبژێرێت چونکە هیوایەکی هەیە بۆ بەردەوامی، کەواتە لەو شوێنەدا کە هیوا نامێنێت یان پایەماڵ دەکرێت ئیتر ڕێگەی مەرگ نزیکتر دەبێتەوە و مرۆڤ بەرەو مەرگ ملدەنێت.

پاش ئەم باکگراوندە مێژوویە و ئەو شیکردنەوەی فەلسەفییە، بۆمان روون دەبێتەوە ئەو هاوڕێ و هاونیشتیمانییانەی کە خۆیان دەکوژن و خۆکوشتن هەڵدەبژێرن، پێش هەر شتێک بۆشاییەکی رۆحی و دەروونیان بۆ دروستبووە، دواتریش کاریگەری کۆنترۆڵە جیاوازەکان لە پێش هەموویانەوە سیاسەت وکلتور دەردەکەوێت و لە قۆناغی

دواتریشدا ئیتر ئەوپەڕی نائومێدی و ئەوپەڕی بێهیوایی دێتە پێشەوە، بۆیەش لە تێگەشتنە دروستەکەدا زۆر بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤ کائینێکی ئاڵۆزە و تا خۆی نەناسێت ناتوانێ "خوا"ی بناسێت و لە دەوروبەریشی تێبگات، بۆیەش دەکەوێتە بۆشاییەوە و نازانێت لە ژیانیدا چاوڕێی چی دەکات و لە رۆشنترین وەڵامیشدا دروشمی "لە چاوەڕوانی هیچدا" هەڵدەبژێرێت.

# ئەودیوی خۆپیشاندانەکانی عێراق!

نزیکەی دوو هەفتەیە بە شێوەیەکی فراوانتر خۆپیشاندان و ناڕەزایی لە زۆربەی شارەکانی عێراق دەستیپێکردووەتەوە و ڕۆژبەڕۆژیش ناوچەی جیاواز دەگرێتەوە. بەسەرنجدانێکی خێرا دەردەکەوێت کە خۆپیشاندانی وا گەورە کەمتر لە عێراقدا بینراوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئایا ئەودیوی خۆپیشاندانەکان چی دەگوزەرێت؟ پەیوەندی ئەم وەزعەی ئێستا بە بارودۆخی وڵاتانیتری ناوچەکەوە چیە؟ ئایا بۆچی نابێت ئەم خۆپیشاندانانە بە هیچ شێوەیەک بگوازرێنەوە بۆ شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان؟

خۆپیشاندان و نارەزاییەکانی عێراق لە پاش چلەی ئیمامەوە لە ٢٥ی ئۆکتۆبەرەوە دەستیان پێکردەوە و لە گرنگترین پاساوەکانی پشت هەڵگیرسانی ئەم نارەزاییانەش گەندەڵی سیاسی و بێکاری و کەموکورتییە خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و کارەبا و .. تاد کە وایان کرد خەڵکی بە شێوەیەکی فراوان بێنە سەرشەقامەکان و داوای مافی خۆیان بکەن و تا ڕادەیەکیش لە داکۆکیکردن بۆ مافەکانیان جیاوازیەکانیان کەمتر دەرکەوتن و زۆرینەی پێکهاتەکانی عێراق هاتنە سەرشەقامەکان، بەڵام ئەوەی بووەتە جێگای پرسیاری سەنتەرە شیکاری و ناوەندە رۆژنامەوانییەکان ئەوەیەکە هەڵسورێنەرانی خۆپیشاندەرەکانن.

بارودۆخی ئیقلیمی و ناوچەیی لە یەمەن و سوریاوە بۆ تورکیا و عێراق، بوونی ئێران و ئەمریکا و بەریتانیا و بەم دواییانەش

**گورجوگۆڵبوونەوەی روسیا لە ناوچەکەدا، دەکرێ ئاماژەی جیاوازترمان بدەنێ لەسەر چۆنیەتی هەڵگیرسان، ئامانجی فراوانبوون و پێشبینی داهاتووی خۆپیشاندانەکان.**

**ئەگەر بمانەوێ وردتر لە بارودۆخی سیاسی عێراق تێبگەین بە دڵنیاییەوە بە تەنیشت نەبوونی خزمەتگوزاریی و هەژاری و بێکاریدا، دەبێ ئەوەش بخەینە بەرچاو کە دەستتێوەردانی وڵاتانیتر لە 2003 ەوە بەردەوام بەسەر هەموو شتێکی ژیانی عێراقییەکانەوە بوونی هەیە و ئەم خۆپیشاندانانەش هەر لەسەر هەمان ئاواز تەشەنەیان سەندووە، بەرژەوەندی وڵاتانیتر، سواربوونی شەپۆلی گۆرانکاریەکان، دەستتێوەردانی جیاواز، پڕوپاگەندە میدیاییەکان و لەسەرو هەمووشیانەوە رۆڵی تویتەر و فەیس بووک، خۆگەرمکردنەوەی بەعسییەکان، بوونی رەوتێکیتر دژە مەرجەعی شیعی کە هەوادارانی "مەحمود سەرخی" پێکیدەهێنن و خۆی بەئاراستەکاریان دادەنرێت، کاریگەری رێکخراوە ناحکومییە جیاوازەکان و پرۆژە ئاوادەنکردنەوە و خزمەتگوزارییەکان کە لە لایەن وڵاتانیترەوە ئاراستە دەکرێن، لەسەرو هەمووشیانەوە ناکۆکی و ململانێ ناوخۆیی و تایفی و مەزهەبییەکان و پارچەپارچەبوونی ماڵی شیعی، بارودۆخەکەیان گەرمتر کردووە و ئایندەیەکی نادیار چاوەڕێی هاوڵاتیانی عێراق دەکات.**

**حکومەتداری عێراق لە تەواوی وڵاتانی ناوچەکە جیاوازترە، ساڵی دووهەزار و پێنج لە رۆژنامەی کۆمەڵ وتارێکم بە ناونیشانی "عێراق وەک مەیدانی گەمەی مناڵان" نوسی، ئێستاش هەمان عێراقە و هەمان گەمە دەبینین ... سەرنج بدەن خۆپیشاندان دەکرێت و هەر**

بەرپرسێک قوت دەبێتەوە دەبێتە پشتیوانی خۆپیشاندەران، ئیتر نازانرێ ئایا خۆپیشاندان دژی کێ کراوە! لە مێژووی عێراقدا بڕوام نیە خۆپیشاندان و مانگرتن و هاتنە سەرجادەیەک هەبووبێت و خۆرسک و سروشتی بووبێت، ئاخر ناکرێ لە وڵاتێکدا کە هیچ شتێک تەنانەت خودی ژیانیش سروشتی و ئاسایی نیە ئێمە پیمان وابێت خۆپیشاندانەکان خۆرسکن، عێراق مەیدانی گەمە جیاوازەکانە، بۆیەش گەمەیەک تەواو دەبێت و گەمەیەیتر دەست پێدەکات، بەڵام ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە هەرگیزی گەلی عێراق براوە نەبووە و نابێت.

دەرکەوتنی ئەو هۆکارە راستەوخۆ و ناراستەوخۆیانەی کاریگەرییان لەسەر خۆپیشاندانەکانی عێراق هەیە، دەریخست کە ئەوەتا خۆپیشاندانی دژە گەندەڵی و بێکاری و هەژاری سەریکێشاوە بۆ سوتاندنی دامودەزگا حکومییەکان و و کونسوڵخانەی وڵاتانیتر و لە هەمووشیان خراپتر بڵاوبوونەوەی شەپۆلی فراوانی فەرهود و تاڵانکاری دامودەزگا حکومییەکان، لەو لاشەوە بە تەقەی هێزە سەربازییە جیاوازەکان سەدان هاوڵاتی عێراقی کوژران و هەزارانیتر برینداربوون کە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی تێدایە .

ئەگەر سەرنجی دیوی سیاسی رووداوەکان بدەین دەبینین حەیدەر عەبادی و موقتەدا سەدر و مالیکی و و زۆرێک لە سیاسییە کاریگەرەکانی عێراق هەریەکەیان پشکی شێری لە دابەشکاری زیاتر عێراق بەرکەوتووە و ئێستاش خەریکن پشتیوانی خۆپیشاندان دەکەن، سەیرە بەشێکی زۆریان تاڵانچی و سودمەندی بارودۆخەکەن و خۆپیشاندان دژی ئەوانە (چونکە بیرمان نەچێ سەردەمی

دەسەڵاتی ئەواندا مافی خۆپیشندانیش نەبوو)، کەچی ئێستا ئەوان بە پارە و خواردن هاوکاری خۆپیشاندەران دەکەن.

وەک ئاماژەم پێکرد، خۆپیشاندانەکانی عێراق خۆرسک و سروشتی نین بەڵکو ئاراستەکراوی کێشە ناوخۆیی و مەزهەبی و ململانێی سیاسی و تایفی و دەستێوەردانە دەرەکییەکانن بۆیەش بە جیاوازی زۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێمی کوردستان ئەم جۆرە خۆپیشاندانانە نەک هەر بۆ هەرێمی کوردستان ساز نین بەڵکو لێرە جێگاشیان نابێتەوە و نابێت بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوانی گواستنەوەی خۆپیشاندان و نارەزایی لەو شێوەیە بۆ هەرێمی کوردستان بکەین، چونکە جگە لە دابەشکاری زیاتر کۆمەڵگەی کوردی هیچی لێ شین نابێت. عێراقییەکانیش تەنها کاتێک دەتوانن خۆپیشاندانێکی ئامانجدار و پڕدەستکەوتیان هەبێت کە خۆیان خۆپیشاندانەکان ئاراستە بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە حکومەتی عێراقی ئەو چاکسازییانەی دەستپێکردوە فراوانتریان بکات و قۆناغێکی نوێی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری بۆ عێراقییەکان بهێنێتە ئاراوە.

# هاوپەیمانی لەبەردەم پرسیارە گەورەکەدا!

**هاوپەیمانی لە دوو ساڵی ڕابردوودا دوو جار ناوی گۆڕی و دوو سەرۆکی گۆڕی و دوو کۆنگرەی دامەزراندن و بەردەوامی سازدا و لەو ماوەیەشدا دوو هەڵبژادن بەڕێوەچوون، بەشداری یەکێکیانی کرد و ئەویدیشی بایکۆت کرد، ئایا لە ساڵی سێیەمیدا هاوپەیمانی بە کوێ دەگات؟ داهاتووی ئەم حزبە سیاسییە چۆن دەبێت؟ ئایا دامەزرینەرانی ئەم حزبە دەتوانن درێژە بە ڕێگاکەیان بدەن؟ ئایا لە ئاستی توانای سەرکردە گەنجەکانی و چاوەڕوانی هاودیدانیدایە؟ هەوڵ ئەدەم سەرنجێک بخەمە سەر ئەم پرسیارانە.**

**پاش دەستلەکارکێشانەوەی د. بەرهەم ساڵح و ژمارەیەک لە هاویدان، ساڵی رابردوو لەم هەفتەیەدا بە خۆشی و ترشییەوە بڕیاری بەردەوامییمان دا و لە کونگرەی بەردەوامی هەولێرەوە دەستمان پێکردەوە، دەست پێکردنەوەکەم وەک دەستپکردنەوەی دەسکەنەی نۆک دەهاتە پێش چاو کە سێڵاوێکی عەجایب لە زەوییەکەی دابوو و هەرچی بنە نۆک بوو شەل و قەم کرابوون و لە ناو قوڕ و چڵپا و لیتاوا دەنکە نۆکەکانمان کۆدەکردەوە.**

**پاش کۆنگرەکەی هاودیدان بۆ بەردەوامی هەمیشە پرسیارە گەورەکە وەک بڵێی پرسیارە قورسەکە هاتوتە ناو دەستودەم و کۆبوونەوە و دیدارە تایبەتیەکان و تا ئێستاش هەر خۆمان لە وەڵامەکەی دەدزینەوە، نەک لەبەر ئەوەی کە ناتوانین وەڵامی بدەینەوە یان وەڵامەکەی نەزانین، بەڵکو لەبەر ئەوەی وەڵامەکەی**

زۆر روونە و هەموو گوێی خۆمانمان لێ خەواندووە و قڕوقپمان لێکردووە.

هاوپەیمانیی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری هێزێک بوو بۆ هیواداری، بە هیواوە دامەزرێنرا و راگەیەنرا و کەوتە جموجوڵ و بەشداری هەڵبژاردنی کرد، پاش هەڵبژاردنی 12ی ئایار و سکاندالە گەورەکە، ئیتر پرسیارە قورسەکان دەستیان پێکرد، دانە و دوان و سیان و چوار بوونە سەدان، زەنگۆڵ زەنگۆڵ رێگامان بڕی و زەنگۆڵمان نا بە زەنگۆڵی یەکەوە و وەڵامی پرسیارەکانمان دۆزییەوە، بەڵام ئەو پرسیارەی ئەوکاتە و تا ئێستاش بەردەوامە وەڵامەکەشی هەر وون دەکەین، هەر وەک خۆیەتی.

ئەم پرسیارە هاوپەیمانیی لەسەر وەستاوە، هاوپەیمانی لەسەری دەجوڵێ، هاوپەیمانی پێی گورج دەبێتەوە و پێی گەش دەبێتەوە، لە دەموچاوی سەرۆکەوە پرسیارەکە دەردەکەوێت تا دەگاتە هاودیدی بازنەیەک.

پێم خۆشە ئەوە بڵێم منیش و هاوڕێکانم لەو مەعدەنەین ماندووبوون ناناسین، شەوڕۆژەکان لەسەریەک دەپێکنینەوە، قۆرتێک و نەکسەیەک و بەڵێنێکی ناڕاست و کۆبوونەوەیەکی ناسەرکەوتوو و پرۆژەیەکی بچوککراوەوە و مامەڵەیەکی ناتەندروستی سیاسی وەڕسمان ناکەن، بەڵکو کە هەنگاو دەنێین قووڵ دەڕۆین، کە بڕیار ئەدەین ورد ئەگەین، کە چاویش دەبڕینە داهاتوو هیچ نامانوەستێنێ.

ئێمە پێمان وایە سەختە خۆت لە شکست بپارێزی، وەلێم مەحاڵ نیە، ئێمە کە پەزێرەی خەم و چەرمەسەرییەکانین، کە سۆتەی نەهامەتی و نەزانینەکان بووین، دەزانین تامی شکست خۆشە بووە، دەزانین شکست ڕامانناگرێت، بۆیەش هەمیشە بیرمان لای سەرکەوتنە، هەموو ڕێگاکان دەمانبەنەوە بانە، ڕێگایەکی پێچ یان ڕێک، دڕکاوی یان گوڵاوی، یەک ئاڕاستە وەردەگرن و دەمانگەیەننە سەرکەوتن، "پرسیارە گەورەکە" ئەمڕۆ یان سبەی هەر وەڵام دەدەینەوە و دواجار دەگەینە دووڕێیانێک؛ یان بەرەو سەرکەوتن یان بەرەو سەرکەوتن!

لە کۆتاییشدا پێم وایە زەمەنی خوڕاگری و ورەبەرزی تێپەڕیوە، ئێستا هەمووان چاویان لە سەرکردایەتی ئەم حزبەیە کە ئیتر بێ وەڵامیان نەهێڵێتەوە، چونکە هاوپەیمانی بۆ ئەوەی نەبێتە دوکانی سیاسی دەبێت ئاڵەنگارییەکان تێپەڕێنێ و پرۆژە نیشتیمانییەکەی بگەیەنێتە کەناری ئارامی.

# تونس و هەوای دوای هەڵبژاردن!

نزیکەی دەیەیەکە یەکەم کڵپەی بەهاری عەرەبی لە تونسەوە سەریهەڵداوە و بە سەرنجدان لە بارودۆخی هەموو ئەو وڵاتانەشی کە شۆڕش و خۆپیشاندانەکانیان تیا بەڕێوەچوون دەبینین تونس تاقانەیە کە تونراوە دەسکەوتەکانی خۆپیشاندان بپارێزرێن. ئێستا تونس لە قۆناغێکی نوێی گەشەی دیموکراسیدایە، بۆیەش وردتر چاو دەخەینە سەر بارودۆخی سیاسی ئێستای ئەو وڵاتە و ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی نەهزەی براوەی هەڵبژاردنەکان.

تونس یەکێکە لەو وڵاتانەی سیستەمی پەرلەمانی هەیە و براوەی هەڵبژاردن پێویستی بە تەوافوقاتە بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، سیستەمی پەرلەمانی ڕێگایەکی دیموکراسیە بۆ حوکمڕانی و هەندێک بە دیموکراسیترین ڕێگا وەسفی دەکەن، بەڵام یەکێک لە گەورەترین کەموکورتییەکانی ئەم سیستمە ئەوەیە کە کاتێ دەردەکەوێ حزبی براوە ناتوانێ پەنجا کۆ یەک بەدەستبهێنێت، ناچارە پەنا بۆ نەیارەکانی ببات بۆ تەوافوقات، کە وەک دەزانین لە زۆرێک لە وڵاتانەکاندا حزبەکان لە ناکۆکی قووڵدان، بۆیەش زۆرجار ڕێگاکانی تەوافوقات زۆر درێژ دەبنەوە و هەندێجار پەنا بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن دەبرێت، لە هەندێ لە وڵاتان ئەم پرسە ڕێگای نادیموکراتی وردەگرێت چونکە حزبی براوە ناچاری چۆکدادان بۆ حزبە بچوکەکان دەبێت و دواتریش تەوافوقاتی ناسەرکەوتوو بەڕێوەدەچن کە جگە لە یارییەکی نادیموکراتی هیچی تر لێ سەوز نابێت.

ئیتالیا پاش شەڕی دووەمی جیهانی بۆ چەندین دەیە ئەم قەیرانەی هەبووە و چەندین تەوافوقات و هاوپەیمانیی ناسەرکەوتووی بەخۆیەوە بینیوە، تەمەنی ئەم جۆرە ڕێککەوتنانەش ئاسایی کورتە، ئێستاش قەیرانی هاوشێوە بەرۆکی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقای گرتۆتەوە، ئەوەتا عێراق و لوبنانیش دوو نمونەی زۆر نزیکن، لای خۆشمان کابینەی پێشوو بە کشانەوەی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو هەمان کێشە رووبەرووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوویەوە، نزیکترین نمونەش لە ئێستادا تونسە.

ماوەی ڕابردوو لە تونس دا دوایین پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، ئەو وڵاتە لە ئێستادا و لەقۆناغی خۆڕێکخستنەوەدایە، لەگەڵ ئەوی سەرۆکێکی نوێ کە بەبێ پشتیوانی لایەنێکی سیاسی دەرکەوتووەو وەک مامۆستایەکی زانکۆ گرەوی سەرکەوتنی بردەوە کە ئەویش (قیس سەعید)ە و شەشەم سەرۆکی وڵاتەکەیە و بڕوانامەی باڵای هەیە لەیاسای دەستوریداو بەسەرۆکە ناحزبییەکە ناوبانگی دەرکردووە.

لە هەڵبژاردنەکەدا بزووتنەوەی ڕاپەڕین (نەهزە) بە سەرۆکایەتی راشید غەنووشی لەکۆی (217) کورسی، توانی (52) کورسی بەدەستبهێنێت و بوویە یەکەم. دواتریش لیستی دڵی تونسی بە (38) کورسی بوویە دووەم و پاش ئەویش تەیاری دیموکراسی (22) کورسی، کەرامە (21) کورسی، حزبی ئازادی تونسی (17) کورسی، لیستی بژی تونس (14) کورسیان بەدەستهێناوە.

**یەکێک لەو کێشانەی روبەرووی تونس بووەتەوە لە ئێستادا تەوافوقاتی پێکهێنانی کابینەی نوێی وزارییە، چونکە حکومەتی نوێ پێویستی بە تەوافوقە و لە ئێستاشدا یەکێک لە سەختییەکانە، چونکە حزبەکانی تونس دیدگای زۆر جیاوازیان هەیە لە یەکتر و روون نیە دواتر چ شتێک گەرەنتی پێکەوەمانەوەیان دەکات.**

**هەفتەی رابردوو کۆبوونەوەی پەرلەمانی تونس بەڕێوچوو کە پەرلەمان دەنگدانی بۆ سەرۆکی پەرلەمان ئەنجامداو بە زۆرینەی دەنگی 123 پەرلەمانتار راشد غەنوشی کاندیدی نەهزەی تونسی وەک سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا. ئەوەش دوای ڕێککەوتنی نێوان بزوتنەوەی نەهزە و پارتی دڵی تونس هات کە یەکەمیان خاوەنی 52 کورسی پەرلەمانی و ئەوی دیکەشیان خاوەنی 38 کورسی پەرلەمانییە. هەروەها کوتلەی هاوپەیمانی کەرامە، کە خاوەنی 21 کورسی پەرلەمانییە و ئەویش هاوبەشی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکەیانە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ئێستادا یەکێک لە کێشە ماوەکان پرسی یەکلاکردنەوەی سەرۆک وەزیرانە کە دەنگێکی بەرز هەیە و داوا دەکرێت نەهزە کاندیدێکی سەربەخۆ بۆ سەرۆکی نوێی حکومەت بێنێتە پێشەوە نەک کاندیدی خۆی، چونکە ئەگەرچی لە ئێستادا هاوپەیمانی کەرامە (21 کورسی) جۆرێک لە رەزامەندی دەربڕیوە کە کاندیدید نەهزە ببێتە سەرۆک وەزیران بەڵام هاوپەیمانییە لیبراڵ و نەتەوەپەرستەکان بە هیچ شێوەیەک رازی نین بە کاندیدی نەهزە بۆ سەرۆک وەزیران، راستە لە ئێستدا لیستی دڵی تونس بە (38 کورسی) و براوەی دووەمی هەڵبژاردن رازیە کە پشتیوانی نەهزە بکات بۆ هێنانە پێشەوە**

کاندیدی خۆی بۆ سەرۆک وەزیران و ئامادەشیان راگەیاندووە بەرامبەر بە چەند پۆستێکی سیادی دەنگی پێبدەن، بەڵام ئەمە یەکێکە لە کێشە گەورەکانی نەهزە، چونکە بزوتنەوەی نەهزە بە دروشمی دژە گەندەڵی بەشداری هەڵبژاردنی کرد بۆیەش ناتوانێت بە ئاسانی لەگەڵ ئەم لیستە تەوافوق بکات و وەستانەوەیە دژی دروشمەکەی چونکە سەرۆکی دڵی تونسی (نەبیل قروی) تۆمەتبارە بە گەندەڵی مادیی و لە ئێستادا کەیسەکەی لە دادگایە، بۆیەش چاوەڕێ کراوە کە ئەمڕۆ نەهزە پۆستی سەرۆک وەزیران یەکلایی بکاتەوە، هەروەک رۆژی هەینی رابردوو دیدارێک لە نێوان سەرۆک کۆمار و راشید غەنوشی سەرۆکی نەهزە بەڕێوەچوو و باسلەوەدەکرێت کە نەهزە ناوی کاندیدی نوێی سەرۆک وەزیرانی پێشکەشی سەرۆک کۆمار کردوو.

لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە پرسی سەرکەوتنی دیموکراسییە لە تونسدا، چونکە هەم حزبی نەهزەی حاکم و هەم راشید غەنووشی وەک زانایەکی نوێگەری ئیسلامی جیهانی خەمی پەیڕەوی دیموکراسییان کردۆتە خەمی سەرەکی خۆیان و هەر جۆرە پێشێلکارییەک بەرامبەر بە پرۆسە دیموکراتییەکان بە شکستی خۆیان دەزانن، هەروەک چاوەڕێ دەکرێت بۆ رزگاربوون لەم سەرئێشە سیاسیانە نەهزە هەوڵی گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەکەی بدات.

# دۆخی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ناتەندروستە!

د. موئمین زەڵمی

عێراق لە خراپترین بارودۆخیدایە، سەرۆک وەزیران بە زمانی حاڵ رایدەگەیەنێت ناتوانێ حکومەتداری لەگەڵ "جەردەکان" درێژە پێبدات، سەرنجێکی کورت دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی ئەم دۆخەی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنی ناتەندروستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە.

دوانزە ئایاری ساڵی رابردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو ، لە ئان و ساتێکدا کە خەڵک و جەماوەری عێراق و کوردستان لە ناخۆشرین و بێهیواترین ساتەکاندا بوون، هێزە سیاسییە راستەقینەکان لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەدا هەستیان بە دوو ئەرکی زۆر قورس کرد، یەکەمیان گێڕانەوەی هیوا و ئومێد بۆ خەڵک بۆ ئەوەی بەشداری هەڵبژاردن بکەن، دووەمیش ئەوەی دەبێ ئەم سیستەمە سەقەتە سەرلەبەری هەڵبوەشێنینەوە.

ئێوارەی رۆژی ١٢ی ئایار، دەرکەوتنی ئەنجامی ساختەچییەتی و تەزویرە ناقۆڵاکە جارێکیتر بوویەوە هۆکاری بێ هیوایی و باڵی ڕەشی بێ ئومێدی سەرتاپای عێراق و تەنی، کوشتنی هیواداری لای خەڵک، ئەرکێکی لەمێژینەوەی دەسەڵاتی سیاسییە، بۆیەش جارێکیتر ئەوان ویستیان بیکوژن، لە سێدارەی بدەن، تەفروتونای بکەن، ...

بوختانیان بۆ کرد، تەڵەیان بۆ نایەوە، تەزویریان لەسەر کرد، خیانەتیان لێکرد، گەلەکۆمەشیان لێکرد، کەچی نەیانتوانی.

هێزە راستەقینە چاکەخوازەکان بڕیاریاندا نەهێڵێن هیوا بمرێ، تا هیوا بشەکێتەوە، تا هیوا بدرەوشێتەوە، بۆیەش هەر زوو پاش ڕەتکردنەوەی سەرلەبەری پرۆسەکە، لەگەڵ هێزە چاکەخواز و دیموکراتەکان بڕیاریاندا ببنە چقڵە چاوی ئەو تەزویرەی بووەتە پارێزەری بەرژەوەندی خزمەکان، پرۆسەی هەڵبژاردن و سەرجەم ئەنجامەکانی ڕەتکرانەوە و داوای هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردن کرا.

هێزەکان و خەڵک زۆر باش یەکتر دەناسن، زۆر باشیش دەزانن کێ دڵسۆزی راستەقینە و خاوەنی دەنگی راستەقینەیە، بۆیەش لەگەڵ جموجوڵە یاسای و دیبلۆماسییەکانی سەلماندنی چۆنیەتی ساختەچییەتییەکە، زانرا کە کێچ کەوتۆتە کەوڵیانەوە و ڕێگا ناشەرعییەکان دەگرنە بەر، بۆیەش چەندین کۆگای دەنگەکان سوتێنران، ئاخر کاتێک وترا دەستیان بۆ چڵەپوشەکە بردووە، وتیان وا نیە، بەڵام وا خەریکە چڵە پووشەکە دەیانخنکێنێ.

سەرنج بدەن هەڵبژاردنەکانی ڕابردووش تەزویر و ساختەکاری هەر هەبوو، بەڵام ئەمجارە ڕێکخراوتر و ترسنۆکانەتر بوو، چونکە ئەمجار هێزی نوێ هاتبوو تەرازووی دیموکراسی و عەدالەتی قورستر کردووە بۆیەش دکتاتۆری و ناعەدالەتییان زیاتر خستۆتەوە گەڕ، چونکە ئەمجار دەیانزانی وەک ڕابردوو، بۆیان ناچێتە سەر، دەترسان چەتری ناڕازاییەکان و دەنگە راستەقینەکان گەورە بێت، وا گەورەش بوو، هێزە چاکەخوازەکان ببنە هاوپەیمان لە پێناو شکۆی مرۆڤ و حوکمی

ڕەشید و بەرپاکردنی عەدالەتدا، لە پێناو کۆتایی هێنان بە فەزاحەت و سکاندالەکان و ڕێگری لە تەشویش و تەزویری سیاسی.

خۆپیشاندانەکانی دوومانگی رابردووی عێراق وفشارەکانی سەر سەرۆکوەزیرانی عێراق دەرئەنجامی قورسی بۆ سەر بارودۆخی عێراق لێ دەکەویتەوە، بۆیەش گومان نیە هەڵبژاردنی ناتەندروست دۆخی ناتەندروستی لێدەکەویتەوە، ئێستاش عێراقییەکان باجی سکاندالە گەورەکە دەدەن وهێزە چاڵهەڵکەنەکانیش وا دەکەونە ناو چاڵە هەڵکەنراوەکانەوە.

چاوەکان ئێستا لەسەر ئەوە چی هێزێک لە ئێستادا دەتوانێت و جورئەتی ئەوە دەنوێنێت کە بەڵێنی ڕاستگۆیی، هەڵتەکاندنی بەرژەوەندی حزب و خزم، حوکمی ڕەشید، چەسپاندنی دیموکراسی و بەرپاکردنی عەدالەتی بداتە خەڵکی عێراق و ببێتە پارێزەری دەنگ و ڕەنگی راستەقینەی خەڵک، ئەم بەڵێنەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لای خەڵک تۆخ دەبێتەوە و چاوەکانیش زیاتر لە جاوەڕوانییدا دمێننەوە.

# سی پرسیار بۆ سی ساڵ حکومڕانی!

له پاش نزیکه‌ی سێ ده‌یه حوکمڕانی له هه‌رێمی کوردستان هێشتاش زۆرینه‌ی پێداویستییه سه‌ره‌تاییه‌کان له ئاستی پێویستدا نین، ژیان له چوارچێوه‌یه‌کی ته‌واو نائاساییدایه، تا رۆژێ باشه ده‌یان رۆژ ناباش ده‌یگوزه‌رێنین، بۆیه‌ش وا ده‌زانم کاتی ئه‌وه‌یه هه‌مووان پێکه‌وه له‌سه‌ر ڕه‌گی کێشه‌کان و هۆکاری سه‌ره‌کی خراپی وه‌زعه‌که بدوێین.

تاکی کوردی له ئێستادا رۆژانه پێویسته وه‌ڵامی سی پرسیار بداته‌وه، سی پرسیار بۆ سی ساڵ، یانی هه‌ر ساڵه‌وه پرسیارێک، که له سبه‌ینێ زووه‌وه ده‌ست پێده‌که‌ن تاکو شه‌و دره‌نگ هه‌ر به‌رده‌وامییان هه‌یه، ژیانێک پڕ له جه‌نجاڵی و ماندوییه‌تی و وه‌ڕسی و سه‌رئێشه، پڕ له شه‌که‌تی و بێ هیوایی.

بێهیوایی له‌و ساته‌وه گه‌رم ده‌بێت که ناتوانین وه‌ڵامی پرسیاره‌کانیش بده‌ینه‌وه، پرسیار له دوای پرسیار ده‌په‌ڕنه ناو ژیان و خه‌یاڵه‌وه: بۆچی کاره‌بامان وایه؟ بۆچی سوته‌مه‌نی هه‌ر گرانه؟ بۆچی موچه له کاتی خۆیدا نیه؟ بۆچی حکومه‌ت نرخه‌کانی بازار کۆنترۆڵ ناکات؟ بۆچی په‌روه‌ده‌مان وا شێواوه؟ بۆچی که‌سێ نیه فیلم و کلتوره سه‌قه‌ته هاورده‌کان راگرێت؟ بۆچی رێگاوبانی ئه‌م وڵاته چاک ناکرێن؟ ئه‌م هه‌موو رووداوی هاتوچۆیه بۆ؟ کێ له‌م هه‌موو ناعه‌دالیه‌ته به‌رپرسه؟ ئه‌م هه‌موو حزبه بۆ بوونه‌ته مشه‌خۆر به‌سه‌ر میلله‌ته‌وه؟ مافی میلله‌ت له کوێدایه؟ ئه‌م هه‌موو بازرگانییه چیه

هەرکەسەو هەڵدەستێ دەبێتە بارگرانی بەسەر میللەتەوە؟ کەی خواردنی ئێکسپایەر کۆتایی دێت؟ کەی فەتوای ئاینیی ناپێویست دەوەستێنرێن؟ کێ هۆکاری ئەم هەموو درۆ و بێویژدانی و قۆڵبڕین و هەڵخەڵەتاندنە چین؟ بۆچی هەرکەسە و هەڵدەستێ خۆی دەکات پسپۆڕ و لە هەموو شتێکا قسە دەکرێت؟ بۆچی بە کلتور و فەرهەنگی خۆمان نامۆین؟ بۆچی تاک بە تاکی ئەم میللەتە سیاسییە؟ بۆچی هیچ شتێک لە جێگای خۆیدا نیە؟ بۆچی زانکۆکانمان بونەتە شوێنی مۆدێلات لە جیاتی زانست؟ بۆچی پارە هەموو شتێکە لێرە، مرۆڤەکان لەسەر بنەمای هەبوونیان دەپێورێن؟ بۆچی سۆشیال میدیا و تەکنۆلۆجیا تەنها لای ئێمە بووەنەتە بەڵا؟ بۆچی هەرچی چەکی نوێ هەیە لەسەر ئێمە تاقیدەکرێتەوە؟ بۆچی ناکۆکی و ناسازییە ناخۆییکان هەر تەواو نابن؟ بۆچی دیموکراسی لێرە گەشە ناکات؟ تاکەی توندوتیژی دژی ژنان هەیە و ژنان دەبنە قوربانی؟ بۆچی تەلاق و جیابوونەوە هەر وا زیاد دەکەن؟ بۆچی زانستخوازان و ئەهلی خوێندنەوە بە کەم سەیر دەکرێن و بڕوانامە بێ نرخ و ئەو هەموو خاوەن بڕوانامانە بێکارن؟ بۆچی وڵاتمان دەوڵەمەند و میللەت هەر هەژارن؟ بۆچی نابینە خاوەنی دەوڵەت؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەی کە سێ دەیەیە بێ وەڵامن یانی دۆزینەوەی هۆکاری سەرەکی تێکچوونی ئەم ژیانەی ئێمە هەمانە، کێ وەڵامی پرسیارەکانمان دەداتەوە.

ناخۆشترین دیوی راستەقینەی تاڵ کە لە ژیانی ئێمەی کورددا هەیە ئەوەیە ئێمە شتێکمان نیە بە ناوی حوکمڕانی، بنەمایەکمان نیە بۆ حوکم، ئەوەی هەیە حزبەکانن و حوکممان دەکەن، یانی حزبڕانی

**دروستتره تا حوکمڕانی، له پێش هەمووانەوه حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن خەتابارن چونکه شعوری ئۆپۆزسیۆن و نارەزایی خەڵکیان لەکەدار کرد، نارەزاییەکانیان بۆگەن و هێزی داخوازی رەوایان پارچەپارچه کرد، ئاخر میللەتێک ئەگەر خاوەنی ئۆپۆزسیۆنێکی راستگۆش بێت هەر چاوەڕێی خێری لێ دەکرێت، بەڵام کورد ئۆپۆزسیۆنەکەی هۆکاری سەرەکی قەیرانەکانە.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی نوێ دەرفەتی زۆری لەبەردەستدایه بۆ ئەوەی هیواداری بگێڕێتەوه، به دڵنیاییەوه پسپۆڕانی ئابوری راوێژی باشیان هەیه، زانایانی ئایینی دەتوانن لەم بوارەدا بدرەوشێنەوه، شارەزایانی دیبلۆماسی دەتوانن هاوکاری باشی حکومەت بن، کارناسانی تەندروستی و دەروونناسی دەتوانن خزمەتی گەوره بکەن، ئەوەشی پەیوەسته به پسپۆڕانی پەروەردەوه پێم وایه ئەوەی پێویست بێ وتومانه، چەندینجاریش له چەندین بۆنەی جیاوازدا نوسیومه و رامگەیاندووه، ئەم وڵاته پێویسته سەرەتا پەروەردەکەی چاک بکرێت، یانی شۆڕشی چاکسازی پەروەردەیی پێویسته له پێش هەموو چاکسازییەکانیترەوه بکرێت.**

# ژیان سەرێکی هێناوە و نایگێڕێتەوە!

لە تەلاَقی ئەو دێهقانەوە بیگرە کە لەسەر ترِی بزنێ مابوویەوە تا ئەو هەموو بێدەرتانیانەی ڕۆژانە ریمان لێ ئەگرن، لە وەسیەتنامەی سەیدەوە تا پاشەگەردانی رۆژنامەنوسە عەجولەکە، من سەرم لە کۆلانێ دەرهێناوە و لە کۆلانێکیتر شەقم لە بەرد هەلداوە، کۆلانێکم بە توێکلی ئەو قەلەم رەساسەوە دەناسمەوە کە لە بن دیوارەکەیا هەلمدەڕشتن و کۆلانێکیتریش بە تاسەوە چاوچاوەی حەیاداری.

لە کۆلانێکەوە هاتین تۆپەلە گوێرەویمان کردە تۆپی شەق شەقێن و پارچە گوێنیەکمان کردە جانتای قوتابخانە و دوو بەردی خڕ و سافیش بۆ تولێنێکیتری ژیان، سەرێکی هێناوە و نایگێڕێتەوە دواوە، ژیان.. لەو پیاسە و لە پرسە و لەو پرسیارە ئالۆزانە ئەچێ ژێر چەترێکیان پێ پڕکردینەوە و فاتیحایەک هات بە زارمانا و لە هۆلێکی زانکۆ کردمانە شەڕی قەناعەتی خۆمان و مامۆستا .

سەرێکی هێناوە و نایگێڕێتەوە ژیان، رۆژێ دەبێتە رۆژنامەنوس و ڕۆژێ دەبێتە مەلا و رۆژێکیش لافی سیاسەت لێ ئەدا، لەم سەری ژانەکانەوە تا ئەو سەری نان، ژیان حەکایەتی مانەوەی گەنجێتییە، گەنجێتیمان بەو خەیالانە سپارد دەریایەکی قوول دەوری شاری ئەتەنی ... خەون و خەیالمان لەسەر شەپۆلەکانی دەریا کێشا و لێیان تێکداین، لەسەر لم دێڕ دێڕیمان نوسییەوە و لێیان ڕەش کردینەوە، نایگێڕێتەوە ژیان ئەو سەرەی هێناویەتیە پێشێ.

هەر وشەیەکی هێزو هەر دێڕێکی تین و هەر ڕۆژانەیەکی مانایەکیتر بۆ گۆکردنی زمانی منالْیمان، ساواییمان بە منالْی، و هەرزەکاریمان بە گەنجی و کامڵیمان بە پیری ئەسپێرێ و هەمووومان پیر ئەکا و خۆی بە گەنجی ئەمێنێتەوە، عەجایباتی دنیای لایە، سەرێکی هێناوە و نایگێڕێتەوە ژیان.

بە تەواوی ژیان دوو نیوەیە، نیوەی یەکەمیان بە گوێگرتن لەوانە تێدەپەڕێینین کە ڕەنگە لە داهاتوودا خۆشمان بوێن، نیوەی دووهەمیان بە جودابوون لەوانە تێدەپەڕێنین کە زۆر بە قووڵی خۆشمان ویستوون...ژیان هیچ نییە لە بەکرەیەکی دوورو درێژ زیاتر کە لەم سەرەوە بۆ ئەو سەری هەردەم هەبووەکانمانی تێدا لەبەین دەبەین... ڤیکتۆر هۆگۆ نایاب وەسفی کردووی ژیان.

من و هەموو ئەوانەشی ژیان ڕەنگی کردووین، لە ماستاوی جەستە بۆ ژیان تێگەشتووین، خەست خەست، ترسی لە دڵنیشتووی گرتووە، بیر دەکەینەوە و وڕک بە خوێندنەوە دەگرین، مەعریفەکانمان ئەپێچینەوە و دەچینە سەر لایەکی تەرازووی خەیاڵ و قنج ڕادەمێنین، ئێمە کێشەی تێنەگەشتن گیانی تەنیوین، ژیان بازگە بە بازگە ڕاماندەوەستێنێ و هەرچی پێناس و هەویەی قوتابخانە و تاقیکردنەوە و زانکۆ و حزب و سەندیکا و ڕێکخراو و پیشەوەری و کۆنفرانس و کۆنگرە و هەڵبژاردن و چی و چیە دەیدەینێ و هەر لێمان تێناگا، خەریکە سنورداشمان بکاتەوە و دەرفەتێکیترمان دەداتێ، سەرێکی هێناوە ونایگێڕێتەوە ژیان.

بێموبالاتی هەر ئەوەیە ئەو باکی بە هیچ دەنگدانێ نیە، وتاری ئاگرین نادا بۆ دەنگ، خێرخوازی ناکات و وێنەکانی بڵاوبکاتەوە بۆ دەنگ، نابێتە خۆپیشاندەر و نارەزاییەکان پایەماڵ بکات بۆ دەنگ، ژیان سەرێکی هەیە و هەزار سەودا، هەموو هەلپەرست و دەرفەتچییەکان دەخاتە سەوداوە و خۆی بە سەرێکی بەرزەوە دەگەڕێتەوە، سەرێکی سەیری هەیە ژیان، دونیا نایگێڕێتەوە.

# کوردستان و مۆدێلی حزبایەتی

لێرەو لەوێ چەندین پرسیاری جیاواز لەسەر هاوپەیمانی، فەلسەفەی، دیدگا و دونیابینی، بونیادی، پێکهاتە و ئامانج و ئاڵەنگارییەکانی بەردەمی و چۆنیەتی مامەڵەی یار و نەیاری دەوروژێنرێن و هەر شیکەرەوەیەکیش بە جیاواز لە هاوپەیمانی تێدەگات و شرۆڤەی بۆ دەکات، بۆیەش هەوڵ ئەدەم لم وتارەدا ئەوەندەی بلوێ وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە.

سەرەتا گرنگە ئەوە ڕوونبکەینەوە کە ئەوەندەی هێزێکی فیکری و رۆشنگەریە ئەوەندە هەڵتۆقینێکی سیاسیی نیە، ئەمەشمان لە فەلسەفە و دیدگا و دونیابینی هاوپەیمانییەوە بۆ ڕووندەبێتەوە.
دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە هاوپەیمانی هێزێکی کوردییە کە لە ئەنجامی گفتوگۆ و دیدار و موناقەشەی زۆری نێوان کەسایەتیە جیاوازەکانی کوردستان دروست بووە، پرۆژەی هاوپەیمانی دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵ پێش ئێستا کاتێک چەند رۆشنفیکر و سەرکردەیەکی سیاسی کوردستان لە پاشخانی سیاسی جیاواز و باکگراوندی مەعریفی و ئایدۆلۆجی جیاوازەوە، دیدگای کاری نیشتیمانی-یان نوسی و لەگەڵ هێز و کەسایەتی و ڕەوتە جیاوازەکانی کوردستاندا شرۆڤەیان کرد تا دواجار، ژمارەیەکی بەرچاو لەو بەڕێزانە لە هاوپەیمانی دیموکراسیی و دادپەروەری دا کۆبوونەوە و بڕیاری سەرخستنی دیدگای نیشتیمانی -یان دا و کردیانە پرۆگرامی هاوپەیمانیی، بۆیەش لەگەڵ ئەو گۆرانکارییانەی لەرابردوودا بەسەر هاوپەیمانیدا هاتن، هێشتاش بنەماکان بەردەوامن.

یەکێک لەو باسانەی لەسەروبەندی کۆنگرەی دامەزراندنی هاوپەیمانییەوە وروژێنرا و تا ئێستاش کە بەرەو کۆنگرەی یەکەمی هاوپەیمانی دەچین، بابەتی بونیاد و پێکهاتەی هاوپەیمانیدا، لە کۆنگرەدا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح وەک سەرۆکی هاوپەیمانی هەڵبژێردا، دواتر لە کۆنگرەی بەردەومیدا بەڕێز ئارام قادر بوویە سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی. پاش سەرۆکی هاوپەیمانی، ئیتر هەموو کەسایەتی و ئەو کەسانەشی لە تەواوی ناوچەکانی کوردستانەوە قەناعەتیان بەم دیدگایە هەیە بە "هاودید" دەناسرێن و پەیڕەوی ناوخۆی هاوپەیمانی پێناسەی هاودیدی کردووە.

بونیاد و پێکهاتەی هاوپەیمانی رەنگدانەوەی ئەو بیروباوەڕ و دیدگایانەیە کە هاودیدانی هاوپەیمانی کردوویانەتە چرای ڕێگایان و کاری پێ دەکەن، کە ئەوانیش بریتین لە: "مرۆڤ سەنتەری، دەربازکردنی تاکی کوردی لە کۆیلایەتی بێ کۆت و حزبیی، گۆڕینی سیستەمی حزبایەتی، پەروەردەکردنەوەی تاکی کوردی لە تاکێکی شوێنکەتووەوە بۆ تاکێکی بیرکەرەوەی پێشەنگ، کۆتاییهێنان بە شەڕی ئایدۆلۆجی و بنەماڵەیی و عەشرەت گەڕایی، گواستنەوەی رۆڵی تاک لە خزمەتگوزاریی حزبەوە بۆ تاکێك کە حزب لە پێناوی ئەودا بێت بەشداری کارای ژنان و گەنجان بە شێوەیەک بتوانن مومارەسەی توانها و لێهاتووی خۆیان بکەن و کۆکردنەوەی هێز و کەسایەتی و ڕەوتە جیاوازەکان لەسەر خاڵی هاوبەشی چەسپاندنی دیموکراسی و بەرپاکردنی دادپەروەری و حوکمڕانی باش و دروست". بۆیەش هەرکەسێک باوەڕی بەم دیدگایە هەبێت ئەوە هاودیدە و

شیاوی ئەوەیە پۆست و بەرپرسیارییەتی لە ناو هاپەیمانیدا وەربگرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە .

لە کۆتاییدا ئەوەی کە ئێستا هاپەیمانی دەیەوێ چی بکات پرسیارێکی گرنگە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بە ڕوونی لە دیدگای هاوپەیمانیدا هاتووە، کە کۆکردنەوەی هێز و کەسایەتی و ڕەوتە جیاوازەکان لەسەر خاڵی هاوبەشی چەسپاندنی دیموکراسی و بەرپاکردنی دادپەروەری و حوکمڕانی باش و دروست ئامانجی سەرەکی هاپەیمانیە، هاوپەیمانی بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی حوکمڕانی کار دەکات و پێشی وایە گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی کە بیرکردنەوە و پرۆگرامی حزبەکانە هاوکاری گۆڕینی ئەو سیستەمەیە زەمینە خۆشکردنە بۆ گۆڕینی دەسەڵات. و بە تەنها یەک حزبیش گڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانیدا ناکرێت.

هاوپەیمانی لەسەر کۆتاییهێنان بە بنەمای " یەکتر سفرکردنەوە و هێرشەکردنە سەر کەسایەتی و مێژووی هێزەکانیتر" پەیوەنییەکانی دارشتووە و بە چاوی رێزەوە لە کەسایەتی تاک دەڕوانێت جا ئەو تاکە سەرۆکی حزبێک بێت یان تاکێکی ئاسایی، رێز لە مێژوو و خەباتی هەموو هێز و حزبێکی سیاسی دەنێت .

لە کۆتاییدا، هاوپەیمانی هێزێکە کە کار لەسەر نوخبە دەکات و ترسی لە فروان بوونی هەوادار و ئەندام و لایەنگرانی نیە، بۆیەش ئێستا هاوپەیمانیی خەریکە لەگەڵ هێزە هاودیدگا و ڕەوت و کەسایەتییە جیاوازەکاندا دەرگای کردۆتەوە و خەریکن بەرەی

**چاکەخوازان و دڵسۆزانی چەسپاندنی دیموکراسی و بەرپاکردنی دادپەروەری فراوان بکەن.**

# ئەمریکاو ئێران؛ سیل و سەرەتان!

# هەرێمی کوردستان بە تەنیشت کوژرانی قاسم سلێمانییەوە

سەری ساڵی نوێ لە لایەن زۆر کەسەوە بە شێوەی جیاواز پیرۆز کرا بەڵام من پیرۆزبایم لە هاوڕێ دیبلۆماتکارە ئەمریکییەکەمەوە بەم شێوەیە لێکرا "دەستپێکی دەیەی دووەمی سەدەی بیستویەکت پیرۆز بێت"، ئەوەتا لە سێیەم رۆژی مانگدا گەورەترین چالاکی سیاسی ئەمریکا لە ماوەی پانزە ساڵی رابردوودا لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامدرا. سەری ساڵێکی جیاواز، ئەمریکایەکی سیلاوی سارد و ئێرانێکی شێرپەنجەیی گەرم، چۆن لە کوژرانی ژەنراڵ قاسم سلێمانی تێبگەین؟ هەرێمی کوردستان چی بکات؟

بەرەبەیانی هەینی، 3ی کانونی دووەمی 2020، لە فرۆکەخانەی بەغدای پایتەختی عێراق و لە هێرشێکی ئاسمانیدا ژەنراڵ قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران و ئەبو مەهدی موهەندیس جێگری فەرماندەی حەشدی و ژمارەیەک لە هاوڕێکانیان کوژران.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە کاردانەوە جیاوازەکان دەستیانپێکرد. ئەمریکا هەر زوو ڕایگەیاند چالاکییەکە بە فەرمانی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا ئەنجامدراوە و لە بەرامبەریشدا

عەلی خامنەئی رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران ئەمریکای لە تۆڵەی توند ئاگادارکردەوە.

ئەمریکییەکان جگە لە تۆمەتی کوشتنی سەدان ئەمریکی و رۆژئاوایی لە جیهاندا لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە هۆکاری کوشتنی قاسم سلێمانییان راگەیاند، کە یەکەمین ئامانجی سلێمانی ئەوە بووە کە سەرپەرشتی پرۆسەی سوتاندنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بکات و باڵیۆزخانەکە بە تەواوەتی بسوتێنێت و هێرشێکی گەورەی بکاتە سەر. دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکاش لە تویتێکی خۆیدا جەختیکردەوە "دەبوایە زووتر قاسم سلێمانی بکوژرایە."

بە سەرنجدانێکی راستەوخۆی بارودۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکانی چەند مانگی رابردوو و دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیران و هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەی بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق و ئەو بۆشایی و ئافاتە ئەمنی و سیاسییانەی عێراقی تێکەوتووە، سەرەداوی سیناریۆی جیاواز رووندەبێتەوە کە بە دڵنیاییەوە ئەم چالاکییە ئیتیلاعاتی و ئەمنییەیان لێکەوتەوە.

لە کۆی ئەو لێدوان و کاردانەوە جیاوازانەدا کە لەسەر کوژرانی قاسم سلێمانی کەوتنەوە، خوێندنەوەی جیاواز دەکرێت، سەرکردە عێراقییەکان رووداوەکەیان بە پێشێلکردنی سەروەری عێراق وەسفکرد، بەڵام جۆبایدن جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری ئەمریکا رایگەیاند "ترەمپ شقارتەیەکی خستە ناو بەرمیلێک باڕووتەوە."، هەروەک کەناڵی سی ئێن ئێن لە مانشێتێکی سەرنجڕاکێشدا نوسیویەتی: "زامنی نارنجۆکەکەی رۆژهەڵاتی

**ناوەڕاست ڕاکێشرا"، زۆرینەی وڵاتانیش داوای هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و دانبەخۆداگرتنیان کرد، دۆناڵد ترەمپیش پێشنیارێکی ناڕاستەوخۆی پێشکەشی ئێرانییەکان کرد بەوەی کە ڕایگەیاند: " ئێران لە هیچ شەڕێکدا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام هەموو دانوستانەکانی بردووەتەوە" ئەوەش پەیامێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئێران تاوەکو تاران لەبری کاردانەوە پێویستە پەنا بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا ببات.**

**قاسم سلێمانی کاربەدەستێکی باڵای هەواڵگریی و سەربازی ئێران بووە، ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گێڕاوە، زۆربەی تەمەنی کارکردنی لە دەرەوەی ئێران بەسەر بردووە، کەسایەتییەکی جیاواز کە دوژمنەکانی رقیان لێیەتی و پێشی سەرسام بوون. سەرۆکی پێشوی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل پێیوابووە کە سلێمانی کەسێکە کە لەگەڵ هەمووواندا پەیوەندی باشی هەیە، هەروەها جۆن ماگوایەر، کە ئەفسەرێکی پێشوی سی ئای ئەی لە عیراق باسیلەوەکردووە کە سلێمانی بە تواناترین کەسایەتی هەواڵگرییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و کەسیش ناوی نەبیستووە، لە ناو فەرماندە سەربازییەکانی عەرەبیشدا بە "کاریزمای تارمایی" ناسراو بووە.**

**ڕووداوی کوژرانی ژەنراڵ قاسم سلێمانی و موهەندیس بە وەرگەڕانێک لە ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا لە عێراق دادەنرێت کە لە ئێستادا لە جەستەیەکی شەکەت و وڵاتێکی نەخۆش زیاتر نیە. بەڵام ئەم ڕووداوە تان و پۆی هاوکێشەکانی زیاتر تێکەڵ کرد و پێشبینییەکانی ئاڵۆزتر کرد، لەگەڵ ئەوەشدا بێلایەنی بۆ کورد و**

عێراقییەکان بە گشتی و هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت سەختتر کرد.

لە کۆتاییشدا ئەوەی کە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی کاردانەوەکان بۆ ماوەیەکی نادیار بەردەوام دەبن و کوردیش بەم شێوازە بێلایەنیەی دەستی داوەتێ بتوانێت ماوەیەک بەرگەی ئیحراجییەکان بگرێت، بەڵام بایەخدارتر بۆ کورد ئەوەیە کە کورد بتوانێت ئامادەگی زیاتر بنوێنێت.

بەرپرسانی ئەمنی کوردستان ئەرکی گەورەتریان لەسەرشانە و هەموو بەرپرسە گەنجە ئەمنییەکان دەتوانن دەستپێکی دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەک بکەنە دەرفەتی زێڕین، بۆ ئەمەش پێویستیان بە هەماهەنگی نێوانیان هەیە تا ئاستی ئاڵوگۆڕی زانیاری زیاتری نێوانیان و شیکردنەوەی ورد بۆ پێشهاتەکان و هەستان بە ئەرکی نەتەوەیی و کاریگەری خۆیان بۆ پاراستنی سەقامگیری ئەمنی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی پریشکی پێشهاتە ئەمنییەکان بەر گەلی کوردستان نەکەوێت، بە پێچەوانەوە قورسایی ستراتیجی هەرێم زیاتر بکەن و دەرفەتی ستراتیجی نوێ بخەنە بەردەمی کورد لە ناوچەکەدا.

# کاتێ ماهیر حەسەن لەدایکبوو!

ئێمەی کورد، لە گەرمەی هەواڵ و ترس و لەرز و شرۆڤەی سیاسی و جەنجاڵییەکاندا هێشتا هیوایەک ڕەنگ دەکاتەوە بە بەرماندا و بزەیەک دەلکێنێتەوە بە تەموومانا، ڕەنگە ئەمە یەکێک بێ لە جوانترین دیارییەکان، لە جوانترین قەدەرەکان، ماهیر حەسەن هونەرمەندێکی پێویست، پیاوێکی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ ڕۆژانی بێ ڕەنگی نیشتیمان.

ئەم ڕۆژانە، کە هەواڵ، سیاسەت و شەڕ و بێنەوبەردە و چی و چی بوو، ئەم ڕۆژانە کە باسوخواسی شەڕی وڵاتان لە نزیکمانەوە مێشک و دڵەکانی داپۆشیبوو، وێنەی پیاوێکی سەر ماشوبرنجی کە ئیتر لە ساڵە زێڕینەکانی تەمەنی نزیک ئەبێتەوە سەرنجی ڕاکێشاین، وێنەیەک بە کاپشنێکی حەزینەوە لەسەری نوسرابوو "تکایە تۆ پیر مەبە!"، وێنەی ماهیر حەسەن، هونەرمەند و ئەکتەری بەناوبانگی کۆمیدیای کوردی، پیاوێکی هەمیشەیی و جوانبینێکی سەرتاسەری.

ئەم پیاوە، ماهیر حەسەنی هونەرمەندە، کە لە دەی کانوونی دووەمی ساڵی 1965لە شارۆچکەی عەربەتی سەر بە سلێمانی لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی 1979 دەستیکردووە بە کاری هونەری، لە ساڵی 1981چووەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە سلێمانی لە ساڵی 1985 بەشی شانۆی تەواوکردووە لە هەمان ساڵدا خەڵاتی ڕێزلێنانی بۆ باشترین ئەکتەر پێدراوە. بەشداری زیاتر لە دوو سەد بەرهەمی

هونەریدا کردووە. یەکەم بەرهەمی شانۆگەریی (چینی چاوی چەوساوەی کرێکاران بە دەستی ئاغا و دەرەبەگدا) بووە. دیاترین بەرهەمەکانی بریتین لە (یاخیبوونی ستار، هەمەڕەنگ، پەترییۆت، ماڵەکەی مەعروف، بەخت ڕەش، فەنتەڵۆس، و کەشکۆڵ)، کە بە یاخیبوونی ستار ناوبانگی دەرکردووە.

بە تەنیشت قسەی سیاسی و شرۆڤە و شیکار و روماڵی هەواڵەکانەوە، ڕەنگە جوانترین هەواڵی هەفتە ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی ماهیر حەسەن بێت، ئاخر ماهیر هاتنێکی جیاوازی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، هاتنێک کە بە دڵنیاییەوە جیهان ڕەنگێکیتری گرتووە و کوردستان رۆژێکی ڕەنگاوڕەنگی بەڕێکردووە.

وەک چۆن کاتێک پێشانگای مۆمەکان گڕی گرت، خەڵک هەموو پیرۆزباییان لە خاوەنەکەی دەکرد و وایان زانی رۆژی لەدایکبوونیەتی، ئاواش لەدایکبوونی ماهیر نەک تەنها بۆ خانەوادە و هاوڕێیانی، بەڵکو بۆ هەموومان شیاوی پیرۆزبایی شایستەیە. کوردستان ئەکتەری زۆرە و هونەرمەندی زۆرن، بەڵام ماهیرەکان کەمن، چونکە نەک هەر کۆمیدیا و پێکەنینەکانی، بگرە هەڵسوکەوت و مامەڵە و دەرکەوتنەکانیشی راستەقینەن و بە مامەڵەی بەرزی توانیویەتی زیاتر لەگەڵ خەڵکدا راستگۆیانە بدرەوشێتەوە.

من لە "یاخیبوونی ستار"ەوە ماهیرم ناسی، یاخیبونێک بە تەنیشت کۆمیدیاوە گێڕانەوەی چیرۆکی قۆناغێکی جیاوازی مێژووی ئێمە بوو، ئاخر ئێمە بۆ خۆمان میللەتێکی یاخیین، یاخیبوون لە خوێنماندایە، لە رۆحماندایە، یاخیبوون بەرەو شاخ، ئێمە ئەو کاتانەش لە باڵەخانە

**بەرزەکاندا خەریکین پەپجی ئەکەین و قاوەی تورکی دەنۆشینەوە، ئەو کاتانەش پانتۆڵی مۆدە لەبەر ئەکەین و خاتوونەکانی وڵات جیاوازترین مەیک ئەپی سەرزەوی مەسرەف ئەکەن، هێشتاش هەر یاخیبوون ڕەگمان ئەجوڵێنێ و دەمارەکانمان ئەخاتە حەرەکەت. ئێمە لەو نەوڕەسانە یاخیترین دەریایان بەدەورا وشک ئەبێ، هەمیشە خەریکین تۆشەبەرەکانمان گرێ ئەدەین، ئەو کاتانەش زۆر شارییین، لە چەقی شارەکاندا ئەگەشێینەوە هەر روومان لە شاخ و هەنگاومان بەرە ئەشکەوتەکان و پشتمان لە شەقامەکانی شارە، تۆشەبەرێک و موچەیێ نان و دوو هێلکەی کوڵاو و قەپاڵێ کەرەی کوردی، دارێکمان کردۆتە گاڵۆک و پاڵمان پیوە داوە، ماهیر واتەنی: ئۆ خۆ ئەوە دارە، وامزانی ستارە!**

**ساڵ دێن و دەڕۆن، تەمەن دێت و دەڕوا، بەڵام ماهیر حەسەن لەو ڕەنگە دەگمەنانەیە، بۆ ئێمە ڕەنگی نیە، لەو پێویستیانەیە بۆ ئێمە جێگای پڕ ناکرێتەوە، بۆیە منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو کەسانەی کۆمێنتیان بۆی نوسیوە، "تکایە پیر مەبە"!**

**تۆ پیر مەبە، وەرە و بەڵێن بدە پیری پیر کەی، ماندوویەتی ماندوو و شەکەتی شەکەت و وەڕسی وەجاخکوێر بکەی، تۆ پیر مەبە و وەرە گەنج گەنج، قنج قنج بدرەوشێرەوە، وەرە و بەرنامەیەکیتری کۆمیدی و بڕگەیەکیتر بخەوە بەرچاومان، وەرە و خەفەتەکان بە جگەرەیەکا بپێچەرەوە و بیانسوتێنە. وەرە و خەمەکان وشک بکە، نەکەی پیر بی، وەرەو دار سنەوبەرێکی گەنج بە سەرسەوز، هەمیشە بەهار بمێنەرەوە. تاڵە سپییەکانی قژت با برنجی نیشتیمان سەوزکەن، نەک ببنە بەفری شاخەکان و بتوێنەوە.**

من بەڕێزت ناناسم و لەنزیکیشەوە بە دیدارتان نەگەشتوم، بەڵام تۆ ئاشنای ژیانی ئێمەی، لە ماڵەکانماندای، لە پێکەنین و شادیەکانماندای، تۆ لێرەیت و دەنکە تەسبیحەکانی شادیمان بۆ پێوەدەکەیت و نەبڕی گورج و گۆڵی و سەرسەختیمان ئەڕازێنیتەوە. لەدایکبوونت پیرۆز هونەرمەندی گەورەی میللەتێک.

# کوردو هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوك!

موئمین زەڵمی

مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەدەچێت‌و لەئێستاشەوە کورد چاوی لەسەر ئەنجامی هەڵبژادنەکانی ئەو پارێزگایانەیە کەدەکەونە سنوری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەتایبەت کەرکوك، لەم سەروبەندەدا وەڵامی دوو پرسیار گرنگن، ئایا چ جۆرە مامەڵەیەك بۆ کەرکوکییەکان گرنگە؟ کورد چۆن بتوانێت سەنگ‌و قورسایی خۆی بپارێزێت؟

لە دوای ریفراندۆمەوە ئەمە یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگایە لەکەرکوك بەڕێوەدەچێت، بۆیەش بەخوێندنەوەی واقیعەکە رەنگە ئاسانتر بتوانین وەڵامی پرسیارەکان وەربگرینەوە.

لە ماوەی ڕابردوو لەگەڵ نوێنەری بەشێك لەوڵاتانەی کاریگەری سیاسییان لەسەر بارودۆخی عێراق هەیە دیدارمان هەبووەو لەگەڵ زۆرینەی حزبە کوردستانییەکانیش بیروڕامان ئاڵوگۆڕ کردووە، لەژێر رۆشنایی ئەو کۆبوونەوەو گفتوگۆیانەشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کەدیموگرافیای کەرکوك گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەگوێرەی راپۆرتی گفتوگۆکان نزیکەی 400 هەزار کوردی دانیشتووی کەرکوك ئەو شارەیان جێهێشتووەو لەشارەکانیتری هەرێمی کوردستان

نیشتەجێن، لەبەرامبەریشدا عەرەب بەپلەی یەکەمو تورکمانەکانیش ڕێژەیەکی بەرچاویان هاتوونەتە ناو شارەکەوە.

ئەگەر سەرنجێکی کورتی ڕابردووی دیکتاتۆرییەتی عێراق بدەین دەگەینە ئەو بڕوایەی کەتاکە بژاردە بۆکاری سیاسی بەشداری هەڵبژاردنەو بەگرنگییەوە لەو پرۆسەیە دەڕوانین، بەڵام ئەزموونی ناتاندروستی ساختەکاریش دیسان هاندەرە کەبڵێین کەگرنگتر لەهەڵبژاردن، بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی پاکە کەوانە لەڕابردوو وەربگیردرێتو چیتر سومعەی پرۆسەکە بەهەڵبژاردنی ساختە لەکەدار نەکرێت.

لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کەکەرکوك کوردستانە، پێویستە چاومان لەسەر واقیعی کەرکوك بێت، بۆیەش وەك چۆن لەسەروبەندی بریاری دادگای فیدراڵی عێراق بۆ درێژکردنەوەی کارپێکردن بەمادەی 140 باسم کرد، تاکە زامنی پاراستنو خزمەتی کەرکوك جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستوورە، ئێستاش پێم وایە کەباشترین ڕێگای مامەڵە لەگەڵ کەرکوك مامەڵەی دەستووریەو تۆخکردنەوەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی دانیشتوانی کەرکوکە.

کورد ئەزموونێکی سەرکەوتووی لەگەڵ پێکەوەژیان هەیەو هەرێمی کوردستان باشترین نمونەی پێکەوەژیانی نەتەوەو ئایینو کەمایەتییەکانە بۆیەش بەو چاوەوەو بەو ئەزموونەوە کورد دەتوانێت پێگەیەکی بەهێز بۆ کەرکوك دستەبەر بکات.

دوایی چەندین کۆبوونەوەی هێزو لایەنەکان خەریکە ڕایەکی گشتی لەسەر پێکهێنانی لیستێکی هاوبەش بۆ کەرکوک دێتەئاراوەو ئەمەش یەکێکە لەهەنگاوە پێویستەکان کەکورد گرتویەتیەبەرو ئێمە بەچاوی ڕێزەوە لەو هەنگاوانە دەڕوانین.

لە لایەکیترەوە باسوخواس لەسەر ئەوەی کەکەرکوکییەکان چیان دەوێتو چی باشە بۆ ئەوان هاتۆتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەی تێبینی زۆر لەسەر حوکمڕانی پانزە ساڵی رابردووی کەرکوك هەیە بەڵام هێشتاش ئەو پرسیارانە بێ وەڵامن کەبۆچی نەتوانراوە خزمەتێکی باشتری کەرکوکییەکان بکرێت بەشێوەیەك کوردو پێکهاتەکانیتری کەرکوکیش ئەو پانزە ساڵە وەك سەردەمی زێڕین سەیربکەنو دڵەڕاوکێی کەمبونەوەی سەنگو قورسایی کورد نەبێتە خەمی هێزە سیاسییەکان.

پاش ئەم بەرچاورونیانە بەدڵنیاییەوە کورد خاوەنی قورسایی خۆیەتیو کۆتاییهێنان یان بەلایەنی کەمەوە کەمکردنەوەی ناکۆکی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکان زامنی پاراستنی دەنگو سەنگی کوردە لەو شارەدا، بۆیەش بەبڕوای ئێمە کورد بەپێکهێنانی لیستێکی نیشتیمانی کەکوردو نەتەوەو پێکهاتەکانیتریش کۆبکاتەوە دەتوانێت هەم بیسەلمێنیت کەپێکەوەژیانی کەرکوك ستراتیجەو خەمە گەورەکە بۆ چۆنیەتی خزمەتی زیاتری کەرکوکییەکانەو لەولاشەوە پارێزگارییە لەسەنگو دەنگو ڕەنگو قورسایی کورد وەك پێکهاتەی یەکەمو سەرەکی کەرکوك.

# زیادەڕەوییەکان لابدەن!

لەگەڵ سەرهەڵدانی یاسا و دەستپێکردنی جێبەجێکردنی یاسادا، دیوێکیتر کەوتۆتەوە کە بریتی بووە لە نایاسایی، ناپەبەندی، پێشێلکاری یاسایی و زیادەڕەوی، جاهەر یەکەیان بە پێی کۆنتێکستی خۆی وەستانەوە بووە دژی سەروەری یاسا. لەم وتارەدا لەسەر ئەم پرسە دەوەستم و هەوڵ ئەدەم چارەسەریش بخەمەروو.

لە ماوەی رابردوودا لە چەند شوێنێکی کوردستان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، چەند خانوویەکی زیادەڕەویان رووخاند، چەند باغ و تەلبەندێکی زیادەڕەوییان لادا، چەند کەپر و عەرابەنەیەکی زیادەڕوییان پێچایەوە و دواجاریش لە فولکەی شاری سپی- نزیک لە ئۆفیسی چاوی کورد- شارەوانی سلێمانی میوەفرۆشەکانی پێچایەوە.

من ناچمە سەرباسی ئەوەی چەندجار ئەو میوە فرۆشانە ئاگادار کرانەوە و لانەچوون؟، چەند مەتری چوارگۆشەی شەقامەکەیان داگیر کرد؟ چەند خولەک هاتوچۆیان راگرت؟، چەندە خەڵکیان ئیزعاج کرد؟، و باسی ئەوەش بۆ خەڵکی تایبەند بەجێدێڵم، کە ئایا ئەو کەسانەی لەوێدا میوەیان دەفرۆشت کێ بوون؟ ئاستی بژێوییان چۆن بوو؟ ئایا ژیانی سەخت ناچاری کردبوون بێن و لەو سەرشەقامە گشتییە میوە بفرۆشن یان خۆیان خەریکی کەسابەتیتر بوون و ژمارەیەک گەنجی عەرەب و سورییان بە کرێ گرتبوو لەوێدا میوەیان بۆ بفرۆشن؟ و ... تاد.

**کۆتێک کە لە رابردوودا لە سۆشیاڵ میدیاوە شەیرم کرد لێرە دایدەنێمەوە، "باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە باوەڕی بە هەموو سنورە شەرعییەکان هەیە نەک تەنها ئەو شتانەی لە بەرژەوەندی خۆیدان ... یاساخوازی راستەقینەش ئەو کەسەیە کە باوەڕی بە جێبەجێکردنی هەموو یاساکان هەبێت نەک تەنها ئەوانەی لە بەرژەوەندی خۆیدان!"، چونکە ئەوە قەناعەتی منە، چەندجارێکیتریش نوسیومە و وتوومە، حەقیقەت دابەشناکرێت، ناکرێ تەنها ئەوە حەقیقەت بێت لە بەرژەوەندی مندا بێت، بۆیەش بە تەواوی باوەڕەوە پێم وایە کاتێک کەسێک دەڵێت من پابەندی دینم و باوەڕدارم پێویستە پابەندی هەموو سنورە شەرعییەکان بێت، کەسێکیش کە دەڵێت پابەندی یاسام دەبێ پابەندی هەموو یاساکان بێت.**

**حکومەت جار جارە دەستدەکات بە لابردنی زیادەڕەوییەکان و میدیا و رۆشنبیر و پەرلەمانتار و چالاکوانان هەریەکە و بە شێوازێک دەیکەنە هەڵا و دەیوروژێنن، بە بێ ئەوەی لە پرسەکە ورد بنەوە وەک چۆن دکتۆرێکی بەڕێز نوسیبووی: "من دراوسێی فولکەی شاری سپیم، مەگەر تەنها ئێمە بزانین حکومەت چەند باشی کرد"!**

**د. جەعفەر عومەر پزیشکی پسپۆڕی دەروونی و راهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی دەشڵێت: " زۆرینەی ئەوانەی لەسەر لابردنی زیادەرۆییەکانی فلکەی شاری سپی کە ماوەی چەند مانگێکە دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی گیرۆدەکردووە قسەیانکردووە هەموویان دژایەتیان دەربریوە و بە هەواڵی درۆینەی پەرلەمانتار یان میدیاکار کە ئاگایان لە هیچ نییە هاتوون قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکەن.ئەو**

**میوە فرۆشانە شوینەکەیان کە کاری تیادەکەن جادەی سەرەکییە، نیوەی جادەکە زیاتریان گرتووە، ئەو ناوەیان کردووە بە زبڵدان، ئیزدیحام و قەرەباڵغییەکی زۆریان دروستکردووە، بوونە هۆی نارەحەتی خەڵکی، چەندین جار ئاگادارکراون بەلام گوێیان نەگرتووە، کەسێک هەژاربێت بای یەک دەفتەر میوەی چۆن بۆ دادەندریت هەتا بیفرۆشێت"!**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان واجبی سەرشانییەتی بێکاری نەهێڵێت، هەژاری بگەیەنێتە سفر، کار بۆ رەخساندنی دەرفەتی یەکسان بکات، گەنجانی وڵات بکاتە خاوەنی پرۆژەی بچوک و گەورەی کار، دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی بچەسپێنێت، دەستی دزە گەورەکان وشک بکات، بازرگانانی ساختەچی قۆڵبەست بکات، داهاتی وڵات بخاتەوە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی، بەرتیل و واسیتە و رەشوە و خزم خزمێنە و تەحەزوب نەهێڵێت، تەخشان و پەخشانی داهاتی حکومەت رابگرێت، قڕ و پڕی نەهێڵێت، بەڵام ئەمانە هیچی بە مانای ئەوەی نیە و رێگای ئەوەشمان پێنادەن پشتیوانی یاساشکێنی و پێشێلکاری یاسایی و زیادەڕەوییەکان بکەین.**

**بە بڕوای من با حکومەتی هەرێم و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان زیادەڕەوی لابدەن و رایانبگرن، بەڵام بەدیل پێشکەشی هاوڵاتیان بکەن، یەکێک لە باشترین بەدیلەکان ئەوەیە کە لە هەر شار و شارۆچکەیەکدا وەک چۆن ناوچەی پیشەسازی جیاکراوەتەوە ئاواش بازاڕی لۆکاڵی جیابکرێتەوە جا ناوی دەنێن"بازاڕی خۆماڵی"، یان "گوندبازار"، یان "هەفتەبازار" یان "جومعەبازاڕ" یان هەرناوێکیتر، بە شێوەیەک خەڵکی کەمدەرامەت لەوێدا هەم بتوانن**

دەسترەنگینییەکانی خۆیان نمایش بکەن، و هەم خواردنی خۆماڵی و بەروبومی خۆماڵیی گوندەکان بفرۆشن و دەرفەتی کارکردنیشیان بۆ دەرەخسێت، بە مەرجێک ئەویش لە لایەن ژمارەیەک دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووەوە قۆرخ نەکرێت، و بە نرخێکی هەرزانی مانگانە چەند مەترێکیان بۆ جیا بکرێتەوە و ڕێنمایی تایبەتیان بۆ دەربکرێت، کە کەپرەکانیان بە جوانی برازێننەوە و پابەندی یاسا و ڕێنماییەکان بن، بەم شێوەیە هەم دەرفەتی کاریان بۆ دەرەخسێت و هەمیش ڕێگە لە زیادڕەوی و پێشێلکاری یاسایی دەگیردرێت.

لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە سەروەری یاسایە، بەڵام کاتێک دەتوانین توندتر بەرامبەر یاساشکێنەکان و پێشێڵکارانی یاسا بوەستینەوە کە زەمینەی یاساسەروەریمان باشتر ڕەخساندبێ و گوڵستانی یاساسەروەریمان زیاتر گوڵڕێژ کردبێت.

# ئەبومەهدی موهەندیس چۆن بوویە سێ کوچکەی متمانەی خامنەیی؟

**قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران کوژرا و تەرمەکەشی بەخاک سپێردرا، بەڵام ئەوەی لەگەڵ خۆی بردی و جگە لە خامنەیی رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران کەسیتر نەیزانێ، چیرۆکی گەنجێکی عێراقییە کە بە ئەسڵیترین ئێرانی ناو عێراق دادەنرێت، ئەو نهێنیانە چین؟ ئەم گەنجە بۆ وا چووە بە دڵی مەرجەعی شیعەکانی سەرزەویدا؟ بۆچی ناوی هەر لەسەر زارانە و بە یەکێک لە پایەکانی سێ کوچکەی متمانەی خامنەیی دادەنرێت؟**

**ئەبومەهدی موهەندیس کێیە؟**

**جەمال جەعفەر محەمەد ئال ئیبراهیم یان جەمال ئیبراهیمی کە بە ئەبو مەهدی موهەندیس ناسراوە، جێگری حەشدی شەعبی عێراقی بوو، ساڵی 1954 لە بەسرەی باشووری عێراق لەدایکبووە، باوکی عێراقییە و دایکیشی ئێرانییە، ساڵی 1977 کۆلێجی ئەندازیاری زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، کاتێک خوێندکاری زانکۆ بووە پەیوەندی بە ریزەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامییەوە کردووە.**

**لە ترسی سەربازی و دەستگیرکرانیشی لە لایەن رژێمی بەعسەوە چووەتە کوەیت و ساڵی 1983 لە کوەیت بە داڕێژەری هێرشەکانی سەفارەتی ئەمریکا و فەرەنسا پاڵاوگەکانی نەوتی ئەو وڵاتە ناوی**

**هێنراوە، کە بە گوێرەی راپۆرتێکی بی بی سی فارسی ئەو هێرشانە لە لایەن ئێرانەوە رێکخرابوون.**

**لە کۆتایی هەشتاکاندا بە یەکجاری چووەتە ئێران و دەستیکردووە بە خوێندنی ماستەر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ساڵی 2010 ش بووەتە خوێندکاری دکتۆرای زانستە سیاسییەکان و بە باشی فێری فارسی بووا و هەر لەوێش لەگەڵ خانمێکی ئێرانی هاوسەرگیری کردووە.**

**بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ کوشتنی میری کوەیت بریاری لەسێدارەدانی غیابی لەدادگای کوەیت بۆ دەرچوو.**

**بە وتەی خۆی، یەکێک بووە لە سەرکردەکانی مەجلیسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی عێراق و فەرماندەی باڵی سەربازی مەجلیس بووە کە بە سوپای بەدر ناسراوبوو.**

**گەڕانەوە بۆ مەیدانی سیاسی و ئەمنی**

**پاس ساڵی 2003 و شەڕی ئەمریکا و پڕۆسەی رزگاری عێراق وەک زۆربەی سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکان گەڕاوەتەوە عێراق، و دەوترێت کە ماوەیەک ڕاوێژکاری ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق بووە، دواتریش لە مەجلیسی ئەعلا جیابوویەوە و کەتائیبی حزب اللەی عێراقی دامەزراند کە وەک تەواوکەری حزب الله ی لوبنانی حەسەن نەسروڵا بووە لە عێراقدا .**

له هەڵبژاردنی دوهەزار و پێنجی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ناوی له لیستی کاندیدایانی هاوپەیمانیی شیعەکان دەرهێنرا به هۆی ئەو تۆمەتانەی که لەساڵەکانی هەشتاکانەوه له دادگاکانی عێراقدا لەسەری هەبوون. له لایەن ئەمریکا و پۆلیسی ئینتەرپوولەوه به یەکێک له کەسایەتییه داواکراوەکان ناوەزدکرابوو بۆیەش تا ساڵی 2011 زۆربەی تەمەنی له ئێران برده سەر و کەمتر دەیتوانی به ئاشکرا لەعێراق بمێنیتەوه.

له گەنجێکی قاچاخەوه بۆ کەسایەتییەکی بەناوبانگ

سەرهەڵدانی داعش و دەوڵەتەکەی به خەلافەتی ئەبوبەکر بەغدادی و هێرشەکانی بۆ سەر موسڵ و ناوچەکانیتری عێراق وەرزێکی نوێ بوو بۆ چالاکییەکانی ئەبومەهدی موهەندیس، بۆیەش بوویه ئەندازیاری پرۆژەیەکیتری راستەوخۆی ئێران و حەشدی شەعبی (جێگرەوەی بەسیج) له عێراق و ئەم هێزەی دروست کرد، حەشدی شەعبی به تەنیشت سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوه بوونه بەشێکی فراوان له بەرەی عێراقی دژی داعش و له زۆرینەی چالاکییەکانی دژی داعشدا بەشداری راستەوخۆی دەکرد.

ئەبومەهدی موهەندیس و ئێران و هەموو شت!

لەگەڵ ئەوەی دایکی و هاوسەرەکەی ئێرانین و بەشێکی زۆری ژیانی هەرزەکاری و گەنجی له ئێراندا بەسەربردووه، پێگەشتن و خوێندنی هەر له ئێراندا بووه، بەڵام زیاتر لەمەش به بوونی پەیوەندی نزیک

لەگەڵ ئێراندا ناوی هێنراوە، خۆشی ڕەتی نەکردۆتەوە کە پەیوەندی لەگەڵ دەزگای زانیاری (ئیتیلاعات)ی ئێرانیدا هەبووبێت و بەلاشیەوە نائاسایی نەبووە .

"من بیست ساڵی تەمەنم لە ئێراندا بردۆتە سەر، دەکرێ پەیوەندیم لەگەڵ ئیتلاعات نەبووبێت؟ من بەرپرسێکی سیاسی و نیزامی و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بووم، ئەمەش وای دەخواست پەیوەندیم لەگەڵ ئەملاو و ئەولا هەبوو، بەڵام ئەو تێگەشتنەی کە پێی وابێت ئێران لە ڕێگەی منەوە لە عێراقدا چالاکی دەکات تێگەشتنێکی ئەحمەقانەیە" موهەندیس لە دیمانەیەکی رجانیوز وای وت.

سێ کوچکەی متمانەی خامنەیی

پەیوەندی و کاری پێکەوەیی نێوان ئەبومەهدی موهەندیس و قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی لە پێنج ساڵی رابردوودا بەرەوپێشچوونی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، بە شێوەیەک قاسم سلێمانی چەندجارێک خۆی بە سەربازی ئەبومەهدی زانیوە و ئەویش خۆی بە بەسیجی حاجی قاسم سلێمانی وەسفکردووە.

ڕەنگە ئەو قسەیە تەواو بێت کە لە ڕێگەی قاسم سلێمانییەوە، ئەبومەهدی موهەندیس بە متمانەپێکراوترین سەرکردەی عێراقی دادەنرێت لای عەلی خامنەیی رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران. بە گوێرەی زانیارییەکان سێ کوچەی (حاجی قاسم سلێمانی و ئەبومەهدی موهەندیس و حەسەن نەسروڵا) بە سێ کوچکەی متمانەی خامنەیی دادەنرێن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش بە

**وردی لە مەراسیمی بەخاکسپاردن و نوێژی سەر جنازە و دوایین وتاری خامنەیی دا لەسەر بارودۆخەکە زیاتر دەردەکەوێت کاتێک بە بێ پەردە باسی لە نزیکی ئەبومەهدی موهەندیس و خۆی کرد و ئەوەشی راگەیاند کە ئەبومەهدی زانیاری بۆ ئەوان گواستۆتەوە.**

**بۆیەش ئەوەی لەم نزیکییە دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە ئەبومەهدی موهەندیس و حاجی قاسم سلێمانی کۆمەڵێکی زۆر نهێنییان لەگەڵ خۆیان بردە ژێر گل کە تەنها عەلی خامنەیی و رەنگە هەندێکیشیان حەسەن نەسروڵا بیانزانێت.**

# ڕێگای سلێمانی- هەولێر!

کاتژمێر یانزەی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پێنجی ئازار، ساڵیادی ڕاپەڕینە، ڕاپەڕینی رزگاری میللەتی کورد لە زوڵم و ستەمی بەعسی دیکتاتۆر، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەمڕۆ کەمتر باسی ڕاپەڕین دەکەن، چونکە ئێستا هەواڵی گەرم ڤایرۆسی کۆرۆنایە، هاتۆتە سنوری هەرێمی کوردستانەوە و چەند حاڵەتێک لە سلێمانی تنمارکراون و هاوڵاتییەکیش گیانی سپاردووە.

پاش سەفەرێکی چەند ڕۆژی سلێمانی بەرەو هەولێر بەجێدێڵین، سنوری ناحیەی خەلەکان دەچینە سەر جۆبارێک و نانی نیوەڕۆ دەخۆین و ڕێگای سماقوڵی تەی دەکەین، دونیا ڕەنگی سەوزی پۆشیوە و بەهار تەقەی داوە لە دڵمان، دەریاچەی سماقوڵی ئاوێکی سازگار و جوان، دیمەنێکی ناوازە تێکەڵ بە عەتری بەهار بووە، دەگەینە بازگەی سماقوڵی، برادەرانی بازگە بە ئۆتۆمبێلی خۆیان ڕێگاکەین ڕاگرتووە، "هاتوچۆ لەم ڕێگایەوە بۆ هەولێر ڕاگیراوە"، هۆکارەکەی لێدەپرسم، "دەبێ لە کۆیەوە بچنە ناو هەولێر چونکە لەوێ پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا دانراوە و دەبێت هەموو هاوڵاتییەک پشکنینی بۆ بکرێت پێش ئەوەی بچێتە ناو هەولێرەوە."

زۆر ماندووم، سەفەر بۆ خۆی هیلاکی هەیە، شەڕو فەرتەنەی ئارین و ئارێزیش مێشکی ماندووکردووم، بەڵام لە دڵەوە بە قسەی ئەو برادەرانەی بازگەکە دڵخۆش بووم، دڵم کرایەوە کە شوکر ئەمەندە بە گرنگییەوە لە خەمی تەندروستی خەڵکدان.

بێ یەک و دوو بە ڕێگای خۆماندا دەگەڕێیەوە، لە هەیبەت سوڵتانەوە بەرەو کۆیە خل دەبینەوە، کۆیە یەکێکە لە جوانترین شارەکانی هەرێمی کوردستان، قەرەباڵغی ناو شاری کۆیە دەبڕین و چاومان بە سەوزایی و بەهاری ڕێگای کۆیە - هەولێر دەگەشێتەوە.

لە بازگەی هەولێر نزیک دەبینەوە، قەرەباڵغییەکی زۆر هەیە بەڵام هەست ئەکەی زۆر لە چاوەڕوانیدا نامێنیتەوە، نزیکتر دەکەوینەوە، پاش چەند خولەکێک دەگەینە بەردەم برادەرانی بازگەکە، دەمامکیان بەستووە، بەخێرهاتنمان دەکەن و ڕێنماییمان دەکەن، کە لەولاترەوە ئۆتۆمبێلەکە پارک بکەین و بچینە لای لیژنەی پزیشکی بۆ پشکنیکی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دیارە زۆر بە شێوەیەکی ڕێک و پێک پرۆسەکە ڕێکخراوە بۆ ئەوەی زۆر هیلاکی دروست نەکرێت، کەمێ ئەولاترە، دوو برادەریتر بە ڕێزێکی زۆرەوە شوێنمان بۆ ئۆتۆمبێلەکە بۆ دەکەنەوە و دەوەستین و سێ پزیشک و کارمەندی تەندروستی بە زمانێکی شیرین پشکنینمان بۆ دەکەن و دڵنیاییمان دەدەنێ کە شوکر سەلامەتین. بازگەکە بەرەو هەولێر، بەجێدەهێڵین، پاش پێنج کاتژمێر ڕێگا بڕین دەگەینەوە ماڵی خۆمان،ماندوو و شەکەتین، بەڵام زۆر دڵخۆش بووم بەو ڕێککارانەی گیراونەتە بەر، بەو گرنگی پێدانە و بەو خەمخۆرییە، بە ڕاستی شیاوی نرخاندنە، پێم وایە ئەمە یەکێکە لەوکاتە دەگمەنانەی ئینسان هەست بە دڵخۆشی دەکات، کە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەم شێوەیە دەبینێت دڵسۆزانەو لێڕاوانە کار دەکەن بۆ پاراستنی هاوڵاتیان لەمەترسی تەشەنەکردنی ئەم نەخۆشییە، هیوای لەشساغی و تەندروستی باش بۆ هەموولایەک دەخوازم

# بەرد کوا دەمامک دەبەستێ؟

پابەندبوون بە ڕێکارە تەندروستییەکان و خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرنا هیچ نیە! ئێمە بەردین، بەرد کوا توشی نەخۆشی دەبێت، بەرد رەقە، کەی پێویستی بە خۆپارێزی هەیە، بەردتان بینیوە دەمامکی بەستبێ و دەستکێشی لە دەست بێ.

بەرد هەر بۆ شەڕ باشە، شەڕی قەوچەقانی و پەڕوینە، شەڕی گەڕەکاو گەڕەک، شەڕی دوو گوند، شەڕی دوو مەنتیقە، شەڕ لەسەر باڵەخانەکان و شەڕ لەسەر چاڵەکان و شەڕ لەسەر مزگەوتەکان و کەنیسە و تێمپڵەکان.

ئێمە بەردین، بەرد هەر بۆ وێرانکاری باشە، بەرد کوا ئەقڵی پێ دەشکێ، بەرد کوا هەستی دەجوڵێ، بەرد کوا دەگری، کوا خۆشەویستی دەزانێ، ئەو هەموو تەرمە دەکەون، ئەو هەموو گۆڕە پڕ دەکرێنەوە، بەرد کوا دەچێتە پرسە؟ بەرد خۆی بەڵایە، کوا بەڵا دەیگرێتەوە، تا پابەندی هیچ رەزمێک و هیچ بڕیارێک ببێ!

ئێمە زووتر توش بووین، پێش کۆرۆنا، حەر زۆر پێشتر، کاتێ جەنگ دابەشی کردین، کاتێ پەڕۆکانی تەوێڵمان لە جیاتی سەرسوکی توشی سەرئێشەیان کردین.

ئەو رۆژە توشبووین کە فەیس بووک هات، کاتێ رووە راستەقینەکان شاردرانەوە، ئێمە پێشتر ماسکمان بەست بەڵام نەک بۆ خۆپارێزێ بەڵکو بۆ ناوچاودێزی، ناوچاوی هەرکەس راستییەکی تیابوو، ئێستا کەس کەس ناناسێتەوە، فەیس بووک فێری درۆ و ساختەچیەتی و فێری قوڕبەسەری کردین، فێری کردین هەموو شت بین و خۆمان نەبین.

دینداریمان کرد بە ریا، سیاسەتمان کرد بە بەڵا، پەروەردەمان هەر بە زیندووی لە گۆڕنا، ئێمە زۆر دەمێکە تووشبووین، لەم فەیس بووکستانە کەس وەک خۆی ناناسیتەوە، نە باشییەکانمان و نە دڵخۆشییەکان و نە رەحمینیەکان، هەموویان پێچرانەوە، ئاخر تۆ شانزە ساڵە ماسکت بەستووە، ناوچاوت داپۆشیوە، دەم و لووت گرتووە، هیچ ... هیچ شتێکت لە خۆت ناچێ، ئێستا چ پێویستت بە ماسکی خۆپارێزی کۆرۆنایە؟

تۆ ماسکەکەی خۆت فرێدە، لە درۆزنی وساختەچییەتی و فێڵ بازی و شەڕەحزب و خۆخۆری و چەتونی و چاوچنۆکی و چاوبرسییەتی و رەزیلی و خەسیسی خۆت داماڵە، میلەت لە دەم و زمانت پارێزراو دەبن.

کاتێ تۆ خۆت کۆرۆنای گیانی میللەتی، کۆرۆنای سیاسەت و بازرگانی و کەسابەتی، چیت داوە لە خەڵک خەڵەتاندن!

# هاكا دیسانەوە قەوما!

تۆفانێكی ناوەخت، بوومەلەرزەیەكی زل یان وێرانكارییەك رووی تێكردین، ماڵ و حاڵ و بوون و نەبوونی تەفروتونا كردین، نەعرەتەی پێكایە ژیانمانەوە، جگە لە رۆحمان هەموو شتێكی لێ سەندین، هەندێكمان شەل و قەم بووین، دیسانیش برێ لە خۆشەویستانمان لە دەست دا، ئەم هاكایە دەزانی یانی چی؟

یانی هیچ شتێك لەم ژیانەدا هی ئەوە نییە وا خۆمان بۆ تێكداوە، بیهێننەوە بەرچاوی خۆتان، هەر چەند ساڵێك پێش ئێستە هیچمان نەبوو، شارۆكەیەك چەند جێبێك و لانكرۆزەرێكی حزبی و دوو سێ بەرازیلی و لادا زیاتر، مەگەر تەنیا چوارپێكان جووڵەیان هەبووایە، كارەبا هەر نەبوو یان زۆر كەم، چرای گڕسۆز و چراتۆر و لایتە دوو پیلییە ستیلەكان رووناكی رێ و ماڵمان بوون، رادیۆیەكی قیسارە و تەلەڤزیۆنێكی بیجینگی سوور یا پارسی زەردی ئێرانی هەموو دەنگەدەنگ و باسوخواسی ماڵەكان بوو، متیل و چەند جاجمێك قەنەفە و مەلیكیی ماڵان و رەفەیەكی لە تەختە دروستكراو بۆ كەوانتەری مەتبەخ و دانەیەكی تریش كە دیوارەكانی بۆ كون دەكرا، باشترین كەنتۆری نوێن بوو، جا باوەڵی ڕەنگاوڕەنگ یان سندووقی فیشەك لە ژێر رەفەكەوە بۆ جلەكان دادەنرا و بەتانییەكیش دەكرا بە پەردەی.

بازاڕی چەك و فیشەك و جلوبەرگی سەربازی قەرەباڵغترین مۆڵی شار بوو، شەوانی شەڕ ناڵەی خومپارە و ناپاڵم زریکەی دەخستە گەڕەکەکان و تێکەڵی قروسکەی سەگەکان و باعەی ئاژەڵەکانی دەکرد، هەر ماڵێکی دراوسێ مەوزیحێکی هەبووایە، ئیتر زەنگین بوون، چما ئاوەدانییەکی وای شەوی بۆردمان روو لە چ ماڵێك دەکات.

ئەوکات مامۆستاکانی قوتابخانە لە ریزدا شیعری حەماسییان بە قوتابییەکان دەگوتەوە، لە پۆلی چواری سەرەتایی و لە ریزی بەیانیاندا سروودی "بێ باك لە بەردەم سێدارەی دوژمن ... پەتی سێدارە دەخەمە گەردن"م دەگوتەوە و چەپڵەیان بۆ لێ دەدام، هاوڕێکەم ئەی مسوڵمانی کورد راپەڕینێی هەموو لەبەر بوو، ئازا و وت و وریا هەمووی دەگوتەوە، ریزەکانی قوتابخانە قورئان و زیکر و سروود بوون و هەفتەی جارێ نۆرەی گرووپەکەی ئێمە بوو.

هەردوێنێ بوو، هەموو شتەکانی ماڵەوە دەستکرد، زۆرینەی زۆری خواردنەکان هی باخ و زرعاتەکانی خۆمان و بەروبوومی ئاژەڵەکان بوون، دادە نەهیە و دایکم گوێرەکەکەیان ناو نابوو ماریمار، ئەوکات فیلمی ماریمار لە کەناڵی ئێستە شینەکەی حسك پەخش دەکرا و لە دراوسێکانەوە بیستبووی.

چما ئەم مۆدێرنەیە چ زوو هەموو شتێکی لێ تاڵان کردین، کەسمان تاقەتی یاری هەڵماقۆ و هەڵماتێن و رەسمێن و دووگۆڵی تۆپی باغەمان ماوە، کەس تاقەتی هەیە جارێکی تر باغە بتوێنێتەوە و سەردەستی بریندار بکات و دوو مەدالیای ناو شووشەی شرەقە دروست بکات، کەس بێزی دێ پێڵاوە لاستیکە کون یان

**توركییەكانی پینە بكات، كەس شارەزایی هەیە ئەگەر تۆپی لاستیك تەقی چی لێ بكەین و چۆن پینەی بكەین، چەند كەسیتر دوو پارچە باغە لە جیاتی محافز دەخاتە ناو گوێرەوییە خروسەكانیەوە تا ئەگەر شەقیان تێهەڵدا شین نەبێتەوە.**

**ئەمانە هەموویان رۆیشتن، ئەمانەی ئێستەش دەڕۆن، هاكایەكی تر بەسە، تا لێكززەكان لەم وڵاتە ئیتر تۆز نەكەن، ئایفۆنەكان ڤێرژنیان كۆتایی پێ بێت، فەیسبووك و ئینستاگرامەكان دابخرێن، سناپ و تیكتۆك قروقپیان پێ بكرێ، دیسان ناچار بین شەوانە لە جیاتی سەرقاڵی بە تەكنەلۆجیاوە بچینەوە ژێر زەوین یان مەوزیحێك و خەریكی گوێرەوەبازی و كڵاوێن بین و كاتەكانی پێ بەسەر بەرین.**

**ئەگەر دیسانەوە قەوما، هەموو شتەكان رێك 30 ساڵ چوونەوە دواوە، رووداوەكان دووبارە بوونەوە، تۆ كە لەبەر سەرقاڵیت دەرفەتی دیدارێكت نەماوە، لەبەر كەسابەتت مەكانی موحیبەتێكت نەهێشتووە، دەرودراوسێ و خزمەكانت نادوێنێ، لەگەڵ خێزان و منداڵەكانت دەبێ مەوعیدی یەكتربینین دابنێی، چیت بۆ دەمێنێتەوە، ئەم ژیانە هەر خەریكە دەڕوات و ڕەنگە دیسانیش دووبارە بێتەوە، ئەگەر وا بوو تۆ نە خانووەكەت لەگەڵتدا رادەكات بۆ كەرەجاڵ، نە ئۆتۆمبێلەكەت كەڵكی دەربەنجەی ڕاكردنێكی هەیە و نە مۆبایلەكەت بەو ئەشكەوتانەوە شەبەكە دەدات، ئەوەی لەگەڵت هاتووە، خۆتی و موحیبەت، خۆتی و باوەڕە جوانەكانت، ئەوەی هاتووە خۆتی و خۆشەویستی ناو دڵت.**

**چراتۆڕی دڵتان هەمیشە گڕ سەوز و رووناك بگەشێتەوە!**

# بۆچی هێرش کرایە سەر پزیشکەکە؟

"هەموو شۆڕشەکانیتر ڕابگرن، ئێمە پێویستمان بە شۆڕشی پەروەردەییە!"

تۆ کە هەر کەسێکی و هەر ئەوەنەی قەڵەمێکت بەدەستەوە بوو، کلیلی شوێنێکت بە دەستەوە بوو، کورسییەک لە ژێرتا بوو، پێت وایە ئەوەی ئیشی بە شوێنەکەت دەکەوێ کۆیلەیە و تۆش بەدڵی خۆت رایدەگری و عەزیەتی دەدەیت و کارەکەی دوادەخەیت و دەیچەوسێنیتەوە. ئێ دەی با ئاسایی وەرشیبگرین، ئەوەی مامۆستاکەی دایە بەرشەق، ئەوەی پۆلیسە هاتوچۆکەی کوتا، ئەوەی هێرشی کردووەتە سەر پزیشکە ئازیزەکە، کەسێکی ناتێگەشتووی وەک تۆ بووە.

بەرلە هەرشتێك، بە دڵنیاییەوە یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، بیرکردنەوەی ناتەندروست و خوێندنەوەی ناتەندرست و نووسینی ناتەندروست و تەنانەت بوونە-رۆشنبیری ناتەندروستە، ئاخر واقیعی نییە، ئەم هەموو بیرکەرەوانە هەبن و بارودۆخەکەیش هەروا نالەبار بێت. بۆیە راستکردنەوە یان راستاندنی جۆری بیرکردنەوەکان گرنگە، ئەوەش بەوە دەکرێت، بیرکردنەوەکان واقیعبینانە بن، ناکرێ بیرکردنەوەی واقیعبینانە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەمری واقیع جیانەکەینەوە، هەر خەریکیشبین سیاسیەتی ئەمری واقیع جێبەجێ بکەین نەك سیاسەتی واقیعبینانە. کە هاتینە

واقیعەکەوە ئیتر هەموو درك بە بەرپرسیارییەتی خۆی دەکات و دەربازبوونەکە ئاسانتر دەبێت.

ئێمە کێشەمان لە پەروەردەی تاکەکاندایە نەک هیچیتر .. بەڵێ پابەندبوون بە رێنوێنی تەندروستی و کارگێڕییەوە بە پێی شەرع و یاسا و هەموو عورفێک واجبە ... دەی کە تۆ پێت وایە فشەیە، درۆیە، فێڵی فلان و فیسارە، بە شەقیش لە ماڵەوە ناگیرسێیتەوە، خێزان و منداڵەکانت گیریان خواردووە بەدەستەوە، بزانە کێشەکەت پەروەردەیە نەک فەقیری و بێکاری.

راستکردنەوەمان پێویستە لەسەر هەموو ئاستەکان، تێگەشتنەکان بگۆڕین، بیرکردنەوەکان بگۆڕین، هەڵسوکەوت و مامەڵەکان بگۆڕین. ئەم سەردەمەی تێیکەوتووین، سەردەمی راستکردنەوە گەورەکەیە، وەک چۆن یۆڤاڵ نوحی رۆشنفیکری ئیسرائیلی لە دوایین وتاریدا نوسیویەتی: "لەم ساتی قەیرانەدا، کێشمەکێشە جەوهەرییەکە لەناو مرۆڤایەتیدا خۆیدا ڕوودەدات. ئەگەر پەتاکە ببێتە هۆی نایەکگرتوویی زیاتر و بێ متمانەیی لەنێو مرۆڤەکاندا، ئەوە گەورەترین سەرکەوتنی ڤایرۆسەکە دەبێت. کاتێك ڤایرۆسی شەڕەدەمی مرۆڤەکان دوو هێندە دەبێت. بەپێچەوانەیشەوە، ئەگەر پەتاکە ببێتە هۆی هەماهەنگییەکی نزیکتری جیهانی، ئەوا نەك بەتەنیا سەرکەوتن دەبێت بەسەر ڤایرۆسی کۆرۆنادا، بەڵکو سەرکەوتنە بەسەر هەموو نەخۆشییەکانی داهاتوویشدا."

(تۆ) ئەو کەسەی کە تەنیا ئەوکاتە راستگۆی، کە خۆت بە (درۆزن) وەسپ دەکەی، زۆر خراپە لە پێناو رقێکی شەخسی خۆمان خەریکی

کاولکاری بین و خاوەن دیدگاکانی وڵاتیش بکەینە قوربانی، لەوە خراپتر ئەوەیە بۆ زیادکردنی چوار لایک و پێنج بینەر خراپترین مادەی میدیایی بوروژێنین و خراپترین بەرنامە بخەینە سەرشاشەی تیڤی، سەرنج بدەن چ بەڵایەکە هەمووان خەریکی رووکەش و موزایەدە و چاوبەستکردنی گشتین، لەمانەیش خراپتر بێدەنگیمانە لەو شێواویەی بەناوی نیشتمان و میللەت و خوا و ئاین و نەتەوەوە دەوری تەنیوین، ئێمە پێویستمان بە چاکسازی و پاکسازی و پاکلەمەیە.

لە ڕاستیدا ئەم وڵاتە پڕە لە مرۆڤی جوان، بەڵام ئەوە پەروەردەی سەقەتی چەند تاکێکە خەریکە هەمووان ناشیرین دەکەن، زۆر جوانە ئەو پزیشکەی کارەکەی بە باشی دەکات نەک بازرگانیی، زۆر جوانە ئەو مامۆستایەی کارەکەی بە هەڵسوکەوتی بەرزەوە دەکات، زۆر شیرینە ئەو نانەوایەی سوتوی جگەرەکەی ناکاتە ناو هەویرەکەوە، زۆر ئازیزە ئەو پەرلەمانتارەی تەنیا خەمی گیرفانی خۆی نییە، زۆر بەڕێزە ئەو شۆفێرەی تاکسیەکەی پڕ کردووە لە هەڵسوکەوتی جوان، زۆر کەشخەیە ئەو فرۆشیارەی زوو زوو چێکی ماوەی بەسەرچوونی شمەکەکانی دەکات، زۆر نازارە ئەو کەسەی شەوان خواردن بەسەر ماڵە هەژاراندا دابەش دەکات، زۆر مەردە ئەو کەسەی گیرفانی گەنجێک گەرم دەکاتەوە و هاوسەرگیری بۆ ئاسان دەکات، زۆر سەربەرزە ئەو کەسەی جزدانی بەتاڵی خوێندکارێک پڕ دەکات، زۆر سەرفرازە ئەو کەسەی دەفتەری قەرزی دوکانەکان سپی دەکاتەوە، زۆر گەورەیە ئەو کەسەی خوا و خەڵک لە خۆی ڕازی دەکات.

**لە کۆتاییشدا بەڵێ هۆی سەرەکی ئەزیەتدانی پزیشکە بەڕێزەکە نەبوونی پەروەردەیەکی دروستە، کە وا بکات هەمووان هەست بە بەرپرسیارییەتی خۆیان و دەوروبەریان بکەن، هەموو بزانن پێکەوە خەریکی ئەرک و خزمەتن، ئەم کۆمەڵگەیە وەک چۆن ئێستە کەرەنتینی گشتی کراوە، پێویستی بە پەروەردەکردنەوەی گشتییە.**

**بە دڵنیاییەوە دەڵێم پاش کۆرۆنا، ئێمە پێویستمان بە گسکدان و کوزەماڵ و پاکلەمەی ناوماڵی کوردستان هەیە، پێویستمان بە راستکردنەوە هەیە و پێویستمان بە تەوزیفکردنی کێشەکان و بە تۆخکردنەوەی ناسازییەکان هەیە، تا بیانسازێنین، دەبێ کۆتایی کۆرۆنا سەرەتای گەرمبوونەوە و ورەبەرزی و قوڵهەڵماڵین بێت بە ئاڕاستەی کۆتاییهێنان بە پەروەردەی ناتەندروست و بڵاوکردنەوەی گومان و درۆ و چەواشاکاری لەسەر ئاستی کۆمەڵگە.**

# لەمدیوی دەرگاکەوە چی دەگوزەرێ؟

پیاو دەبێ لە خەمی شەخسییەتیدا بێت، وا مەکە عەیبە، ئەوە چیتە شەرم بکە، حەیامان مەبە، وا مەڕۆ بە ڕێدا، رۆڵە وا مەکە، ژنەکە ئەو جلانەت عادەتی نین، بەخوا قژم زۆرە رووم نیە بچمە دەرەوە، جلەکانم کۆنن با نەچمە دەرەوە، عەیبە پارەمان نیە شتیان بۆ بکڕین با نەچینە ماڵی برادەرەکەت، وەڵاهی شەرمە بە دەستی خاڵی ... تاد، ئەمانە ئەو قسەو و قسەلۆک و رەخنانەن تۆ کە تەمەنت سی ساڵە، سی هەزار جار وتووتە یان گوێت لێبووە. ئەی ئێستە چی؟

دوو هەفتەیە لە ماڵەوەین، لەمدیوی دەرگاکەوە، بە قژی دژراو و ریش و سمێڵی زۆرەوە، بە جلی ماڵەوە، دوو هەفتە سادە سادە بوینەتەوە، نە کەسی غەیرە دەبینین و نە کەسیتری بێجگە خۆمان دێتە ئەمدیوی دەرگاکەمانەوە.

ئێستا هەموو بۆ خۆمان دەژین، دەی تکایە با هەڵسوکەوتمان لەگەڵ خێزان و منداڵەکانماندا جیاواز بن.
د. موعەزەمی دەیوت "تکایە منداڵەکانی خۆتان وەک میوانە دراوسێکانتان سەیر بکەن"، هەموو شتێ مەڵێن و هەموو هەڵسوکەوتێک مەنوێنن، تەریقیان مەکەنەوە، دڵیان مەشکێنن، خۆشەویستی بە زۆر نییە، بەڵام زۆر زۆرە، خۆشەویستی قورس نیە بەڵام سەنگێکی زۆر قورسی هەیە.

با به خۆشەویستی بژین، بیر بکەینەوە و هەڵسوکەوت بکەین، کارمەندانی تەندروستی لە نەخۆشخانەکاندا خزمەت دەکەن، هێزەکانی تەناهیی ناهێڵن بچینە دەرەوەی دەرگای حەوشەکانەوە، دەی ئەوە ئێمەین پاڵەوانی مەیدان و شاهەنشای ماڵەوە و شاسواری خەونەکانی ئەمدیوی دەرگاکان، پیاوەکان پادشا و خاتوونەکان شاژن و منداڵەکان شازادەن، ژیانێکی شاهانە بەرێ بکەن، پێش ئەوەی لێمان تێکبچێ، بە ڕاستی من زیاتر لە کاریگەری کۆرۆناکە خەمی تەندروستی دەروونی و هەڵوەشانەوەی شیرازەی خێزانەکانمە. ئومێدمە هەموولایەک دڵخۆش و کامەران بن.

# ئاو لە بێژنگ نادرێ

**یەکەم**

**خراپترین رۆشنبیر ئەوانەن کە ژەهر دەڕێژن، ژەهری دابەشکاری و تۆخکردنەوەی کاستەکان، ژەهری فراوانکردنی پانتایی جیاکارییەکان، ژەهری رقلێبوونەوەی هەموو پیرۆزییەکان، ژەهری بێنرخکردنی ئازادییەکان، ژەهری شووشتنەوەی مێشکەکان، ژەهری هاوردەی ناساز و ناشایستە و نەگونجاوی کەس نازانێ هی کوێ.**

**توخمێکی سەیرن بە ناوی ئازادییەوە ئاین دەخنکێنن، بە ناوی نیشتمانەوە هەموو پیرۆزییە نیشتمانییەکان دەپچڕێنن و بە ناوی دیموکراتی و لیبراڵەوە، رێزە کۆمەڵایەتییەکان تەفروتونا دەکەن.**

**دووەم**

**ئێمە لەو خەمانەمان هەیە کە زەرد نابن، زستانێك دەیانکات بە ژێر بەهمەنی بەفرەوە و بەهارێك سەوز دایاندەگیرسێنێتەوە و هاوینێك گەرمیان دەکاتەوە، کەچی پایز هەر کۆڵەوارە بە دەستیانەوە، نە پێیان دەوێرێ و نە دەتوانێ زەردیان بکات و نە دەشتوانێ بیانوەرێنێ.**

**ئێمە لەو خەمانەمان هەیە لە توخمی ئەستێرەی ئاسمان، خۆر و مانگ شەڕی خۆیان دەکەن، ئەمان هەر بریسکەیان دێ. چ خەمێکمان هەیە ئێمە، 40 ملیۆن مرۆڤی پێ دەچەوسێتەوە و نابنە خاڵێکی کاڵی سەر نەخشەیەکیش، نا... نابنە سەردێڕی هەواڵ و تەنانەت ناچنە دێڕی شیعرێکی جیهانیشەوە... ئەم خەمانەی ئێمە لە مەعدەنی نەتوانەوە و نەلەخشان و نەتۆران و نەپووکانەوەن، دڵنیام رۆژێ "خەڵاتی نۆبڵی خەم" ئێمە دەیبەین.**

سێیەم

لە هەموو جەنجاڵییەکاندا هێشتا بایی مەرحەبایەك مانەوە و بایی نیگایەك چاو و بایی خەیاڵێك شیعر ماون بۆ ریزبوون، ئەها خۆیان داوەتە ریزبوون لەژێر تابۆ فەرهەنگییەکان، من دەزانم یاقووت لێرە نادۆزرێتەوە و قارچك لەسەر بەرد هەڵناتۆقێ و حەکایەتیش تەنیا لای ئاگردانەکان قەدری خۆی دەدۆزێتەوە... بیرم لای ئەو هەموو دێڕانەیە نووسران و وەك نووسەرێکی نائاشنا بوومە خاوەنیان و خوێنەرەکەیش هەر نائاشنا مایەوە، بیرم لای هەموو ئەو هەنگاوانەیە نران و ئەو هەموو پووتانە دڕان و هێشتایش رێیەکە هەر نەبڕاوەتەوە ... ئاخر ئاو هەرگیز لە بێژنگ نادرێ.

چوار

بیرتانە؟ شتێکتان بە ناوی رێز و نرخاندن و دەستخۆشی و پێزانین و جوانبینی و پیرۆزی نەهێشت، ئەوەی ناوی بەها "قیەم" بوو پایەماڵتان کرد، ئەوەی ناوی گەشبینی بوو تیرۆرتان کرد، هەر بیرکردنەوەیەکی تەندروست هەبوو کردتان بە خیانەتکار، هەر جۆرە دڵسۆزی-نواندنێك هەبوو ناوتان نا دەستەمۆ، نووسەرێکی هاوسەنگتان نەهێشت و هەمووتان کرد بە جاشقەڵەم، چیتر ماوە بیکەن؟... هەمووی دێتەوە سەر رێ، ئەی هەموو ئەوانەی کۆرسی فێرکردنی جنێو و تەشهیر و تەخوینتان کردەوە و بودجەتان بۆ تەرخان کرد، موجامەلە و موزایەدەی ئەمڕۆ، بەرهەمی فکری و پرۆژەیی پاکێجی شۆڕشی پۆپۆلیستی زرمەی ئۆپۆزسیۆنە لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆیدا.

پێنج

کوردستان تەنیا خۆی دڵسۆز و خەمخۆری خۆی بووە و هەر خۆیشی دەتوانێ خۆی بپارێزێت، لە هەر شتێك و هەر لایەنێك و هەر هەڕەشەیەك. ئەم ڕاستییە دەبێ هەمووان بیزانن، بە خۆمانەوە و ئەوانەی بەڕاستی دۆستمانن و ئەوانەیشی بانگەشەی دۆستایەتی دەکەن.

شەشەم

بەداخەوە رۆژ بەڕۆژ بێهیوایی زیاد دەکات و بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، خەڵکێکی زۆر خەریکە دەچنە چوارچێوەی ئەو بیرکردنەوە و بیروباوەڕ و قوتابخانە فکرییانەوە کە بە "پووچگەرا/هیچگەرا" ناوەزد کراون، ئەم بارە کۆمەڵایەتی-سیاسییە ئەوەندەی بەرپرسیارێتی تاك و سەرپەرشتیاری خێزانەکانە، ئەوەندە ئەرکێکی رێکخراو و دەوڵەتیی نییە، خۆسەرقاڵکردن بە ژیانی خەڵکی تر و چاوتێبڕینی ئەوانی تر و ڕەشبینی بەردەوام و بە هیچ ڕازی نەبوون، خراپترین هەنگاوەکانی ئەم کەشەن.

هەموومان لەسەر ئاستی تاك بەرپرسیارین لە خۆکوشتنی گەنجێك و لە دواین هەناسەی کەسێك کە نایداتەوە. لە 15 ساڵی رابردوودا سەرکردە و میدیاکار خراپترین ڕۆڵیان گێڕاوە لە بڵاوکردنەوەی ڕەشبینی و بێهیوایی، کاتی ئەوەیە هەنگاوە پێچەوانە تەندروستەکە بنرێتەوە.

حەوتە

ئەم ڕێیە و ئەم خەباتە زۆر قورسن، جنێوت پێ دەدەن، کافرت دەکەن، تەشهیر و تەخوینت دەکەن، لەناو ماڵ و منداڵ و گەڕەك و کۆڵان و مەجلیسی زیکرەکانیاندا دەتکەنە قوتبی مەوزووع، خۆیان

**پێ فریشتە و تۆیان پێ شەیتانە، مێشەکانی تۆ دەکەنە گامێش، وەستای قسانن، شارەزا و بلیمەت و داهێنەری خراپترین زاراوە و بەدترین وشەن، ئەوان دەیانەوێ هەر بە زیندوویی سەرت ببڕن، ئەوان دەیانەوێ بتسڕنەوە، ئەوان باوەڕیان بە خوا و ئازادی و مافی مرۆڤ و ڕێزی بەرانبەریش هەیە، ئەوان یەکپارچە بەڕێزن.**

]

# بۆچی حکوومەت ناتوانێ مووچە دابەش بکات؟

**کۆرۆنا لێرەیە، بە تەنیشتمان بە کۆڵان و گەڕەك و گوند و شارەکانماندا دەسووڕێتەوە، گومان کەوتووەتە سەر هەناسەدانیشمان، تەوقە و ماچ و سەلام و کەلاممان ڕاگرتووە، ئۆتۆمبێلەکانمان لە گەراجەکاندا پارك کردوون، بازاڕ و شەقام و مارکێت و ژیان وەستاون، ئەمە پابەندییە، خۆپارێزییە لە زیاتر تەشەنەسەندن و تووشبوون بە ڤایرۆسەکەوە، خوا هەموو لایەك بپارێزێت.**

**کاتێ دەستخۆشی لە حکوومەت و لایەنە پێوەندیدارەکان دەکەین لە بڕیار و ڕێنوێنیی و ڕێکارەکانیان، لە بەدەمەوەچوونەکانیان، لەنگییەك هەیە! کاتێ داوای مانەوە لە ماڵ و هاندان بۆ پشووی گشتی و پابەندی گشتی دەکەین، لەنگییەك هەیە! کاتێ سەیری وێنە گەورەکە دەکەین، لە چەند لایەکەوە لێی ورد دەبینەوە، لەنگییەك هەیە، بەڵێ کێشەیەك هەیە! بۆچی حکوومەت ناتوانێت مووچە دابەش بکات؟**

**وەزارەتی دارایی ڕاگرتنی مووچەی ڕاگەیاند تا ئەوکاتەی بەرچاویان روون دەبێتەوە لە بابەتی کۆرۆنادا، خەڵکی کەمدەرامەتی کوردستان داهاتیان لەو کرێکارییە رۆژانەدایە کە دەستیان دەکەوێ، دەی کە ژیان وەستاوە، کرێکاری کوا؟ پارەش نامێنێ؟ ئێ ژیان زەنگۆڵێ تر قورسترە بۆ ئەوان، ئێستە نزیك دەبینەوە، پارچەیەکی تری وێنەکەمان دەست دەکەوێت، بەڵێ لەنگییەکە لێرەدایە؟**

بەداخەوە پاش سی ساڵ حوکمڕانی، ئێمە نوقسانی و کەموکورتیمان زۆرن، پێشتر لە وتاری (سی پرسیار بۆ سی ساڵ حوکمڕانی!) دا زۆربەیانم روون کردووەتەوە. بەڵام ئەوەی ئێستە لە هەمووکات زیاتر زەق دەبێتەوە، ئەوەی زیاتر بووەتە ملۆزمەی لەنگییەکان و ناتوانین بە دڵگەرمییەوە رووبەرووی تەنگژە و بەڵاکان ببینەوە، نەبوونی سیستمی بانکی یە لە هەرێمی کوردستان!

دەزانن پاساوی وەزارەتی دارایی لە ڕاگرتنی مووچە چی بوو؟ روونکردنەوەی دووەمیان باسی کردووە، چونکە پێیان وایە، دابەشکردنی مووچە تێکەڵاوی دروست دەکات و ئەوەش دژی ڕێنوێنی و ڕێکارییە تەندروستییەکانە دژبە پەتای کۆرۆنا.

گوتەبێژی وەزارەتی دارایی لە رونکردنەوەکەدا دەڵێت، "ئەو خشتە مووچەیەی کە بڕیار بوو رۆژی یەکشەم ١٥-٣-٢٠٢٠ دابەش بکرێت، ناتوانرێت لەو رێکەوتە دابەش بکرێت و لە رۆژانی دواتر دابەش دەکرێت؛ چونکە بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆوە، نە پێشمەرگە ئازیزەکانمان دەتوانن هاتوچۆ بکەن نە بانکەکانیشمان دەتوانن دەوام بکەن؛ بەڵام بەداخەوە ئەم بابەتە لەلایەن هەندێك لایەن و بەرپرسی نابەرپرسەوە بۆ موزایەدەکردن بەلارێدا براوە، بە جۆرێك کە دەیانەوێت تەندروستی و سەلامەتیی خەڵکیش بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکار بهێنن." دەی ڕێگری لە قەرەباڵغی دابەشکردنی مووچە ئەوەندە سەخت نییە، سەختییەکە ئەوەیە ئێمە فریا نەکەوتووین و نەمانتوانیوە سیستمی بانکی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەین.

دەزانن ئەگەر ئێستە حکوومەتی هەرێم بڕیار بدا وەك كەنەدا دیارییەك بداتە دانیشتووانی هەرێم بۆ ئەوەی لە ماڵەوە دانیشن و كێشەی مادیشیان نەبێت، ناتوانێ بیدات؟ نازانێ چۆن بیدات؟ ئێمە حکوومەتێکی پێنج ملیۆنین، بەڵام جگە لە فۆڕمی بایەعی هیچ داتایەکمان نییە لای حکوومەتی هەرێم؟ ئەگەر حکوومەت بڕیار بدات هەر تاکێکی هاووڵاتی تەنیا 100 هەزار دیناری پێ بدات، دەبێ وەك نۆرەی نەوت و نۆرەی غاز و بەنزین نۆرەی بۆ بگرین؟ دەزانن ئەوکاتیش زۆرێك هەن ناویان لە لیستەکاندا نین؟ ئاخر ئەوان تەعین نین، مووچەخۆر نین، بێکارن، هەژارن، دەی 100 هەزار دیناریيەكانی حکوومەت دەچێتە گیرفانی کێوە؟

لە ئێران حکوومەت دوودڵنیایی دایە خەڵکەکەی، یەکەم هاوکارییەکی مادیی دەچێتە سەر حیسابەکانیان، دووەم بەشە بەنزینی ئەم مانگەیان نافەوتێت و لە وەرزی گەشت و سەیراندا بۆیان سەرف دەکرێتەوە. ئێران وڵاتێکی سەروو هەشتا ملیۆنییە، بەڵام سیستمی بانکی وای کردووە، ئەگەر سەرۆکی کۆمار بیەوێت 10 هەزار تمەن بداتە هاووڵاتییەکی دانیشتووی گوندی بندوڵی هەورامانی رۆژهەڵات، هەر ئەو چرکەیە دەچێتە سەر حیسابەکەی؟!

نەبوونی سیستمی بانکی زیانی گەورەی لێ داوین، "تێبینییەکان لەسەر حەڵاڵی و حەرامی مامەڵەکان جێی بایەخن و چارەسەریشی لای زانا ئیسلامییەکان و لیژنەی فەتوا هەیە." ... نەبوونی سیستمی بانکی وای کردووە ئێستە خەڵك گومانیان هەیە کە حکوومەت هەر نایەوێت مووچە دابەش بکات، نەك لەبەر تەندروستی خۆیان دوای خستووە، نەبوونی سیستمی بانکی وای کردووە، حکوومەت نازانێ

داهاتی تاك چەندە؟ دەوڵەمەندەکانی ئەم وڵاتە چەند پارەیان هەیە؟ بەرپرسەکانی ئەم وڵاتە چەند ژێر زەوین فەردە دۆلاریان هەیە؟ حکوومەت نازانێ ئەگەر بیەوێت دیارییەکی 100 هەزار دیناری خۆپارێزی کۆرۆنا بداتە دانیشتووانی وڵاتەکەی بیداتە کێ؟ چۆن بیدات؟ ئەگەر کەسانێك بیانەوێ هاوکاری حکوومەت و دامەزراوە تەندروستییەکان بکەن، چۆن بیکەن؟ چونکە هەر موزایەدەی لێ دەکەوێتەوە! کورت و پوخت کێشەکە ئەمەیە کە ئێمە سیستمی بانکیمان نییە تا بزانین چۆن دەژین؟ چیمان هەیە؟ چیمان دەبێت؟ چۆن مووچە وەربگرین و نەچینە قەرەباڵغییەوە و تووشی کۆرۆنا نەبین؟

کابینەی ئێستەی حکوومەتی هەرێم، ئەرکی قورسی لە پێشە، کاری گەورە هەن دەبێ بیکات، بۆیەش هەر هەنگاوێکی باش کە بتوانێت بیگرێتەبەر، دەبێ لە بەرژەوەندی گشتیدابن، کێشەی زۆری کەڵەکەبوو بەجێ ماون، بۆیە تەنگژەکان چەندە سەختن، چارەسەرکردنیشیان ئەوەندە سەختە، بەڵام مەحاڵ نییە!

# لەم دۆخەدا چۆن مامەڵە بکەین؟

ئەگەر سەرنجێکی واقیعی هەرێمی کوردستان بدەین و لە چنگەچنگی ژیانی ڕۆژانەی ورد ببینەوە، تێفکرینێکمان پێویستە کە نە هیچ خۆلادانێك دەیگرێتەوە و نە هیچ دەرچەیەکیش هەیە بۆ خۆدزینەوە، بەرپرسیاریەتیی گواستنەوەی گوفتارە بۆ کردار و گواستنەوەی تێزە بۆ کردەنی، وەك چۆن شەو بۆ پشووە و ڕۆژ بۆ کارە، ئاوا دەبێ بڵێین بارودۆخەکانیش کاریان پێویستە، قسەیەکی کورتیش لەسەر چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکەین.
لەم سۆنگەیەوە و لە گەرمەی شڵەقانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بێ هیوایی گشتی و بڵاوبوونەوەی بێومێدی تەنانەت ئومێدەوارەکانیش، جیاکردنەوەی ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکان و کارکردن و بۆ ڕۆشنکردنەوەی تێزەکان و خستنەکاریانەوە، ئەرکی لە پێشینەی زۆرینەیەکە کە تەندروست بیر دەکاتەوە.
بەرلە هەرشتێك، بەدڵنیاییەوە یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، بیرکردنەوەی ناتەندروست و خوێندنەوەی ناتەندرست و نووسینی ناتەندروست و تەنانەت بوونە ڕۆشنبیری ناتەندروستە، ئاخر واقیعی نییە ئەم هەموو بیرکەرەوانە هەبن و بارودۆخەکەش هەروا نالەبار بێت.
بۆیە ڕاستکردنەوە یان ڕاستاندنی جۆری بیرکردنەوەکان گرنگە، ئەوەش بەوە دەکرێ کە بیرکردنەوەکان واقیعبینانە بن، ناکرێ بیرکردنەوەی واقیعبینانە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەمری واقیع جیا

نەکەینەوە، هەر خەریکیش بین سیاسەتی ئەمری واقیع جێبەجێ بکەین نەك سیاسەتی واقیعبینانە. کە هاتینە واقیعەکەوە، ئیتر هەرکەسێك درك بە بەرپرسیاریەتی خۆی دەکات و دەربازبوونەکە ئاسانتر دەبێت.
ئێمە رۆشنبیرمان زۆرە، رۆشنبیری ئاینی و سیاسی و کۆمەلاَیەتی و فیکری و.. تاد، بەلاَم رۆشنبیری کونجی زانکۆ و ژێر سەقفی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند و دیوارێکی ئاخنراو بە بڕوانامە، هێزێکی پێویستە بیگوازێتەوە بۆ سەرشەقام، قاتەکەی چڵکن بکات و بۆینباخەکەی هەڵتەقێنێ و ملیوانی کراسەکەی ڕەش داگیرسێنێ.
هێزێکی پێویستە وشەکانی بۆ تەختەی ڕەق و بۆ ناولەپی دەفتەرەکان نەبن، پێویستە ئەم هێزە تەریب بێت بە خواست، خواستی تاك و خواستی گشتی، "شۆڕش" بە -ش- دەست پێ دەکات و بە -ش- بەکۆتا دێت، کەواتە شیاوی و شایستەیی دەبێ تێدا بێت.
کاتێك رۆشنبیران و زانایان دەبنە میراتگری پەیامبەران، کەواتە ڕۆشنبیر پێناسەیەکی تر وەردەگرێ، پێناسەیەکی واقیعیانەتر، ڕۆشنبیر پەیامی بۆ نایەت تا پێویست بێ بچێتە ئەشکەوتەکانەوە، بۆیە شوێنی گەشە و نەشونمای ڕۆشنبیر سەرشەقامەکانە، گواستنەوەی گوتاری ڕۆشنبیریش لە تەنیا یەك قسە و یەك وتاری هەینی و یەك پریزێنتەیشن و یەك سیمپۆزیەمەوە ناگاتە شوێنی خۆی، ڕۆشنبیر یانی سادەیی و یانی دڵفراوانی و یانی تووڕەیی و یانی بوونە هی خەڵك.
ئێستە کە دوژمنی گەورەی ئێستەیی و ئانی کورد کە داعشە کۆتایی هاتووە و خاکی کوردستان لێیان پاك کراوەتەوە، ئێمە پێویستمان بە گسکدان و کوزەماڵ و پاکلەمەی ناوماڵی کوردستان هەیە،

**پێویستمان بە راستکردنەوە هەیە، پێویستمان بە تەوزیفکردنی کێشەکان و بە تۆخکردنەوەی ناسازییەکان هەیە تا بیانسازێنین، دەبێ کۆتایی داعش سەرەتای گەرمبوونەوە و ورەبەرزی و قولْهەڵماڵین بێت بە ئاراستەی کۆتاهێنان بە جیاکارییە ئایدولۆجی و ڕەگەزیی و بنەماڵەیی و و جیۆگرافییەکان، ئابلۆقەدانی توندڕەوی و تۆخکردنەوەی ئینسان شکۆیی، ئەمەش ئەرکی یەکەمی رۆشنبیرانە.**

**شۆڕشەکانی سەرزەوی ڕۆشنبیریان هەبووە و ئەوانیش داینەمۆ بوون بۆ حزبەکان تا شۆڕش سەری گرتووە، کەواتە تا وەك کانی لە شاخەکانی کوردستانەوە و ڕۆشنبیرەکان لە زانکۆکانەوە نەتەقن، نە شۆڕش دەبێتە خاوەنی ڕۆشنبیر و نە کوردیش دەبێتە خاوەنی قەوارەی خۆی!**

**لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناشدا، زیاتر لە هەر کاتێك ئێمە پێویستمان بە پابەندی زیاترە، با ئاگامان لە یەك بێت و خۆبپارێزین بە ورەیەکی بەرز و تەندروستییەکی بەرزەوە، پابەندبوون بە ڕێنوێنییە کارگێڕی و تەندروستی و تەناهییەکان لە خۆپارێزی، ئەرکی سەرشانی هەموومانە!**

# سلێمانی یەکەو نابێ بە دوو!

ڕۆژێکی هاوینە و گەرماییەکی پڕوکێنەر، هەر چەند دەقەیەک دەچیتە دەرەوە تا موبەریدەکە پڕ بکەیتەوە لە ئاو، یەکپارچە عارەق لە ناوچاوتەوە دێتە خوارەوە، خەتەکانی تەوێڵت دەڵێی جۆگەلەیان هەڵبەستووە، شەکەت و ماندوو لە ژووی پشت هەیوانەکەدا لێی ڕادەکشێی، منداڵەکان لە هەیوانە سێ بە پێنجەکەیا خەریکن یاری ئەکەن، خانووەکە دەستووری کۆنە، ژوورێکی میوان و هەیوانێک و ژوورێکی پشتەوە.

ماڵەکەتان، جامخانەیەکی ئاسنی هەیە، ئەها لە ناوەڕاستەکەدا پایەیەکی پێوەیە، وا دیارە جامخانەکە ڕەنگی شین بووە بەڵام ئێستا کاڵ بووەتەوە، لەو کراسەی کوڕەکەت ئەچێ لە برا گەورەکەیەوە بۆی ماوەتەوە و کرچ بووەتە، چێشتخانە و دەستشۆر لە حەوشەکەدان، دوو مەترێک چیمەن بووەتە تەختایی سێبەری دارمێوەکە، حەوزێکی بچوکیش لە نزیک دەرگای حەوشەکەوەیە و دوو دەبەی یەک لیتری دۆ و سەتڵێ ماستی تیایە بۆ خۆیان هەڵدەپەڕن، لە لێواری چیمەنەکەدا مەرکانەیەک ئاوی خواردنەوە دانراوە و پەرداخێکی فافۆن بە پەتێک بەستراوە بە لێوەکەیەوە، بە دەم خەیاڵی پەیداکردنی کرێی خانووی ئەم مانگەوە، چاوت قورس دەبێت و سەرت دەخەیتە سەر گۆڤارە فارسییەکەی بەردەمت، شیعرێکی حسین جنتی بەرچاوت دەکەوێ و دەست دەکەی بە خوێندنەوەی، تۆ کە ماندوو ئەبی یان دەخەوی یان دەخوێنیتەوە، بەشکو ئارامیت پێببەخشێ و تۆزێ سەرت سوک کات.

خوڕەی باران دێ و چەترەکان دەکرێنەوە و هەڵدەدرێن، هەر کەسەو خۆی داوەتە پەنایەکەوە و چەند کەسێکیش بە بێ چەتر فڕکان فڕکانیانە، خەیاڵی تۆ بە درێژایی شەقامەکەدا سەردەکەوێ، واقت وڕماوە و چاوت بڕیوەتە تەڕایی شەقامەکە، باراناوەکە خۆڵی حەوت کۆڵان سەروتری لەگەڵ خۆی هێناوە، لەرزێک ئەتگرێ، کەسێک خەریکە بە گیانتا سەردەکەوێ، وەک بڵێی پرسیارت لێدەکا، فولکەیەکی شار ماوە نەگەڕابی و حەسرەتێکی تیا سەوز نەکرابێ و دەردێکیان تیا نەچاندبێ؟ دیسان بیرت ئاڵۆز دەبێتەوە، ئاها سلێمانی شاخاوییە بەڵام دەردەکان بەیانیانیش ڕێگای ئەزمەڕ و گۆیژە دەگرنە بەر و بە ناوی پیادەڕەوییەوە، هەرخەم و داخە ئەدا لە شاخ، خۆتت لێ دەبێتە شاعیرو خەریکی لە خەیاڵاتدا شیعری ناو ماڵ دەنوسیتەوە،کەچی سەدان درز خەریکە دەکەوێتە هەیوانی ماڵەکەتان و دیوارەکان شەقیان بردووە، دیسان چاو ئەخەیتەوە سەر بازاڕەکە، بازاڕ جمەی دێ و شت هەر گران دەبێ و بێ موچەییە، کە دەچیتەوە ماڵەوە، شەکەت و ماندوو، خەو دەتبا بەلادا و  خەو دەبینی، "پارەی دەوڵەمەندەکان جزمەی لە پێکردووە و  خەریکە بەسەر پشتی هەژارەکاندا سەردەکەوێ"، لە خەو ڕادەپڕی، خوایە بەخێری بگێڕی، خەیاڵت خاو خاو بووەتەوە، دەڵێی پەژمە و شەی کراوە، دیسان پرسیار، جوجەڵەکانی بیروباوەڕت لە کوێ بشاریتەوە گومان وەک پشیلە خەریکە بە دیواری ئیمانتا سەردەکەوێ، شەو خەریکە کۆڵ دەپێچێتەوە و نۆرەی مەراقەکانی ڕۆژە و خەیاڵت ئارام ئارام لە شەقامەکەیترەوە دێتەوە خوارەوە و چیرۆکی شاری لەبەر کردووە.

**تەقەی دەرگا ئاسنەکە ڕاتدەچڵاکێنێت، خێزانت پەرداخێکی ستیل ئاوی بە دەستەوەیە و لەسەر سەرت وەستاوە، "پیاوەکە ناڵەت دەهات زانیم خەوت دەبینی، وتم با خەبەری بکەمەوە"، ئاوەکەی لێدەگری و یەک قوم هەمووی دەخۆیتەوە.**

**کچەکەت دێتە ژوورەوە و تۆ هێشتا هەر واقت وڕماوە، "باوکە سبەینێ تاقیکرنەوەی مێژووم هەیە، تۆزێ یارمەتیم ئەدەی؟" هێشتاش هەر دەڵێی بەنج کراوی، دێڕێک زیاتر نایێ بە خەیاڵتا و وەڵامی کچەکەت دەدەیتەوە، کچم بۆ هەر چوار پرسیارەکە بنوسە "سلێمانی هەر یەکەو نابێ بە دوو".**

Momen Zellmi